WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (369) دووشەممە 2015/8/3 12ی خەرمانانی 2715 (750) دینار

## ئەمساڵ کوشتنی ژنان 54% زیادی کردووە

**ڕووداو– سلێمانی**

ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەریدەخات کە توندوتیژی دژی ژنان ڕوو لە هەڵکشانە. جگە لە دەستدرێژی، توندوتیژییەکانی دیکەی وەک کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتاندنی ژنان زیادی کردووە، بە جۆرێک کوشتنی ژنان بە ڕێژەی 54% زیاد بووە.



بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 31 ژن بە بیانووی جۆراوجۆر کوژراون، لە کاتێکدا شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 17 ژن کوژرابوون.

لە کوشتنی ژناندا هەولێر هەر لە پلەی یەکەم ماوەتەوە، بە جۆرێک شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لەو پارێزگایە 9 ژن کوژرابوون، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ژمارەکە زیادی کردووە بۆ 12 قوربانی.

جگە لە سۆران کە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ و پارساڵ یەک حاڵەتی کوشتنی تێدا تۆمار کراوە، لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کوشتنی ژنان زیادی کردووە.

14 »

بەهۆی کەمکردنەوەی مووچەی سێ سەرۆکایەتییەکە

### ساڵانە 85 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە

8

### ڕاپۆرتی لێژنەی کەوتنی مووسڵ ناوی بەرپرسانی کوردی تێدایە

4



ئەبوبەکر هەڵەدنی:

### داوا دەکەم یەکگرتوو لە حکومەت بکشێتەوە

5


قاسم سولەیمانی لەگەڵ پارتی، یەکێتی و گۆڕان کۆبووەوە

ئەندامێکی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان:

# 60% شانسی ئەوە هەیە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی ببێتەوە

3 »







بەفراو نوری

### مردن و خۆشەویستی لای ئەمیلی برۆنتێ

20

### گەنجێک بە چەقۆ و بلۆک دەکوژرێت



15

لەماوەی ئەمساڵدا

### 94 ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان چارەسەر کراون

2

## کەرکووک.. سێ پێشمەرگە گیانیان لەدەست دەدەن



**ڕووداو- کەرکووک**

بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکە سێ پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2015/8/2 لە ئەنجامی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکی لیوای 12ی هێزی پێشـمەرگە لەسـەر ڕێگای ئاڵتوون کۆپری لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکە، سێ پێشـمەرگە گیانیان لە دەستدا". بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکووک ئاماژەی بەوەشدا، لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووک لەبەردەم ماڵێکدا، کەسێک بریندار بوو.

لەماوەی ئەمساڵدا

# 94 ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان چارەسەر کراون



**سیداد لەشکری و بەختیار قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ماددەی هۆشبەر، ساڵی ڕابردوو 25 کەس لەسەر بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر و 117 کەسیش لەسەر کێشانی مادەی هۆشبەر دەستگیرکراون. بەمەش ژمارەی ئەوانەی ئێستا لە زیندانەکانن لەسەر مادەی هۆشبەر گەیشتووەتە 510 کەس.

هەروەها بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەمساڵ 94 کەسی ئاڵوودەبوو بە ماددەی هۆشبەر لە نەخۆشخانە دەروونیان چارەسەرکراون

بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە کوردستان تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو ژمارەیەی کە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی دروست بکات، بەڵام زوو زوو هەواڵی دەستگیرکردنی تریاک کێشێک یان بازرگانێک لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە بڵاودەکرێتەوە.

مەسعود ئەحمەد، سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بە (ڕووداو)ی گوت لە دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بنکەی تایبەت بە چاودێری ماددە هۆشبەرەکان هەیە و لە ڕێگەی ئامێری ئێکسترا و سەگی پۆلیسی پشکنین بۆ سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێل و کامیۆنە بارهەڵگرەکان و سەرجەم کەلوپەلە هاوردەکراوەکان و گەشتیاران دەکەن.

بەڵام مەسعود ئەحمەد دەڵێت بۆ کۆنترۆڵکردنی یەکجارەکی مادەی هۆشبەر پێویستیان بە ئامێری پێشکەوتووە و داوایان لە سەرووی خۆیان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆیان دابین نەکراوە "بە بوونی ئەو ئامێرانە ئەگەرێک بۆ هاتنی ماددە هۆشبەرەکان نامێنێ".

هاوسنوری و هاموشۆی زۆر لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاسانی لە دەستخستن و مامەڵە کردن بە ماددە هۆشبەرەکان لەودیو وایکردووە هەندێکجار ئەم ماددانە بگەنە باشووری کوردستان.

محەممەد محەممەدیان کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە دەڵێت "لە ئێران و شارەکانی ڕۆژهەڵات ماددە هۆشبەرەکان بە ئاسانی دەست دەکەون و کەسانی بەکارهێنەری زۆرن، هەرچەندە حکومەت ئەو کەسانە و تایبەت بازرگانانی ئەو کەرتە دەگرێت و دەیانخاتە بەندیخانە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئازادیان دەکات و دەست بە هەمان کار دەکەنەوە".

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ساڵی ڕابردوو دەستیان بەسەر 50 کیلۆگرام مادەی هۆشبەردا گرتووە. لە ماوەی حەوت مانگی ئەمساڵیشدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 10 کیلۆ ماددەی هۆشبەردا گرتووە.

بەگوتەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان لە باشووری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کەمترە، بەڵام زۆرجار بازرگانەکان هەڵکەوتەی جوگرافی و دەروازە ترانزێتییەکان بۆ تێپەڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە دەقۆزنەوە.

بازرگانێکی مادەی هۆشبەر کە ئێستا لە زیندانە دەڵێت "ماددەی هۆشبەرم هێنا و فرۆشتم، گیرام. یەکەمجار بەس دەمکێشا کە پارەم نەما، ناچاربووم بازرگانی پێوە بکەم".

بڕیاربووە وەزارەتی تەندروستی بۆ دوورخستنەوە و چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر نەخۆشخانەیەک لەپارێزگای هەولێر دروست بکات، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە تا ئێستا نەتوانراوە ئەم پرۆژەیە جێ بەجێ بکرێت، ئێستا بۆ چارەسەرکردنی تووشبووان وەزارەتی تەندروستی سوود لە نەخۆشخانە دەروونییەکان وەردەگرێت.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندرووستی تەنیا لەمساڵدا 34 تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر لە هەولێر و 31 تووشبوو لە سلێمانی و 29 ی دیکەش لە دهۆک چارەسەرکراون.

دکتۆر خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت "لە نەخۆشخانە دەروونییەکانمان لە هەرێمی کوردستان بەشێکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەیە کە گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان بوون، ئەمساڵ 94 کەس کە گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان بوونە چارەسەرکراون".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، 3069 زیندانی سزادراو لە شەش چاکسازی گەوران هەن، لەنێو ئەو چاکسازییانە 510 کەس بەپێی ماددەی 14 لە یاسای ماددە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون.

ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "354 کەس لەوانە خەڵکی هەرێمی کوردستانن کە 10یان ئافرەتن. 131 لەو گیراوانە خەڵکی ئێرانن، 11 خەڵکی سووریا و حەوتی دیکەشیان خەڵکی تورکیان".

---

# شوفێری ئەمبولانسێک لەسەر تەپوتۆزکردن دەکوژرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- شارەزوور**



سیروان هەمیشە بە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەکەی نەخۆشی لە نەخۆشخانەکەی شارۆچکەی شارەزوورەوە بۆ شاری سلێمانی دەگواستنەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن، بەڵام ئەمجارە ئەو ئۆتۆمبێلە فریای خۆی نەکەوت و تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەکدا دۆزرایەوە.

سیروان ڕەشید، 37 ساڵ، شۆفێری ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید ڕەوف بەگ بوو لە شارۆچکەی شارەزوور. شەوی 26/7/2015 داوەتی هاوڕێیەکی بووە لە گوندی کانی شاسواری سەر بە قەزای شارەزوور، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە، لە گوندی زڕگوێزی نزیک شاری سلێمانی لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقەی لێدەکرێت و دەکوژرێ.

سیروان پێنج برا و چوار خوشکی هەیە و باوکی چوار کچە، هاوژینەکەشی دووگیانە. ڕەشید مەحموود، باوکی سیروان بەهۆی ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەی بەسەر کوڕەکەیدا هاتبوو، تەواو خەمبار بوو. ئەو گوتی "ئێوارە لە دەوام گەڕامەوە سیروان پێیگوتم لە ماڵی هاوڕێیەکم داوەتکراوم، منیش لەلام ئاسایی بوو بچێت، چونکە ئەوان چەند ساڵێکە هاوڕێی یەکدین و بەردەوام هاموشۆی یەکدییان کردووە".

ڕەشید هەروەها گوتی "ئەو شەوە جگە لە سیروان، چەند کەسێکی دیکەش لەو ماڵە داوەت بوون، بەڵام دوای نانخواردن کاتێک سیروان ویستوویەتی بگەڕێتەوە، لەلایەن چەند کەسێکی سەر بە عەشیرەتێکی ئەو ناوچەیە کوژراوە".

ڕەشید بەردەوام بیر لە کوشتنی کوڕەکەی دەکاتەوە و دەڵێت سەر لە هیچ دەرناکات و نازانێت کوڕەکەی بۆچی و لەسەرچی کوژراوە. ئەو گوتی "سیروان کەسێکی بێ کێشە بوو، ئەوە تەنیا قسەی من نییە، بەڵکو خەڵکی ناوچەکەش شایەتی بۆ دەدەن، بۆیە سەرم لە ڕووداوەکە سوڕماوە".

بەپێی قسەکانی باوکی سیروان، کوڕەکەی تەنیا دوو فیشەکی پێوەنراوە کە بەر سەرووی ڕانی کەوتوون و شوێنی مەترسیداریان نەگرتووە، ئەی بۆچی گیانی لەدەستداوە؟ ڕەشید گوتی "ئەو کاتەی بریندار کراوە لە شوێنێکی چۆڵی ئەو ناوچەیەدا جێیانهێشتووە و ئەویش پەیوەندی بە هاوڕێکەیەوە کردووە تاوەکو بەهانایەوە ڕۆیشتووە، بەڵام نزیکەی کاژێر و نیوێک خوێنی لێ ڕۆیشتووە و بەو هۆیەوە گیانی سپاردووە".

بەپێی گێڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە، گوایە هۆکاری کوشتنی سیروان ئەوەیە کە ئەو شەوە لەو گوندە داویەتی لە تاسەیەکی دروستکراو و بەو هۆیەشەوە تەپوتۆزێکی زۆری دروستکردووە. باوکی سیروان گوتی "ئێمەش هەر ئەو قسانەمان بیستووە، بەڵام نازانین ئەو قسانە ڕاستن یان نا".

دوای ڕووداوەکە، ئەو کەسانەی لەو ڕووداوەدا بەشداربوون و تەنانەت کەسوکاریشیان گوندەکەیان چۆڵ کردووە و هیچ کەسێکیش لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر نەکراوە. باوکی سیروان گوتی "ئێمە هیچ کەسێک لەو عەشیرەتە ناناسین و خزمایەتی و دۆستایەتیمان نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەین".

هەر بە گوتەی باوکی سیروان کە لە خەڵکانی ئەو گوندەی بیستووە، پێشتر کەسانی ئەو بنەماڵەیە، ئازاری خەڵکی دیکەیان داوە و چەندین کەسی دیکەشیان کوشتووە.

زانا حەمەساڵح کە یەکێکە لە کەسایەتییەکانی ناوچەکە و هاوڕێی سیروانە و ئەو شەوە داوەتی ئەو بووە، گوتی ئەوان لە گوندی کانی شاسوار لە نزیک زڕگوێز باخیان هەیە و لەو داوەتەدا زیاتر لە پانزە کەس لە پزیشک و کەسانی دیکە میوانیان بوون "دوای نانخواردن سیروانیش وەکو میوانەکان ڕۆیشت و پێش کاژێر 10، دوو جار پەیوەندی پێوەکردم و گوتی بریندار کراوم و لە پشت نەخۆشخانەی زڕگوزێم وەرە بە هانامەوە".

زانا چەند کەسێکی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ شوێنەکە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تاریک بووە ماوەیەک بەدوایدا گەڕاون تاوەکو دۆزیویانەتەوە. ئەو گوتی "کە گەیشتینە لای، ئاسایشی لێبوو، تاوەکو نەخۆشخانەی فریاکەوتنیش هەر لە ژیاندا مابوو".

زانا پرسیاری لە هاوڕێکەی کردووە کە بۆچی تووشی ئەم ڕووداوە بووە، بەڵام دەڵێت "بەهۆی ئەوەی خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، بە دەنگێکی زۆر نزم قسەی دەکرد، لێی حاڵی نەدەبووین".

سەبارەت بەو دەنگۆیەی کە دەگوترێ بەهۆی تەپوتۆزکردنەوە کوشتوویانە، زانا گوتی "هەتا دەگەینە ڕاستیی ڕووداوەکە قسەی زۆر دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەوەش بێت ئایا شیاوی ئەوەیە ئەو کەسە بکوژرێت. چونکە سیروان کەسێکی زۆر باش و ڕێکوپێک بوو".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت لەسەر ئەو ڕووداوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ کەسێک دەرچووە، ئێستاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ ئەوەی بزانن ڕاستیی ڕووداوەکە چۆن بووە.

---

# دهۆک.. بڕیاری داخستنی دوو بەنزیخانە دەدرێت و داناخرێن

**عوبەید ڕەشافایی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەندامێکی لیژنەی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنی دهۆک دەڵێت پشکنینیان بۆ بەنزینی دوو بەنزینخانە کردووە، ئەنجامەکەی خراپ دەرچووە، پێشنیازیان کردووە دابخرێن، بەڵام دانەخران، ئەو ئەندامەی لیژنەی پشکنین دەڵێت ئەگەر ئەو دوو بەنزینخانەیە دانەخرێن، دەست لەکار دەکێشنەوە.

ماوەی دوو مانگە لیژنەی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنی دهۆک بە نوێترین تەکنەلۆژیاوە لە ناکاو سەردانی بەنزینخانەکانی دهۆک دەکەن و یەکسەر ئەنجامی کواڵیتی بەنزینی بەنزیخانەکان بە ئیمەیڵ بۆ ئیدارەی پارێزگای دهۆک، بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەنێرن.

حاجی سالار مزیری، ئەندامی لیژنەی پشکنین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوویان لەبەردەستە بۆ پشکنینی بەنزین و هەر لە بەنزینخانەکان نموونەی بەنزین وەردەگرن و پشکنینی بۆ دەکەن، هەر لەوێش ئەنجامەکەی دەردەچێت.

حاجی سالار باسی بەنزینخانەیەکی کرد و گوتی "ڕۆژی 4/7/2015 سەردانی بەنزینخانەیەکمان لە سنووری ناحیەی فایدە کرد، بەنزینەکەی لە پشکنین دەرنەچوو، ڕێژەی کبریت لە بەنزینەکەدا لە جیاتی ئەوەی لە 50 زیاتر نەبێت، 375 بوو، پێشنیازی داخستنمان کرد، هەروەها پێنج ڕۆژ لەمەوبەریش بەنزینی بەنزینخانەیەکی ناحیەی سێمێلیمان پشکنی و دەرکەوت بەنزینەکەی خراپە و بڕیاری داخستنی ئەویشمان دا، بەڵام دانەخران".

یوسف نووری، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی پارێزگای دهۆک بێ ئاگایی خۆی لە دانەخستنی بەنزینخانەکەی ناحیەی فایدە نیشاندا و گوتی "ئەمڕۆ دووشەممە وەڵامان بۆ ئەم بابەتە دەبێت".

سەبارەت بە بەنزینخانەکەی ناحیەی سێمێلیش کە لە چوارشەممەی ڕابردووەوە بڕیاری داخستنی دراوە، یوسف نووری گوتی "کێشەی ڕۆتینمان هەیە، ئەو لیژنەیەی پشکنین دەکات دەبێ ڕاپۆرتی خۆی و ئەنجامەکان بۆ کارگێڕیی پارێزگا بنێرێ و دواتر ئەوان بۆ ئێمە و یەکەی ئیداری دەنێرن کە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، ئەوەش کاتی پێویستە".

بۆ چارەسەری ئەم ڕۆتینیاتە، بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی پێشنیازی کردووە لیژنەیەکی مەرکەزی هەبێت لەگەڵ لیژنەی پشکنیندا بێت و نوێنەری یەکەی ئیداری و بەڕێوەبەرایەتی سووتەمەنی و ئاسایشی لەگەڵ بێت و دەستبەجێ بڕیارەکە جێبەجێ بکەن.

حاجی سالار نیگەرانە لە جێبەجێنەکردنی بڕیاری داخستنی ئەو بەنزینخانانە و گوتی "بە ئاشکرا پێمگوتوون ئەگەر ئەم بەنزینخانانە دانەخرێن دەست لەکار دەکێشمەوە".

سەبارەت بە ژمارە و جۆری سزاکانیش سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی سووتەمەنی دهۆک دەڵێت "20 بەنزینخانە سزا دراون، سزاکانیش دوو جۆرن: بە ملیۆنێک دینار غەرامە دەکرێن و بۆماوەی 10 ڕۆژیش دادەخرێن، یان بە سێ ملیۆن دینار غەرامە دەکرێن، بەڵام داناخرێن".

حاجی سالار باسی دەستکاریکردنی کواڵێتی بەنزینخانەکانی دهۆک دەکات و دەڵێت "هەندێکیان بەنزینی پاڵاوگە بچووکەکانی کواشێ تێکەڵی بەنزینی ئیماراتی دەکەن کە حکومەت بەسەر بەنزینخانەکانیدا دابەش دەکات".

عەبدولسەمەد تێلی، سەرۆکی لیژنەی سووتەمەنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بێ ئاگایی خۆی لە دانەخستنی بەنزینخانەکان نیشاندا و گوتی "بە دواداچوون دەکەین، بەڵام نازانین چۆن پاڵاوگەکانی کواشێ جارێکی دیکە مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە، لەسەر ئەمە داوای ڕوونکردنەوەمان کردووە".



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (369)  دووشەممە  2015/8/3



## سەلیم جبووری: گۆڕانکارییەکی جۆری لە عێراق ڕوودەدات

**ڕووداو – سلێمانی**

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیێنێ، ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو گۆڕانکارییەکی جۆری لە عێراق ڕوودەدات و پێیوایە سیستەمی لامەرکەزی ڕێگــە لــە جیابوونەوە و دابەشـــوونی عێراق دەگرێت. جبووری ئەو قســانەی لە چوارچێــوەی ئەو کۆنگرەیەدا کردن کــە ڕۆژی 2015/8/2 لەبارەی کاراکردنی هەمواری دووەمی یاســای پارێزگاکانی ژمارە 19ی ســاڵی 2013 بەڕێوەچوو.جبوری گوتی "ڕۆژی چوارشــەممە، گۆڕانکارییەکی جۆری لە شێوە و نێوەڕۆکی سیستەمی ئیداری و سیاسی لە عێراق ڕوودەدات". بەگوێرەی یاساکە ڕۆژی چوارشەممە دەستدەکرێت بە گواستنەوەی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی چەند وەزارەتێک بۆ پارێزگاکان، ئەمەش هەنگاوێکە بەئاراستەی پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزی لەعێراقدا.

### قاسم سولەیمانی لەگەڵ پارتی، یەکێتی و گۆڕان کۆبووەوە

### ئەندامێکی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان:

# 60% شانسی ئەوە هەیە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی ببێتەوە



**جێگری سەرکونسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر:**

**حیزبەکان بگەنە هەر ڕێککەوتنێک ئێمە پشتیوانییان دەکەین**

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ:**

**مەگەر بە هاتنی سولەیمانی پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

قاسم ســولەیمانی لە هەرێمی کوردستانە، بەپێــی زانیارییەکانیــش بەشــێکی ســەرەکی گفتوگۆکانــی لەســەر پرســی ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان بــووە. ئەندامێکی باڵای لیژنــەی ژووری عەمەلیاتــی تایبەت بە پرســی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ "مەگەر بە هەوڵی ئاغای سولەیمانی بگەینە ڕێککەوتن". هاوکات جێگری سەرکونســوڵی گشتیی ئێران لــە هەولێــر رایگەیاند: "پشــتیوانیی حیزبەکە کوردســتانییەکان دەکەیــن بۆئــەوەی بگەنــە ڕێککەوتن".

### سولەیمانی بەنهێنی لە کوردستانە

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی گشتیی سوپای قودســی ئێران چەنــد ڕۆژێکە بە ســەردانێکی ڕانەگەیێندراو لە هەرێمی کوردستانە.

بەگوێــرەی زانیارییەکانــی (ڕووداو) ڕۆژی شــەممە قاسم سولەیمانی گەیشتووەتە هەولێر و لەگەڵ هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەتەوە و لە گفتوگۆکاندا باسی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش کراوە، کە چەند مانگێکە لەنێوان لایەنە سیاســییەکانی باشــووری کوردســتاندا بووەتە مایەی کێشە و قەیرانێکی گەورە.

دوای هەولێر، فەرماندەی گشــتیی ســوپای قودســی ئێــران ســەردانی ســلێمانی کــرد و لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوژینی جەلال تاڵەبانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و کۆســرەت ڕەسوڵ و د.بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی کۆبووەتەوە، هەروەها لەگەڵ نەوشــیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆبووەتەوە.

دیپلۆماتکارێکــی ئێرانــی لــە هەرێمــی کوردســتان، سەردانی ســولەیمانی بۆ هەرێمی کوردستان پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێ "لەسەر ئاستی بەرز سەردان هەن".

حەســەن باوەفایی، جێگری سەرکونســوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەمــوو ئــەو دیدارانــەی ئێــران لــە هەرێمی کوردستان ئەنجامیان دەدات لە چوارچێوەی ئەو دراوســێیەتییەن کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەمانە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانە بەرەو باشتر ببەین".

باوەفایی گوتی "ئاغای سولەیمانی کە لەگەڵ بەرپرســانی هەرێمــی کوردســتان کۆدەبێتەوە باسی مەســەلەی ئاسایشــی ناوچەکە دەکات، چونکە دوژمنەکانی ئێمە ئاسایشی ناوچەکەیان ناوێت".

دەربــارەی کێشــەی ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردســتان کە بڕیارە لــە 2015/8/19 ماوەی ویلایەتــی بارزانــی کۆتایــی بێــت، جێگــری سەرکونسوڵی گشتیی ئێران گوتی "شاندەکان زۆر ســەردانی یەکتر دەکــەن، هەم لێرە دەچن بــۆ ئێران و هــەم لەئێرانەوەش دێــن بۆ ئێرە، ســەردانەکان لە ئاستێکی بەرزدان و هەموویان لە بەرژەوەندی دۆستایەتیی ئێمەدان". گوتیشی "کێشــەی ســەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان کێشــەیەکی ناوخۆیییــە و دەبــێ لەناوخــۆی هەرێمی کوردســتان چارەســەر بکرێت، بەڵام بەشــێوەیەکی گشتی ئێمە پشــتگیری هەموو لایەنەکان دەکەین".

### "بە سولەیمانیی نەبێ ناکرێت"

قاســم سولەیمانی، بەرپرسی مەلەفی عێراق و سووریایە لە ئێران، لە ماوەی شەڕی داعشدا زۆر زیاتر لە باشووری کوردستان و عێراق بووە، لە عێراق سەرپەرشــتی بەشــێک لە شەڕەکانی کردووە و کاریگەریشــی هەیە لەسەر هەندێ لە بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان.

پێش هاتنی قاســم ســولەیمانی بۆ هەرێمی کوردســتان، ئەحمــەد ئەمیــری، یاریــدەدەری ســکرتێری گشــتیی ئەنجوومەنــی ئاسایشــی نەتەوەیــی ئێران لە هەرێمی کوردســتان بووە، وەک ئامادەکاری بۆ سەردانی قاسم سولەیمانی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی باشــووری کوردستان کۆبوونەوەی هەبووە.

ئەحمــەد ئەمیــری، پێچەوانــەی هاتنــی ئەمجــارەی قاســم ســولەیمانی، یەکەمجار لە ســلێمانی بووەو دوا کەســیش کــە بینیویەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام قاسم سولەیمانی کۆبوونەوەکانی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەستپێکرد.

هــەر پێنــج حیزبــی ســەرەکی باشــووری کوردستان (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمــەڵ)، دوێنــێ بــۆ دووەم جــار لــە ژووری عەمەلیاتی چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســتان لە ســلێمانی کۆبوونەوە، بــەڵام ئەندامێکــی مەکتەبی سیاســی کۆمەڵی ئیســلامی کوردســتان کە ئاگاداری نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "ئەو دوو کۆبوونەوەیە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو".

ئــەو ئەندامەی مەکتەبی سیاســی کۆمەڵی ئیســلامی کە داوایکــرد نــاوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کۆبوونەوەکان قورســن و پێناچێ لە ژووری عەمەلیاتیش لایەنەکان بگەنە ئەنجــام". بەڵام وەک ئەو بەرپرســەی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ "لایەنەکان چاوەڕێی دەرئەنجامی ســەردانی قاسم سولەیمانی دەکەن بۆ هەرێمی کوردســتان، کــە پێدەچــێ ســەردانەکەی ســولەیمانی وابکات لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن و کێشەکە یەکلایی ببێتەوە".

ئــەو ئەندامــەی مەکتەبی سیاســی کۆمەڵ باســی کاریگەریی قاسم ســولەیمانی دەکات و پێیوایە "پیاوێکە" ئەســتەمە وەڵامی قسەکانی سولەیمانی بە "نەخێر" بێ و دەڵێت "ئەو پیاوە لــە هەمــوو عێراق دەســەڵاتی هەیە و قســەی دەڕوات و کــە قســە دەکات کەس ناتوانێ پێی بڵێ نەخێر".

هەرچەندە چەند ڕۆژێکە عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بەسەردانێک لە ئێرانە، بەڵام ئەندامەکــەی مەکتەبی سیاســی کۆمەڵ دەڵێ "سەردانی مامۆستا بۆ ئێران هیچ پەیوەندی بەو وەزعەوە نییە، بەڵکو سەردانی نەخۆش دەکات و خێزانەکەشی لەگەڵدایە".

### یەکگرتوو لەسەنگەری سازاندا

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان داوادەکات مەســعود بارزانــی تاوەکــو دوو ســاڵی دیکە لــە پۆســتەکەیدا بمێنێتــەوە، بــەڵام یەکێتی و گــۆڕان، کۆمــەڵ و یەکگرتــوو داوا دەکەن، ســەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمان هەڵبژێردرێ و دەسەڵاتەکانی کەمبکرێنەوە.

یەکگرتووی ئیســلامی هەوڵــی نێوبژیوانی دەدات بۆ ئەوەی لایەنەکان لەســەر ئەو پرسە بگەنــە ئەنجام، چونکــە زۆری نەماوە کاتەکە تەواوبێت.

غازی ســەعید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتــووی ئیســلامی بــە (ڕووداو)ی گوت "یەکگرتــوو بــەردەوام دەبێ لەســەر ســازان تاوەکــو لایەنــەکان دەگەنــە ئەنجــام". غازی سەعید ئەوەشی گوت "دەبێ هەموو لایەنەکان ســازش بکەن، چونکە هیچ چارەسەرێک نییە جگە لە سازان".

سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبەکەی کە ئایا ئەگــەر لایەنەکان نەگەیشــتنە ئەنجام، بەکام لادا دەشــکێتەوە، ئــەو ئەندامــەی مەکتەبــی سیاســی یەکگرتــوو گوتی "یەکگرتــوو تەنیا لە بــەرەی ســازاندایەو لەو بەرەیــەش نایەتە دەرەوە".

### گۆڕان باسی 60% دەکات

ئەندامێکــی شــاندی بزووتنــەوەی گــۆڕان بۆ پرســی ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردســتان پێیوایە گەیشــتنە ئەنجام لەســەر ئەو پرســە پێش 2015/8/20 شانسی زیاترە.

ئــەو ئەندامەی شــاندی بزووتنەوەی گۆڕان بــە (ڕووداو)ی گــوت "داواکانــی پارتی ئەوە نین کە دانوســتاندنیان لەسەر بکەین، چونکە داواکارییەکانــی ئەوەندە بەرزن مرۆڤ ناتوانێ دانوستاندنیان لەسەر بکات و هەر بە نەفەسی جــاری جاران قســە دەکەن". بــەڵام هەر ئەو بەرپرســەی گــۆڕان کــە داوای کــرد نــاوی بڵاونەکرێتــەوە، گوتــی "هەرچــۆن بێــت وای دەبینین کە پێش 20ی مانگ شتێک ڕوودەدات و بــە ئەگــەری 60% لایەنــەکان دەگەنــە ڕێککەوتن".

ئەو ئەندامەی شــاندی گۆڕان نایشــارێتەوە کــە پارتــی کارتی بە هێــزی لەدەســتدایە و دەتوانێ بەکاریبێنێ "پارتی دەتوانێ حکومەت هەڵبوەشــێنێتەوە و زۆرینــەی نێــو پەرلەمان دروستبکات، گۆڕان و یەکێتیش کە ئێستا زۆر لــە یەکتر نزیکن، دەتوانــن ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامییان لەگەڵ بێ، بە پشتیوانیی کۆمەڵی ئیســلامی زۆرینــەی پەرلەمــان پێکبێنــن و حکومەت هەڵبوەشــێننەوە، بەڵام ئەمانە دوو ئەگەری دوورن".

### یەکێتی و گۆڕان لە کۆتاییدان

مەلابەختیــار، لێپرســراوی دەســتەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاســی یەکێتی، پێشتر ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە زیاتر لەســاڵێکە لەگەڵ بزووتنەوەی گــۆڕان لە گفتوگۆدان و هەردوولا دەگەنە ڕێککەوتنێکی سیاسی.

مەلابەختیــار گوتــی کە هــەردوولا بۆ ئەو مەبەســتە لیژنــەی ڕێککەوتنــی سیاســییان دیــاری کردووە کــە ئەندامەکانــی پێکدێن لە "حاکــم قادر حەمەجان، ڕەفعــەت عەبدوڵڵا و فەرید ئەسەسەرد لە یەکێتی و لە بزووتنەوەی گۆڕانیــش هەریــەک لــە عوســمانی حاجــی مەحموود، محەممەد تۆفیق و عومەری ســەید عەلی دەستنیشان کراون.

مەلا بەختیار هیوای خواســت کە هەردوولا بەزووترین کات گەڵاڵەنامەیەک ئامادە بکەن و پەیوەندیی یەکێتی و گۆڕان بگاتە قۆناغێک کە قۆناغی ململانێیەکانی ڕابردوو تێپەڕێنێ.

ســەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتــی لەوبارەیەوە بــە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ گۆڕان زۆر ڕۆیشــتووین و لە کۆتایی نزیکبووینەتەوە". گوتیشــی "ئێمە و گــۆڕان یەک حیزب بووین، کاتی خۆی هەندێ کێشەمان هەبوو، ئێستا کە ئەو کێشانە نەماون، زۆر لەیەکتر نزیک دەبینەوە".

# یەکێتی: دەگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

دووەمیــن کۆبوونــەوەی پێنــج حیزبەکــە بەبێ هیچ ئەنجامێک کۆتایی هات و ســەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیش دەڵێت ئەمڕۆ (دووشەممە) ســەرۆکی پەرلەمان داوا دەکات لیژنەی یاسایی کۆببێتــەوە بۆ ئــەوەی ڕاپۆرت لەســەر پڕۆژە پێشکەشــکراوەکان بۆ هەمواركردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بکەن.

ڕۆژی 2015/8/2 پێنــج حیزبەکە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) لە بارەگای ئەنجوومەنــی سیاســیی کۆمەڵی ئیســلامی لە ســلێمانی بۆ دووەمجار کۆبوونەوە. دوای پێنج کاژێر کۆبوونەوەی بێ پچڕان، ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لەســەر ئەو ڕاگەیانــدراوە نەبوو کە لە کۆتاییدا بڵاویان کردەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکە گوتی "پارتی پێداگیری لەســەر مانــەوەی بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە بە دەسەڵاتەکانییەوە دەکات و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵیش جەختیان لەسەر پڕۆژەکەیان کردووەتەوە، هەر بۆیە کۆبوونەوەکە درێژکرایەوە و داوای فراوانکردنیشی کرا".

ئــەو ســەرچاوەیە کــە نەیویســت نــاوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "یەکگرتوو سێ لایەنەکەی دیکەی جێنەهێشــتووە، بەڵام بەهــۆی ئەوەی بــۆ خــۆی پێشــنیازی پێکهێنانی ئــەو ژووری عەمەلیاتەی کردووە، خوازیاری ئەوەیە ســازان بێتە ئاراوە و کۆبوونەوەکان ئەنجامیان هەبێت".

ئەی چارەســەر چییە کاتێک کۆبوونەوەکان ناگەنــە ئەنجــام؟ ئەندامێکــی ســەرکردایەتی یەکێتــی دەڵــێ، هیوادارین ســازان بێتەئاراوە "بــەڵام وادەردەکەوێ ئیــدی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی ئەنجامی نییە، چونکە هەر لایەک لەسەر قســەی خۆی ســوورە، بۆیــە دەگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان".

بێگــەرد تاڵەبانــی کــە هــاوکات ســەرۆکی فراکســیۆنی یەکێتیشــە لە پەرلەمــان، ڕەخنە لە سیستمی سیاسی و ســەرۆکایەتی ئێستای هەرێمی کوردســتان دەگرێــت و ڕەتیدەکاتەوە بچنە ژێر ئەو داواکارییەی پارتی "ئەو پۆســتە کاڵایــەک نییــە بۆ باڵای پارتی ببڕین، ســبەی یەکگرتــوو و گــۆڕان دەچنــە ئەو پۆســتەوە، بۆیــە ســوورین لەســەر ئــەوەی سیســتمێکی تــەواو پەرلەمانــی هەبێــت و دەســەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم تەشریفاتی بن و دەسەڵاتەکان ڕێکبخرێنەوە".

باشووری کوردســتان ڕووبەڕووی ژمارەیەک قەیــران بووەتــەوە، شــەڕی داعــش، بڕینــی شایســتە داراییەکانی لەلایەن بەغدا، داڵدەدان و ژیاندنــی نزیکــەی 2 ملیــۆن ئاوارەی شــەڕ، هەڵگیرسانەوەی شــەڕی پەکەکە و تورکیا، وا کێشــەی ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش بووەتە قەیرانێکی دیکە.

مــەروان گەڵاڵــی، ســەرۆکی فراکســیۆنی کۆمەڵی ئیســلامی لــە پەرلەمانی کوردســتان دەڵــێ "هیوادارین پارتی بتوانــێ دەرچەیەکی یاســایی بدۆزێتەوە و بــڕوا بەلایەنەکان بهێنێ بۆ ئــەوەی پەســەندی بکــەن". بەبــڕوای ئەو "نەگەیشتنە ڕێککەوتن نییە" و دەبێ لە کۆتاییدا سازان بێتە ئاراوە.

ســەرۆکی فراکســیۆنی کۆمەڵ دەڵێ ئێستا ئــەوان نازانــن لەســەر چ بنەمایــەک گفتوگــۆ لەگــەڵ پارتــی بکــەن "چونکــە پڕۆژەیەکــی پێشــکەش نەکــردووە و تەنیــا ئــەو داوایــەی هەبــووە کە بــە بەیاننامەیــەک ڕایگەیاندووە". گوتیشــی جێگرەوەی ســازانمان نییە و ئەگەر وابکەین کێشەیەکی دیکە و قەیرانێکی دیکە بۆ کوردســتان زیاد دەکەین "نابێ هیچ لایەک بەو پێداگیرییەی ئێستای بمێنێتەوە، دەبێ پارتیش لــە داواکارییەکانــی بێتە خوارەوە بــۆ ئەوەی بتوانین سازان بەدی بێنین".

هــەر ئاریشــەیەکی سیاســی لە باشــووری کوردستان دێتە ئاراوە، شاندی وڵاتانی دراوسێ دەبنــە لایەنێکــی گفتوگۆکان، بەڵام لەپشت کامێراکانەوە. چەند ڕۆژێک لەوەوبەر شاندێکی ئێرانــی هاتنــە باشــووری کوردســتان و دوای دیداریــان لەگەڵ مەســعود بارزانی، ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان و یەکێتــی و گــۆڕان و لایەنەکانی دیکە، گەڕانەوە.

بەپێــی ئــەو زانیارییانــەی (ڕووداو) لــە بەرپرســی یەکێــک لــە حیزبەکانی باشــووری کوردستان دەستیکەوتوون، ئێران بە شاندێکی گەورەتر هاتووەتە هەرێمی کوردستان.

ئــەو بەرپرســە گوتــی شــاندەکە قاســم سلێمانی ســەرۆکایەتی دەکات و بەهەمانشێوە لەگــەڵ لایەنــەکان کۆبوونەوە دەکــەن و دواتر دەگەڕێنەوە "بێگومان ئێرانیش قسەی هەیە لە مەسەلەی ســەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا و نایانەوێ لەو دۆخەی ئێستادا، نێوخۆی هەرێمی کوردستان بشێوێت".

یەکگرتووی ئیســلامی ئێســتا نێوەندگیری دەکات لە نێوان پارتی و سێ لایەنەکەی دیکەدا و پێی باشــە لە هەفتەی داهاتوودا ئەو پرســە یەکلایــی ببێتــەوە و داوای کــردووە لە پارتی هەندێــک لە داواکارییەکانی بێتــە خوارەوە، بۆ ئەوەی سێ لایەنەکەی دیکە بتوانن بە مانەوەی بارزانی ڕازی ببن.

بەڵام بێگەرد تاڵەبانی دەڵێ "ئەمڕۆ دووشەممە ســەرۆکی پەرلەمان داوا دەکات کۆبوونەوەکانی لیژنەی یاســایی دەســتپێبکەنەوە بــۆ ئەوەی ڕاپۆرت لەسەر پڕۆژە پێشکەشکراوەکان ئامادە بکــرێ". گوتیشــی "بــەلای ئێمــەوە پەرلەمان مەرجەعــە و دەبــێ ئەو پرســە لــە پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە".



## هەشت دەستگیرکراوی کۆمەڵی ئیسلامی ئازاد دەکرێن

**ڕووداو – هەولێر**

عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکدا بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2015/8/2 ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان هەشت ئەندام و لایەنگری ئەوانی ئازاد کرد کە پێشتر بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەستگیرکرابوون و گوتی "پێشتر ئێمە لیستێکی 18 کەسیمان دابوونێ، کە دەستگیرکرابوون، بەڵام ئەوان گوتیان بەشێکیان ئازاد کراون". ناوبراو ئاشکرای کرد چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەمەبەستی ئازادکردنی دەستگیر کراوەکانیان، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەی کردووە "بەهەوڵی بەڕێزیان ئازاد کران".

### عەبود قەنبەر، عەلی غێدان، مەهدی غەڕاوی، ئەسیل نوجێفی و بەرپرسی نووسینگەی مالیکی ناویان هاتووە

# ڕاپۆرتی لێژنەی کەوتنی مووسڵ ناوی بەرپرسانی کوردی تێدایە



**ئەمرۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕاپۆرتی لێژنەی کەوتنی مووسڵ لە قۆناغی کۆتاییدایە و تەنیا گەڵاڵەکردنی ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ماوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)یش، لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەدا ناوی چەندین گەورە بەرپرسی سەربازی و سیاسی و ئیداری هاتووە کە تۆمەتبارکراون بە تێوەگلان، یاخود کەمتەرخەمی نواندن لە کەوتنی مووسڵ لە نێویاندا فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی کوردی تێدایە.

ڕۆژی 6ی حوزەیرانی 2014، چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعش هێرشیان بۆ سەر شاری مووسڵ دەستپێکرد و ڕۆژی 10ی مانگ، مووسڵیان بە تەواوی کۆنترۆڵ کرد.

بۆ لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ، پەرلەمانی عێراق لە 2014/12/1 لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بە ئەندامێتی 24 پەرلەمانتار پێکهێنا. هەر یەک لە حاکم زاملی سەرۆکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری بە سەرۆکی لێژنە و شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری کورد بە جێگری سەرۆکی لێژنەکە دیاریکران.

حاکم زاملی، سەرۆکی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کارەکانی لێژنەکەیان لە کۆتاییدایە و لە ماوەی کەمی داهاتوودا ڕاپۆرتەکەیان پەسەند دەکەن و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرزدەکەنەوە. زاملی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بە "هەستیار و گرنگ" وەسف دەکات. بەبێ ئەوەی ناوی هیچ بەرپرسێک بدرکێنێ، دەڵێت "بەدڵنیاییەوە چەندین بەرپرسی سیاسی و سەربازی و ئیداری لە کەوتنی مووسڵ تێوەگلاون". ڕاشیگەیاند "بەڵێن بەگەلی عێراق دەدەین کە هیچ ڕاستییەک ناشارینەوە و سازش و گوشاریش لە هیچ کەسێک قبوڵ ناکەین".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە ئەندامانی لێژنەکە دەستی کەوتوون، لە دوایین ڕەشنووسی ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەکەدا ناوی چەند بەرپرسێک هاتووە کە لە کەوتنی مووسڵ کەمتەرخەم بوون، یاخود تێوەگلاون، یەکێک لەوانیش بەرپرسێکی سەربازیی کوردە بەناوی (ع.ە). بەگوێرەی زانیارییەکان ئەم فەرماندە سەربازییە بانگهێشتی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ کرابوو، بەڵام ئامادە نەبووە بچێتە بەردەم لێژنەکە و داوای زامنکردنی ژیانی کردبوو.

هاوکات لە ڕاپۆرتەکەدا ناوی گەورە بەرپرسە سەربازییەکان هاتووە کە لە کەوتنی مووسڵ تێوەگلاون، لەوانە عەبود قەنبەر، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان. عەلی غێدان، فەرماندەی هێزی وشکانی. مەهدی غەڕاوی، فەرماندەی ئۆپەرسیۆنەکانی نەینەوا. فەرماندەی فیرقەی دووی سوپا، فاروق ئەعرەجی، بەرپرسی نووسینگەی ئەوکاتی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، هاوکات ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری نەینەوا.

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی مووسڵ کە هاوکات بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگرییە لە پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەم نزیکانە ڕۆژێک بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی ڕاپۆرتەکە دەستنیشان دەکەین و سوپرایزێکی گەورەمان بۆ گەلی عێراق هەیە سەبارەت بە کەوتنی مووسڵ".

شاخەوان عەبدوڵڵا کە هاوکات پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، گوتیشی کە لیژنەکەیان سەرقاڵی نووسینەوەی ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی کەوتنی مووسڵە و لە هەفتەی داهاتوودا چەند کۆبوونەوەیەکی چڕوپڕ دەکەن و دواتر ڕاپۆرتەکە پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن و ناوی ئەو بەرپرسانە ڕادەگەیێنرێت کە هۆکاربوون بۆ کەوتنی مووسڵ.

بەگوتەی شاخەوان عەبدوڵڵا، فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا کە لەلایەن نووری مالیکییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئاستەنگ بۆ کاری لێژنەکە و ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەکە دروست دەکەن، چونکە ترسیان هەیە ناوی مالیکی لە ڕاپۆرتەکەدا وەک تێوەگلاو لە کەوتنی مووسڵ هاتبێت "ئەگەری زۆرە ناوی مالیکی وەک فەرماندەی گشتیی ئەوکاتی هێزە چەکدارەکان لە ڕاپۆرتەکەدا بێت".

ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن، دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت پێیانەوە پابەندبێت. لێژنەکە زیاتر لە 120 کەسایەتی بانگهێشت کردووە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ فەرماندە باڵا سەربازییەکان کردووە. هاوکات پرسیاری ئاراستەی هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق و جێگری ئێستای سەرۆک کۆمار و ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمان و جێگری ئێستای سەرۆک کۆمار کرد لەبارەی کەوتنی مووسڵەوە و ئەوانیش وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

هۆشیار عەبدوڵڵا، ئەندامی لێژنەکە کە هاوکات ئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگرییە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، گرنگترین بەشی ڕاپۆرتەکە ماوە کە پێشنیاز و ڕاسپاردەکانە، تاوەکو ئێستا تەواو نەبووە. هۆشیار عەبدوڵڵا کە سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانە لە پەرلەمانی عێراق، ڕوونیکردەوە کە دوو بۆچوون هەیە لەنێو لێژنەکەدا لەبارەی ڕاسپاردەکان: یەکەمیان کۆبوونەوەیەکی فراوانی لێژنەکە بکرێت و لەوێ ڕاسپاردەکان بنووسرێت، بۆچوونێکی دیکەش ئەوەیە هەر ئەندامێکی لێژنەکە پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی بۆ سەرۆکی لێژنەکە بنێرێ.

هۆشیار عەبدوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە نێو ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەکەیان، ناوی چەندین بەرپرسی سەربازی و سیاسی و ئیداریی تێدایە، بەڵام ناوەکان لە بەشی ڕاسپاردەکان دەنووسرێت، بۆیە تاوەکو ڕاسپاردەکان نەنووسرێت، ناتوانرێت ناوی هیچ بەرپرسێک ئاشکرا بکرێت کە لە کەوتنی مووسڵ تێوەگلاون".

### مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە بۆ (ڕووداو):

# بەدڵنیاییەوە پێشمەرگە بەشداریی شەڕی ئازادکردنی مووسڵ دەکات

- هاوپەیمانان مەشقیان بە 10 هەزار پێشمەرگە کردووە
- پێشمەرگە لە تاکتیکەکانی داعش تێگەیشتووە
- ئازادکردنی حەویجە ئاسان نییە
- خەریکی دانانی پلانی ئازادکردنی مووسڵین



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ بەشی ئینگلیزیی دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو، باسی پلانی گرتنەوەی مووسڵ، وورەی پێشمەرگە بەرامبەر چەکدارانی داعش دەکات و دەڵێت بەشی هەرە زۆری ئەو شوێنانەی کوردستان کە داعش پێشتر داگیری کردبوون، لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کراونەتەوە.

سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵیش دەڵێت ئێستا لەگەڵ سوپای عێراق و هاوپەیمانان خەریکی دانانی پلانن. دەشڵێت "بەدڵنیاییەوە پێشمەرگە بەشداری شەڕی ئازادکردنی مووسڵ دەکات".

**کورت ناجل و ئارینا موورادی**
**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: چۆن بەراوردی شەڕی ئێستای دژ بە داعش دەکەی لەگەڵ ئەو کاتەی کە دەستی پێکرد؟**

**مستەفا سەید قادر:** بارودۆخی شەڕەکە زۆر باشترە لە جاران. پێشمەرگە زۆربەی ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵ کردووەتەوە کە لە دەستی داعشدا بوون. دەتوانم بڵێم ئێستا 95%ی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدان.

**ڕووداو: ئەی دەربارەی بارودۆخ و گوزەرانی هێزەکانی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ؟**

**مستەفا سەید قادر:** پێشمەرگە ئێستا ئەزموونێکی باشتری هەیە لە شەڕکردن لە دژی داعش. پێشتر ئەزموونێکی ئەوتۆیان نەبوو لە تاکتیکەکانی داعش. ئێستا لێیان تێگەیشتوون. پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک لە داعش ناترسێت. ئەو مەشق و ڕاهێنانەی پێیان کراوە لەلایەن سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە کاریگەر بوون.

**ڕووداو: ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا چۆن هاوکاریی هێزی پێشمەرگەیان کردووە؟ چ جۆرە مەشقێکیان بە پێشمەرگە کردووە؟**

**مستەفا سەید قادر:** هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان زۆر کاریگەرییان هەبووە لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکان هاوکاری باش بوون بۆ پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش. مەشقەکانی ئەمریکا بە هێزی پێشمەرگە زۆر جێگەی ڕەزامەندیی ئێمەیە. پێشمەرگە فێری بەکارهێنانی ئەو چەکانە دەبن کە پێیان دەگات. هەروەها مەشقیان پێدەکرێت لەسەر فێربوونی تاکتیکەکانی شەڕ. تاوەکو ئێستا 10 هەزار پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە مەشقیان پێکراوە. پرۆسەیەکی بەردەوامە.

**ڕووداو: وورەی پێشمەرگە چۆنە؟**

**مستەفا سەید قادر:** هەرچەندە بۆماوەی دوو مانگە مووچەیان پێنەدراوە، بەڵام هێشتا زۆر ئازا و بەهێزن. لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم شەڕەوە تا ئێستا، پێشمەرگە بە بەهێزی ماوەتەوەو قەیرانی ئابووری کاریگەریی لەسەریان نەبووە.

**ڕووداو: چۆن کێشەی مووچەنەدان چارەسەر دەکەن؟**

**مستەفا سەید قادر:** دوو ڕێگا چارە هەیە: یەکەمیان گەیشتنە ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا لەسەر بودجە. دووەمیان پشتبەخۆبەستنە لەڕێگەی فرۆشتنی نەوت و ڕێگای دیکە بۆ سەربەخۆیی ئابووری. ڕێگەچارە خێراکەم لاپەسەندە. ڕێگەچارە خێراکە باشترین بژارەیە.

**ڕووداو: گوتت 95%ی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە داعش دەستی بەسەریاندا گرتبوو، پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردوونەتەوە. ئێستا تەرکیزەکە لە کوێیە؟**

**مستەفا سەید قادر:** زۆرینەی تەرکیزەکە ئێستا لەسەر ناوچەکانی پارێزگای مووسڵە وەک شەنگال و باشیک و قەرەقوش. هەروەها لە ناوچەی خەبات، هێشتا چەند ناوچەیەک ماون ئازاد بکرێن. هەروەها چەند ناوچەیەکیش لە پارێزگای کەرکووک ماون ئازاد بکرێن.

**ڕووداو: ئەی حەویجە؟**

**مستەفا سەید قادر:** لەوباوەڕەدایین کە ئازادکردنی حەویجە ئاسان نییە. لە داهاتوودا ڕەنگە تاوتوێی پلانی ئازادکردنی ئەو ناوچەیە لەگەڵ سوپای عێراق و هاوپەیمانەکان بکەین. بەڵام ئێستا پلانێکی لەو جۆرە نییە.

**ڕووداو: پلان چییە بۆ شاری مووسڵ؟**

**مستەفا سەید قادر:** ئێستا خەریکی تاوتوێی پلانین لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئەمریکاو هاوپەیمانەکان. خەریکی لێکۆڵینەوەین لە پلانێک بۆ ئازادکردنی مووسڵ.

**ڕووداو: پێشمەرگە بەشداریی دەکات؟**

**مستەفا سەید قادر:** بەدڵنیاییەوە پێشمەرگە بەشداری دەکات، بەڵام بەوشێوەیە بەشداری دەکەین کە دەمانەوێت. ئازادکردنی مووسڵ گرنگە چ بۆ حکومەتی عێراق و چ بۆ هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی داعش کردوویەتی بە پایتەختی خەلافەتەکەی. داعش زۆر سەرنجی لەسەر ئەو شارەیە. ئەگەر داعش لە مووسڵ دەربکەین ئەوە کلیلی پاککردنەوەیان دەبێت لە تەواوی عێراق.

**ڕووداو: پلانەکە کەی جێبەجێ دەکرێت؟**

**مستەفا سەید قادر:** هیچ کاتێک بۆ ئازادکردنی مووسڵ دیاری نەکراوە. کاتێک گەرەنتی سەرکەوتن هەبوو ئەو کات هێزەکان دەجوڵێنین، بەڵام هەتا زووتربێت باشترە. گرنگترین شت ئەنجامەکەیە. ئەگەر پێویست بێت پلانەکە دوابخەین لە پێناو ئەنجامێکی سەرکەوتووتر، ئەوا دەبێت وابکەین.

**ڕووداو: بەشدار بوویت لە کۆبوونەوەکانی ئەمدواییە لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمریکا ئاشتۆن کارتەر. سروشتی ئەو کۆبوونەوانە چی بوون؟**

**مستەفا سەید قادر:** سەردانەکە بۆ خۆی گرنگیی خۆی هەبوو. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا گرنگی بە هەرێمی کوردستان دەدات. بەرپرسانی ئەمریکی ڕۆڵی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان و چەکدارانی کوردی ڕۆژئاوا لە شەڕی دژ بە داعش بەرز دەنرخێنن. ئەمریکیەکان دەڵێن بەردەوام دەبن لە دابینکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ پێشمەرگە.

**ڕووداو: باستان لە ڕاستەوخۆ پڕچەککردنی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاوە کرد؟**

**مستەفا سەید قادر:** بەڵێ، پڕچەککردنی کورد لە ڕێگەی بەغداوە دەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە و جارێکی تر ڕایگەیاند کەلای پەسەندە ڕاستەوخۆ پڕچەک بکرێت. بەڵام ئەمریکا بە هۆکاری تایبەتی خۆی ناتوانێ ئەوە بکات. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەوان دڵنیایان کردینەوە لەوەی ئەو چەکانەمان پێدەگات کە بۆمان دەنێرن.

## ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# لە دوای 23ی حوزەیرانەوە تەرازووی هێز گۆڕاوە



ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) داوای کشانەوەی حیزبەکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵپەساردنی ئەندامییەتی پەرلەمانتارانیان دەکات. هەڵەدنی کە یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران لەوپەڕی چەپەوە لە نێو حیزبێکی بێ چەک گیرساوەتەوە. پێیوایە چوار لایەنەکە (پارتی و گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ) حەز ناکەن ئەو دەستپێشخەرییەی یەکگرتوو سەربگرێت.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: بڕیار هەیە بەشداری کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بکەن؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** بەڵێ وەکو ئەرکێکی پیشەیی و پەرلەمانتاری بەشداری کۆبوونەوەکانی داهاتووی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، لەو کۆبوونەوانەش دیدو بۆچوونی خۆمان دەگەیەنین.

**ڕووداو: ئایا بەشداریی تۆ لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ خواستی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەت دەگونجێ کە ژووری عەمەلیاتی بۆ سازان دروستکردووە؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** بەشداریی من لە کۆبوونەوەکان هیچی پێچەوانەی هەوڵەکانی یەکگرتوو نییە بۆ گەیشتن بە سازان. پاشان بەشداری ئێمە ڕۆڵێکی باشی هەبوو کە داوامان کرد کاری لیژنەکە هەڵپەسێردرێت تاوەکو دەرفەتێکی دیکە بە لایەنەکان بۆ گەیشتن بە سازان بدرێ. پێشتریش کاک جەعفەر ئیمینکی بە تەلەفۆن داوای کردبوو دەرفەتێک بدرێت بە لایەنەکان و برادەرانی پارتیش بە هەمانشێوە داوایان لە سەرۆکی پەرلەمان کردبوو دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت. بۆیە بەشداری ئێمە لەو کۆبوونەوەیە داواکردن بۆ هەڵپەسیاردنی کاری لیژنەکە ئەم لایەنە باشە و کاریگەرەی هەبوو.

**ڕووداو: ئایا مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو داوای لێنەکردووی بەشداری کۆبوونەوەکە نەکەی؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** تاوەکو ئێستا بەشێوەی فەرمی یەکگرتوو داوای لێنەکردووم بەشداری کۆبوونەوەکانی لیژنەی یاسایی نەکەین.

**ڕووداو: کۆبوونەوەکانی لیژنەی یاسایی ئاستەنگ بۆ سازان و ژووری عەمەلیات دروست ناکات؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** دوو بۆچوون هەیە یەکێکیان دەڵێی ئەمە سازان پەکدەخات بۆچوونێکی دیکەش هەیە دەڵێن ئەم هاندەرو پاڵپشتی سازانی نیشتمانییە من پشتگیری بۆچوونی دووەم دەکەم. کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی گوشارێکە لەسەر لایەنەکان بۆ گەیشتن بە سازان و تەوافوق، چونکە ناکرێت لایەنەکان بە بیانووی سازان 6 مانگی دیکە دانیشتن و کۆبوونەوە بکەن و نەگەنە ئەنجام.

**ڕووداو: لە دوو کۆبوونەوەی رابردوو ژووری عەمەلیات هیچ شتێکی لێ سەوز نەبووە، کاری لێژنەکە بە کوێ دەگات؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** راپۆرت نووسین کاتی دەوێت و ئێمە کۆمەڵێک وێستگەی دیکەمان لە بەردەم ماوە، لەوانە تەواوکردنی رێژەی یاسایی و ئەنجامدانی خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای هەمواری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی یاساکە. هیچ گرەنتییەکیش نییە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاساکە پەسەند بکات و پاشان کە یاساکە دەگەڕێتەوە پەرلەمان، فریای پێداچوونەوەی ناکەوین، چونکە 20ی ئاب زۆری نەماوە.

بەداخەوە دوو بژاردە بۆ دەرچوون لەم قەیرانە هەبوون ئەویش لە باربران، یەکەم رێککەوتن و نووسینەوەی دەستوور بوو کە بە پلەی یەکەم پارتی بەرپرسی بوو لەوەی تەوافوقی لەسەر نەکراو بە زووترینکات نەخرایە راپرسی. دووەمیش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو کە ئەویش خەتاکەی لە کۆمسیۆن بوو کە نەیتوانی هەڵبژاردن ئەنجام بدات.

**ڕووداو: پەرلەمانتارە بادینییەکانی فراکسیۆنی یەکگرتوو رایان لەگەڵ بەشداری تۆ لە کۆبوونەوەی لیژنەکان نییە؟ بۆچی؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** لە هەفتەی رابردوو پێش بەشداری بەندە لەکۆبوونەوەکە رای سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنەکە وەرگیرا، بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری بەشداری کردنی من لەو کۆبوونەوەیە بە گرنگ زاندرا، بۆ دانیشتنی بەیانیش پرس و رای هەموو ئەندامانی وەردەگیرێت، برایانی بادینان تەنیا لەسەر بەشداریی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە دانیشتنی 23ی حوزەیرانی تێبینی و سەرنجیان هەبوو، ئەویش بە فەرمی داوام لە مامۆستا سەعید عەلی عەبۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەڤەری بادینان کردووە بۆ ئەوەی سەردانیان بکەین وەکو فراکسیۆن روونکردنەوە و زانیاری لەسەر هۆکار و مەبەستی بەشداری ئێمە لە دانیشتنی 23ی حوزەیران بدەین، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە. رای سەرکردایەتی یەکگرتوو ئەوەیە کە لە دوایین کۆبوونەوەی خۆی ئاماژە بە سازانی نیشتمانی و گەڕاندنەوەی دوو ئیدارەیی خیانەتی نیشتمانییە و کوفرە، تەنانەت ئەگەر لایەنێکی سیاسیش دەستی بۆ ببات وەکو کارتێکی گوشار.

**ڕووداو: لە ماوەی رابردوودا کۆمەڵێک نیگەرانی زۆر بەرامبەر بەشداریی پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لە کۆبوونەوەی 23ی حوزەیران لەلایەن سەکردایەتی بادینان و تا ئاستی دەستلەکارکێشانەوە دروستبوو، هیچ هەوڵێک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی حیزبەکەتان هەیە؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** بادینان بۆ ئێمە جێگای شانازییە و روو سووری ئێمەن. بادینییەکان دڵی ئێمەن، یەکگرتوو هیچ سەنگ و قورساییەکی بەبێ بادینان نابێت. یەکریزی نێوخۆی یەکگرتوو بە تۆکمەیی دەمێنیتەوە، دەکرێت لێکگەیشتن و بەرچاروونی بۆ کاری پەرلەمانی و ئەرکی پەرلەمانتار هەبێت لە هەموو دونیاش هەر وایە کە پەرلەمانتار ئازادی هەیە.

**ڕووداو: ئەگەر لایەنەکان نەگەیشتن بە سازان ئەوکات چی؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** من گەیشتبینم لایەنەکان بگەنە رێککەوتن. هەرێمی کوردستان 18 ملیار دۆلاری کۆمپانیاکان قەرزدارە. ئەو خاوەن کۆمپانیایانەی کە قەرزیان هەیە هەوڵدەدەن هەرێمی کوردستان بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، دۆخی ئێستای کوردستان جیاوازە لە ساڵی 1996، دەبێت لایەنەکان رەچاوی باردۆخی هەرێمی کوردستان بکەن کە ئێستا پێشمەرگە بەم گیانفیداییە لە شەڕێکی سەختدایە لەگەڵ داعش خەڵکی کوردستان زیاتر لە ساڵێکە بەرگەی بێ بودجە و مووچەیی گرتووە و رۆژانە گەنجان بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچدەکەن. دەبێت لەبەر ئەم باردۆخانە لایەنەکان ئیرادەیەکی بەهێزیان هەبێت بگەنە رێککەوتن، دەبێت هەموو لایەنەکان سازش لە بەشێک لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.

**ڕووداو: ئەو سازش کردنە لەسەر چ بنەمایەک دەبێت؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** یەکەم هێز کە دەبێت سازش بکات پارتی دیموکراتی کوردستانە. بە حوکمی ئەوەی کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هی ئەوانە، دەبێت بە قەبارەی 38 کورسییەکەی خۆی و وەکو هێزی یەکەمی کوردستان سازش لە داواکانی بکات.

دەبێت پارتی هەست بە بەرپرسیارێتی زیاتر بکات و خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ کێشەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی بەغدا و کێشەی باکوور و رۆژئاوا هەبێت، چونکە لە دوای 23ی حوزەیرانەوە تەرازووی هێز گۆڕا و باردۆخێکی جیاواز دروستبووە.

**ڕووداو: ئەگەر نەگەیشتن بە رێککەوتن تاوەکو 19ی ئاب باروذۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەچێت؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** ئەگەری زۆرە بۆشایی یاسایی دروست بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە. ئەگەری دیکەش هەیە هێزێکی دیکە لە حکومەت بکشێتەوە. ئەگەرچی حکومەتی بنکەفراوان خراپترین جۆری حکومەت بووە لە هەرێمی کوردستان بەڵام ئێمە لە یەکگرتوو لەبەر قەناعەتمان بەوەی کە باردۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و یەکریزی نێو ماڵی کورد پێویستی بە حکومەتی بنکەفراوان هەیە، بۆیە بەشداریمان تێدا کرد، بەڵام بەداخەوە رێز لە رێککەوتنە سیاسییەکان نەگیرا.

**ڕووداو: بۆچی رێزی نەگیراوە؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم رێککەوتنی سیاسی بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان رێزی لێنەگیراو و جێبەجێ نەکرا، رەنگی لەسەر تەواوی جومگەکانی دەسەڵات نەبوو. ئەو رێککەوتنە بۆ ئاستی خوارەوە شۆڕنەکرایەوە. حکومەتی هەولێر و دهۆک دروست نەکرا، بەشداریی لایەنەکان لە حکومەت سنووردارە.

**ڕووداو: یەکگرتوو هەڵوێستی چی دەبێت ئەگەر ژووری عەمەلیات سەری نەگرت، قسەیەک هەیە بۆ ئەوەی رێژەی یاسایی دروست نەبێت؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** ئەگەر باردۆخ هەرێمی کوردستان تێکبچێت لە هەموومان تێکدەچێت و بەرژەوەندی هەموومان دەکەوێتە مەترسی، بەڵام بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی لایەنە گەورەکان دەکەوێتە مەترسی. یەکگرتوو نە تەنکەری نەوتی هەیە، نە بۆری نەوت و کۆمپانیا مۆڵی هەیە، هیچمان لەو کوردستانە نییە. تەنیا ئەندامی رەش و رووت کە چەندین ساڵە لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە لە دامەرزاندن و خانەنشین و خوێندنی باڵاو زەوی وەرگرتن مەحروم کراون. بۆیە ئامادەشن 20 ساڵی دیکە بە کولەمەرگی بژین.

من وەکو رای شەخسی خۆم پێموایە دەبێت یەکگرتوو بژاردەی دووەم و سێیەمی لەبەر دەست بێت، ئەگەر ئەم سازانە سەری نەگرت، پێمباشە هەر ئەمشەو یەکگرتوو لە حکومەت بکشێتەوە.

**ڕووداو: بۆچی یەکگرتوو بکشێتەوە؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** لەبەر ئەوەی ئەم حیزبانە گاڵتە بە خەڵکی کوردستان دەکەن، نەرمی بەرامبەر یەکتری نانوێنن، داواکانی پارتی زۆر ناواقیعین پارتی دەیەوێت بارزانی بە تەواوی دەسەڵاتەکانی بمێنێتەوە، بەڵام بچووکترین سازش بۆ لایەنەکانی دیکە ناکات. بۆیە حەق نییە یەکگرتوو باجی ئەو باردۆخە بدات، لایەنەکان بۆ سوڵح یەکگرتوو دەخەنە پێشەوە بەڵام بۆ دابەشکردنی پۆست و ئیمتیازات و دەستکەوت حیساب بۆ یەکگرتوو ناکەن. بەرپرسیاریەتی یەکگرتوو هێندەی 10 کورسیە بەرپرسیارییەتی گەورە لەسەر ئەوانەیە کە خاوەنی 38 کورسی و 24 کورسی و 18 کورسین.

**ڕووداو: قسەکە لەسەر ئەوەیە کە پارتی سازشی نەکرد، لایەنەکان لەسەر خوێندنەوەی دووەم بەردەوام بوون رۆڵی پەرلەمانتاران چی دەبێت؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** دەبێت یەکگرتوو بە زووترین کات لەم حکومەتە بکشێتەوە، ئێمەی پەرلەمانتارانی یەکگرتووش هەموو چالاکییەکانمان لە پەرلەمانی کوردستان هەڵپەسێرێن، دەبێت سەکردایەتی یەکگرتوو ئەو دوو بڕیارە بدات نەک بە شێوەیەکی جوزئی بڕیار بدات کە یەکگرتوو نەچێتە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی یان بەشداری دانیشتنێکی دیاریکراوی پەرلەمان نەکات بۆ ئەوەی رێژەی یاسایی تەواو نەکات، چونکە ئەوە بە قازانجی پارتی تەواو دەبێت. بەڵکو باشترین بژاردە کشانەوە لە حکومەت و هەڵپەساردنی چالاکیی پەرلەمانتارەکانە. ئەم دوو ساڵە دەبینە ئۆپۆزیسیۆن.

**ڕووداو: بەشێک لە یەکگرتووەکان پێیانوایە لە ژێر کاریگەری گۆڕان هەر لەسەر ئەم بنەمایە پرۆژەتان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشکردووە؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** یەکگرتوو لە ژێر کاریگەری گۆڕان و هیچ حیزبێکی دیکە نییە، لە کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو و پاکێجی ئۆپۆزیسیۆن و بەرنامەی هەڵبژاردن و بڕیاری سەرکردایەتی و مەکتەبی حیزب هەموو باسی جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی کراوە، بۆیە ئێمەش وەکو فراکسیۆنی پەرلەمانی بەرجەستەی ئەو پێنج پرەنسیپە دەکەین.

**ڕووداو: ترستان نییە وەکو دابەشکردنی پۆستەکانی سلێمانی و هەڵەبجە لەم سازانەش هیچتان دەست نەکەوێت؟**

**ئەبوبەکر هەڵەدنی:** قەدەری یەکگرتوو وایە تەنیا لە سوڵح پێشمان دەخەن، بەڵام لە دابەشکردنی غەنیمەتەکان ئێمە لە دواوەین. ئەمە بۆ ئێمە شەرەفمەندییە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمە لاسەنگییە بەشێکی پەیوەندی بە لاوازی لایەنی دانوستانکاری یەکگرتووە هەیە، بەڵام رۆڵێکی نیشتمانیی گەورەیە یەکگرتوو پارتی و یەکێتی قەدریان نەزانییوە، جار هەبوو لە ماوەی دوو مانگ دوو هەزار ئەندامی ئێمە بانگی ئاسایش کراون، کەچی 20 ساڵە داعش و تیرۆرستێکمان تێدا هەڵنەکەتووە، ئێمە بەرگەی ئەو گوشارانە دەگرین، ئێمە لە هەڵبژاردنی 1992 دەنگمان بە مەسعود بارزانی دا و لە حکومەتی خیانەتی 31ی ئابیش بەشدار بووین کەچی پارتی پێینەزانین، دووجار پارتی بارەگانی سووتاندنین، بەڵام لەگەڵ پارتی رێککەتینەوە، دیسانەوە پێی نەزانین. بۆیە ئێمە ئەمجارە پاس بدەینەوە پارتی ئەو حیزبە هێشتا پێی نەزانی.

بڕواش ناکەم خەڵکی کوردستان ئەو دەستپێشخەری ئێمە بە گرنگ نەزانن، ئەگەرچی من دڵنیام هیچ کام لە چوار هێزەکەی دیکە پێیان خۆش نییە ئەو دەستپێشخەرییەی ئێمە سەربگرێت، بەڵام هیوادارم حەز بکەن سەربگرێت، چونکە لە قازانجی هەمووومان دایە.

داوا دەکەم یەکگرتوو لە حکومەت بکشێتەوە

چوار لایەنەکە حەز ناکەن دەستپێشخەرییەکەی یەکگرتوو سەر بگرێ

بەشداری کۆبوونەوەکانی داهاتووی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکەم

یەکگرتوو داوای لێنەکردووم بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی نەکەم



یەکەم هێز کە دەبێت سازش بکات پارتی دیموکراتی کوردستانە

حکومەتی بنکە فراوان خراپترین حکومەت بووە

بۆ سوڵح دەمانخەنە پێشەوە و لە دەستکەوتەکانیش حیسابمان بۆ ناکەن

ڕووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (369) دووشەممە 2015/8/3

## CHP داوای وەستاندنی شەڕ دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

پارتی گەلی کۆماری جەهەپە داوا دەکات شەڕی نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوەستێت و لەسەر هەمان پرسیش بەرپرسانی ئەو پارتە لە ئامەد لەگەڵ هاونیشتمانییانی باکووری کوردستان کۆبوونەوە. پەرلەمانتاران و شاندی جەهەپە رەخنە لە حکومەتی تورکیا دەگرن و داوا دەکەن چەک بێدەنگ کرێت و شەڕ بوەستێت. هاوکات داوا لە هەموولایەکیش دەکەن بگەڕێنەوە سەر مێزی ئاشتی و دەڵێن دەبێت پرۆسەی ئاشتی لە پەرلەمانەوە دەست پێبکرێتەوە.

هەڵسوڕاوە ناڕازییەکانی گۆڕان گەڕانەوە نێو بزووتنەوەکە

# خانەی ڕاپەڕاندن دەدرێتە هەڵسوڕاوە ناڕازییەکانی گۆڕان

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای نزیکەی پێنج ساڵ لە نیگەرانی، هەفتەی رابردوو زۆربەی هەڵسوڕاوە ناڕازییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان گەڕانەوە نێو بزووتنەوەکە و هەندێکیان پۆستی تازەیان لە نێو ئەو بزووتنەوەیە دەدرێتێ.

یەکێک لە سەرکردە ناڕازییەکانی گۆڕان کە ئێستا گەڕاوەتەوە نێو گۆڕان و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گەڕانەوەی هەر یەک لە عوسمانی حاجی مەحموود، قادری حاجی عەلی، مام رۆستەم، سەلاح رەشید، ئاوات قارەمانی، عادل شکور و زۆربەی هاوبیرەکانی دیکەیانی پشتڕاست کردەوە.

ئەو هەڵسوڕاوە گوتی "دوای ئەوەی کاک نەوشیروان و کاک عوسمانی حاجی مەحموود گەشتنە لێکتێگەشتن، ئەو گەڕایەوە. ئێمەش هاوڕابووین بە چوونەوەمان بۆ نێو گۆڕان، هەرچەندە ئێمە هەر هەڵسوڕاوی ئەو بزووتنەوەیە بووین، بەڵام گرفتمان لەگەڵی هەبوو".

رۆژی 28ی حوزەیران، نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بەتەلەفۆن دوای هەواڵپرسی، لەگەڵ مام رۆستەم هەڵسوڕاوی ناڕازیی گۆڕان باسی گەڕانەوەی کردبوو، دوو رۆژ دواتریش سەردانی ماڵی عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی کردبوو کە ئەم دووانە هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەکە بوون.

ئاوات شێخ جەناب، رێکخەری ژووری کارگێڕی و ئابووریی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "جۆرێک لە لێکنزیکبوونەوە لەنێوان ئەو سەرکردانەدا هەیە، هیچ کاتێکیش تاوەکو ئێستا دابڕان بە مانای جیابوونەوە روویناداوە. کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی و سیاسی و حیزبی وایکردووە بەردەوام پەیوەندی لەنێوانیاندا بمێنێ".

نیگەرانیی سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان و دارشتنی پەیکەری رێکخراوەیی بزووتنەوەکە کە دەیانگوت هەندێک کەس بەبێ پێوەر بوون بە ئەندامی جڤات، بۆیە عوسمانی حاجی مەحموود، قادری حاجی عەلی، سالار عەزیز و چەند کەسێکی دیکە چوونەوە ماڵەوە. هەرچەندە لەو ساڵانەدا چەند جارێک لەنێوان هەردوولادا دانیشتن و کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، بەڵام سەردانەکەی مانگی رابردوو وایکرد جارێکی دیکە لە گردی زەرگەتە یەکبگرنەوە.

ئاسۆ مەحموود، باژێڕوانی سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو هاوڕێیانەمان پێشووتر داواکاریی دامەزراندنی خانەی راپەڕاندنیان هەبوو، بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە هەڵبژاردن لە بادینان و خانەقین و کەلار بکەین، بەم هۆیەشەوە نەمانتوانی خانەی راپەڕاندن دابمەزرێنین، هەر کات لەو شوێنانە هەڵبژاردن بکرێت، خانەی راپەڕاندنیش دادەمەزرێنین".

بەپێی دەستووری نێوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان، خانەی راپەڕاندن لە حەوت کەس پێکدێت، ئەوانیش: (رێکخەری گشتی، سکرتێری ژوورەکان، سکرتێری کاروباری خەڵک، سکرتێری فراکسیۆنەکان، سکرتێری ئەنجوومەنەکان، سکرتێری جڤاتی نیشتمانی و سکرتێری جڤاتی گشتی).

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بەم نزیکانە بزووتنەوەی گۆڕان خانەی راپەڕاندن پێکدەهێنێ و بەڵێنی ئەوەش دراوە کە عوسمانی حاجی مەحموود بکرێتە سەرۆکی خانەکە و قادری حاجی عەلی بکرێتە جێگری و هەڵسوڕاوەکانی دیکەش لەنێو ژوورەکاندا کار وەربگرن.

لە پێنج ساڵی رابردوودا، هەڵسوڕاوە ناڕازییەکانی گۆڕان لە هەندێک پرۆسەی بانگەشە و هەڵبژاردندا بەشدارییان کردووە و خۆشیان بە دامەزرێنەری گۆڕان دەناساند، بەڵام گەڕانەوەیان بەند بوو بە رازیکردنی عوسمانی حاجی مەحموود کە لە باشووری کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەی گەرمیان لایەنگرێکی زۆری هەیە و لەنێو پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئەندامی هەیە و چەند جارێکیش لە ساتەوەختە هەستیارەکاندا یەکێتی داوای لە عوسمانی حاجی مەحموود کردبوو بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی پەرلەمانتار و ئەندام ئەنجوومەنەکانی نزیک لەخۆی، بەڵام ناوبراو ئەو داوایانەی رەتکردبووەوە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

---

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی:

# زەحمەتە یەکێتی و گۆڕان یەکبگرنەوە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیەنن کە رێککەوتنی سیاسی نێوانیان لەسەر ئاستی حیزبی و حکومییە، گوتەبێژی یەکێتیش سەبارەت بە ئەگەری یەکگرتنەوەیان دەڵێت "بۆ یەکگرتنەوە وەکو یەک حیزب ئەوە زەحمەتە".

نزیکبوونەوە و هاوهەڵوێستییەکانی ئەمدواییەی نێوان یەکێتی و گۆڕان تەنیا بەوەوە نەوەستا کە هاوڕان لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمی پەرلەمانی، بەڵکو مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی رۆژی شەممەی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا رایگەیاند "زیاتر لە ساڵێکە یەکێتی لەگەڵ گۆڕان گفتوگۆمان هەیە و دەگەینە رێککەوتنی سیاسی".

بە گوتەی ناوبراو، لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوە کە لە یەکێتی حاکم قادر، رەفعەت عەبدوڵلا و فەرید ئەسەسەرد و لە بزووتنەوەی گۆڕانیش لە عوسمانی حاجی مەحموود، محەممەد تۆفیق رەحیم و عومەری سەید عەلی پێکهاتووە.

مەلا بەختیار هەروەها گوتی "ئومێدەوارین بە زووترین کات گەڵاڵەنامەیەک ئامادە بکرێت و پەیوەندیی یەکێتی و گۆڕان بگاتە قۆناغێک، ململانێکانی رابردوو کە زیانی زۆری بە هەردوولا گەیاندووە کۆتایی پێبهێنرێ".

محەممەد تۆفیق رەحیم، رێکخەری ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێک لە ئەندامانی بزووتنەوەکە بۆ ئەو رێککەوتنە تەنیا ئامادەبوو قسەکانی مەلا بەختیار پشتڕاست بکاتەوە و گوتی "ئەوەی گوتراوە تەواوە".

بەڵام عیماد ئەحمەد گوتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "رێککەوتنەکە بۆ ئەوەیە، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی هەستیاردایە و دەبێت بەرنامە و پرۆژە هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە ناوچەکەدا، ئەوەش هەماهەنگیی دەوێت".

عیماد ئەحمەد نزیکبوونەوەی گۆڕان و یەکێتی بە ئاسایی دەبینێت و دەڵێت "ئێمە و گۆڕان یەک سەرچاوەمان هەبووە و دواتر جیابووینەتەوە و ئێستاش گۆڕان ئامادەییان لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە، پاشانیش لە ناوچەیەکدا نفوزیان هەیە کە ناوچەی نفوزی ئێمەشە، بۆیە ئێمە چەند تەبا بین ئەوەندە خۆمان و میللەتەکەشمان قازانج دەکەین و چەندیش ناتەبا بین، ئەوا خۆمان و میللەتیش زەرەر دەکەین". گوتیشی "ئەم رێککەوتنە لەسەر ئاستی حیزبی و حکومەتیش رەنگدانەوەی دەبێت".

پێش نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی لە ساڵی 2012دا، بۆ یەکەمینجار کۆبوونەوەیەک لە نێوان تاڵەبانی و نەشیروان مستەفا و وەفدی باڵای هەردوولا لە ئۆفیسی تایبەتی تاڵەبانی لە گردی دەباشان لە شاری سلێمانی سازکرا و هەر ئەوکاتیش لە بەیاننامەیەکدا داوای سیستەمی پەرلەمانییان بۆ هەرێمی کوردستان کرد.

گوتەبێژەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی "ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی هەنگاوەکان بوو، بەڵام ماوەیەک دابڕاین و پاشان بەردەوامیمان پێدا، بارودۆخی سیاسی کوردستانیش دەخوازێت ئێمە و گۆڕان و هەموو لایەنەکان تەبا بین".

هەنگاونانی یەکێتی و گۆڕان بۆ ئەو رێککەوتنە سیاسییە لە کاتێکدایە کە ساڵانێکی زۆر یەکێتی و پارتی رێککەوتننامەی ستراتیژی لە نێوانیاندا بوو، بەڵام عیماد ئەحمەد گوتی رێککەوتنەکەیان لەگەڵ گۆڕان لەسەر حسابی هیچ لایەنێک نییە.

سەبارەت بە نێوەڕۆکی رێککەوتننامەکەشیان لەگەڵ گۆڕان، گوتی "جارێ لەسەرەتای رێگەکەداین و وردەکاری ماوە". دەربارەی ئەوەی کە پێشبینی دەکەن ئەو رێککەوتنە ببێتە هۆی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان لە ئایندەدا، عیماد ئەحمەد گوتی "بۆ یەکگرتنەوە وەکو یەک حیزب ئەوە زەحمەتە، بەڵام دەکرێت چوارچێوەیەکی رێکخستن بۆ خۆمان دروست بکەین کە پەیوەندییەکانمان رێکبخات و سیاسەتەکانمان دیاری بکات و بتوانین رۆڵێکی لە ئێستا باشتر ببینین".

پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لەو رێککەوتنەی نێوان یەکێتی و گۆڕان دەکات و دەڵێن کاریگەریی لەسەریان نابێت. کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "رێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، چونکە دوو حیزبی کوردستانین و بڕیار بە دەستی خۆیانە و دەشتوانن یەکبگرن". گوتیشی "ئەگەر خۆیان قەناعەتیان بەوەیە تێکەڵ ببنەوە ئەوە پرس بە ئێمە ناکەن و پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، ئێمە لە حکومەت و پەرلەمانین و ئەو رێککەوتنە هیچ کاریگەریی لەسەر ئێمە نییە و پێمان ناخۆش نییە".

---

ئەگەر قوباد تاڵەبانی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێ

# یەکێتی بەرپرسانی پارتی بانگهێشتی پەرلەمان دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان سوورن لەسەر بانگهێشتکردنی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زانینی "ئاگاداربوونی یەکێتی" لە دۆسیەی نەوت، پەرلەمانتارێکی یەکێتیش رایدەگەیەنێت کە ئەو بانگهێشتکردنە "سیاسی"یە و ئەوانیش بەرپرسە حکومییەکانی پارتی بانگهێشت دەکەن.

مانگی رابردوو چەند بەرپرسێکی یەکێتی رایانگەیاند، لە کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی چەند دۆسیەیەکیان لەگەڵ باس دەکەن کە هێشتا لەلای یەکێتی روون نییە، لەوانەش دۆسیەی نەوت، دواتریش فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان داوای بانگهێشتکردنی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ئەوەی "روونکردنەوە" بدات سەبارەت بەوەی تا چەند ئاگاداری دۆسیەی نەوتە.

لە هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی باڵای هەرێم بۆ نەوت و گاز سەرپەرشتی دۆسیەی نەوت دەکات و هەریەک لە سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی سامانە سروشتییەکان و دارایی و ئابووری و پلاندانان تێیدا ئەندامن.

فراکسیۆنی پارتی تاوەکو ئێستاش لەسەر ئەو بانگهێشتکردنەی تاڵەبانی سوورن. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند، مەبەستیان لەو بانگهێشتکردنە ئەوەیە کە قوباد تاڵەبانی روونکردنەوە بە سەرکردەکانی حیزبەکەی بدات لەبارەی ئەوەی تا چەند ئاگاداری دۆسیەی نەوتن.

خۆشناو گوتی "زۆرجار لەسەر ئاستی باڵای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پەرلەمانتارانیشیان بە ئیستیفزازەوە و بۆ چەواشەکاریی رای گشتی دەڵێن گوایە یەکێتی ئاگای لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان نییە، بۆیە ئێمەش داوامان لە قوباد تاڵەبانی کە نوێنەرایەتی یەکێتی لە حکومەتدا دەکات ئەوەیە بزانین ئاخۆ ئاگاداری سیاسەتی نەوتە یان نا".



بەڵام پەرلەمانتارانی یەکێتی دژی ئەو بانگهێشتکردنەن و دەڵێن کە ئەو بانگهێشتە مەبەستی "سیاسی" لە پشتە، ئەگینا ئەگەر مەبەست لە زانینی سیاسەتی نەوتە، ئەوا پێویستە ئەنجوومەنی باڵای هەرێمی بۆ نەوت و گاز بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن.

گۆڕان ئازاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، قوباد تاڵەبانی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای هەرێمییە و ئەو ئەنجوومەنەش بڕیارەکانیان هاوبەشن و پێکەوە دەریدەکەن، بۆیە ئەگەر قسە لەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بکرێت، پێویستە ئەنجوومەنەکە بانگهێشت بکرێ، نەک تەنیا سەرۆک یان جێگر یان ئەندامێک "بێگومان ئەوە مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە، چونکە ئێمەش دەتوانین داوای بانگهێشتکردنی نێچیرڤانی بارزانی بکەین".

وەک گۆڕان ئازاد گوتی، کاتێک هەندێک بەرپرسی یەکێتی دەڵێن ئاگایان لە سیاسەتی نەوت نییە، پرسی نەوت کۆمەڵێک رەهەندی دیکەی هەیە، لەوانەش گرێبەستەکان و شیرینی نەوت و پاشانیش ئەو نەوتەی بە تانکەر دەفرۆشرێ و گوتی "داواکارییەکەی فراکسیۆنی پارتی سیاسییە و دەتوانن مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆببنەوە و گلەیی خۆیان بکەن".

ئومێد خۆشناو گوتی "مەبەستی ئێمە تەنیا پێدانی روونکردنەوەیە لەلایەن قوباد تاڵەبانییەوە بۆ سەرکردەکانی یەکێتی، چونکە لە کابینەکانی حکومەتدا هەمیشە سەرۆک یاخود جێگری سەرۆکی حکومەت لای یەکێتی بووە، بەڵام بەهۆی ئەو ململانێ و باڵباڵێنەی لەنێو یەکێتیدایە، ئەو جۆرە لێدوانانە دەدەن کە ئاگایان لە سیاسەتی نەوت نییە، جگە لەوەش ئێمە قسە لەسەر سیاسەتی نەوت ناکەین، تاوەکو ئەنجوومەنەکە بانگهێشت بکەین".

پەرلەمانتارەکەی یەکێتی دەڵێ بانگهێشتکردنی قوباد تاڵەبانییان بەلاوە ئاسایی نییە. ئەو هەڕەشەی کرد و گوتی "ئەگەر بە سیاسییانە مامەڵە بکرێت، ئێمەش کاردانەوەی خۆمان دەبێت و بانگهێشتی بەرپرسەکانی پارتی لە حکومەتدا دەکەین".

# دوای ساڵێک هێشتا راپۆرتی لیژنەی کەوتنی شنگال ئامادە نییە

## سێ بەرپرس لەسەر دۆسیەی کەوتنی شنگال سزا دراون

## یەکێک لەو بەرپرسانە: دوای شەش مانگ ئازادیان کردین


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

ئەمڕۆ 3ی ئاب ساڵێکی تەواو تێدەپەڕێ بەسەر داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە، بەڵام ئەو لیژنەیەی تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری کەوتنی شنگال، هێشتا راپۆرتی خۆی ئامادە نەکردووە. بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت لیژنەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک بەرپرس و پلەداری پێشمەرگە کرد. هەروەها دەڵێت "سێ بەرپرس لەسەر کەوتنی شنگال سزا دراون و بۆ ماوەی 6 مانگ راگیران".

رۆژی سێی ئابی 2014، رۆژێکی تاڵ بوو بۆ ئێزدییەکان. چەکدارانی داعش لەو رۆژەدا قەزای شنگال و چەندین گوند و کۆمەڵگەی دەوروبەری شنگالیان لە پەلامارێکی کتوپڕدا داگیرکرد، زیاتر لە 100 هەزار کوردی ئێزدی زێدی خۆیان جێهێشت و پەنایان بۆ چیای شنگال برد، بەڵام نزیکەی 5500 ژن و منداڵ و پیاوی ئێزدی نەیانتوانی خۆیان رزگار بکەن و کەوتنە دەست چەکدارانی داعش.

بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان، هەر دوای داگیرکردنی ئەم ناوچانە، چەکدارانی داعش نزیکەی 350 نێرینەی کوردی ئێزدییان لە گوندەکانی کوچۆ، سیبا شێخ خدر و حەردان گوللەباران کرد.

ئاوارەکان نزیکەی 10 رۆژ لە چیای شنگال مانەوە، دواتر پێشمەرگە و شەرڤانانی سەر بە پەکەکە توانییان رێگایەک بۆ دەربازبوونیان بکەنەوە. ئێستا زۆربەی ئەو ئاوارانە کە ژمارەیان زیاتر لە 100 هەزار کەسە لە کەمپی خانکێن.

جردۆ عەڤدۆ، 55 ساڵ کە کوردێکی ئێزدی کەمپی خانکێیە، دەڵێت "ئەوەی بەسەر ئێمە هات کارەساتێکی گەورە بوو، کارەساتەکە هێشتا بەردەوامە، چونکە ئێستاش کچ و ژنەکانی ئێمە لە سووریا و عێراق لە بازاڕ وەکو میوە دەفرۆشرێن، دەبووایە حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان جدیتر کاریان لەسەر دۆسیەی شنگال کردبا و ئەو کەسانەیان سزادابا کە کەمتەرخەم بوون".

دوای تێپەڕینی 17 رۆژ بەسەر گرتنی شنگالدا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە هەمانکاتدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەی پێکهێنا بۆ بەدواداچوونی هۆکارەکانی کەوتنی شنگال، چونکە ئەوکات وا بڵاوکرایەوە کە ئەو پێشمەرگە و پۆلیسانەی لە نێو شنگالدا بوون، بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکردووە پێشڕەویی چەکدارانی داعش رابگرێ.

عەڤدۆ کە هێشتا 15 کەس لە کەسە نزیکەکانی لەژێر دەستی داعشدان، دەڵێت "هەر لە سەرەتای رووداوەکەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال گۆڕی، ئومێدێکی گەورەمان بۆ دروستبوو کە خوێنی ئەو کەسانەی لەلایەن داعشەوە کوژران بەفیڕۆ ناڕوات، گوتیان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنرا و هەموو کەمتەرخەمەکان سزا دەدات، بەڵام بەداخەوە لیژنەکە کارێکی وای نەکرد کە کەمێک لە برینەکانی ئێمە سارێژ بکات".

بەوپێیەی زۆربەی بەرپرسانی شنگال سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن، بۆیە هەموو چاوەکان لەسەر پارتی بوون و بەوەش تۆمەتبار کرا کە هۆکار بوون بۆ کەوتنی شنگال. بۆیە هەر زوو مەسعود بارزانی، بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال گۆڕی.

دوای حەوت رۆژ لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی شنگال، هەر یەک لە بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال و بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال و سەرپەرشتیاری هێزەکانی پێشمەرگە لەو قەزایە بانگکرانە پیرمام و خرانە ژێر چاودێری.

یەکێک لەو سێ بەرپرسە کە ئێستا ئازادکراوە، بە (رووداو)ی گوت "بە بروسکەیەک بانگکراین بۆ پیرمام، لەوێ لە زیندان نەبووین، بەڵام لەژێر چاودێری بووین، بۆمان نەبوو لە پیرمام دەربچین، چەند جارێک لەلایەن لیژنەیەک بانگکراین و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کرا".

ئەو بەرپرسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئازادکردنی خۆیان دەکات و دەڵێت "سەردان بۆ لای ئێمە ئاسایی بوو، بەڵام بۆ ئێمە وەکو زیندان بوو، چونکە بۆمان نەبوو بچینە دەرەوەی پیرمام. دوای شەش مانگ رۆژێک پێیانگوتین ئێوە ئازادن و بڕۆنەوە ماڵەوە، بەڵام ئێستاش نازانم بۆچی گیرابووم و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان چی بوو".

وەک ئەو بەرپرسە باسی کرد، دوای ئازادکردنیان لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و نەگەڕاونەتەوە سەر کاری پێشووی خۆیان. ئەو گوتی کە چاوەڕێی بڕیاری سەرووی خۆیان دەکەن.

هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری راگەیاندن و هۆشیاری لە وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی ئەنجامی کارەکانی ئەو لیژنەیەی بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی کەوتنی شنگال پێکهێنرابوو، گوتی "نەک تەنیا لە شنگال، لە سەرجەم میحوەرەکان بەرپرسی فەرماندەکانی پێشمەرگە بانگکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ راپۆرتێک ئامادە نەکراوە تاوەکو بۆ رای گشتی رایبگەیێنین، دەبووایە ئەو لیژنەیە راپۆرتی هەبووایە".

سەبارەت بە سزادانی بەرپرسە کەمتەرخەمان لە دۆسیەی شنگالدا، هەڵگورد حیکمەت گوتی "جگە لەو سێ بەرپرسەی بانگرابوونە پیرمام و شەش مانگ راگیران و لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە، هیچ بەرپرسێکی دیکە لەسەر ئەم دۆسیەیە سزا نەدراوە، بەڵام زۆر فەرماندە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە".

# هێشتا چارەنووسی 3000 کوردی ئێزدی دیار نییە

## د.نوری شنگالی: هەموو ونبووەکان لە دەستی داعشدا نین

## ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا: بەشێک لە کچە ونبووەکان لەناو پەکەکەدان و ناوبەناو یەکێکیان دەگەڕێتەوە


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

بەپێی تازەترین ئاماری نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئاوارەکان لە شاری دهۆک، نزیکەی چوار هەزار کوردی ئێزدی هەتا ئێستا بێ سەروشوێنن، بەشێک لەوانە هەر لە دەستی داعشدان، بەڵام نزیکەی هەزار لەوانە کە نێرینەن، لەلایەن داعشەوە گوللەباران کراون.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت هەندێک لەو کچە کوردە ئێزدیانەی کاتی خۆی چوونەتە چیای شنگال، لە کاتی گەڕانەوەیان لە چیا چوونەتە ریزەکانی یەکینەکانی پاراستنی شنگال کە هێزێکی چەکداری سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە.

### 1850 کەس لە دەستی داعش رزگاریان بووە

د.نوری عوسمان شنگالی، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئاوارەکان لە شاری دهۆک، نوێترین ئاماری لەبارەی ئەو رزگاربووانە ئاشکرا کرد کە کەوتبوونە دەستی داعش و رایگەیاند "لەدوای داگیرکردنی شنگال تاوەکو ئێستا 1850 کوردی ئێزدی کە لەلایەن داعشەوە رفێنرابوون، ئازاد کراون، لەوانەش 847 ژن". هەروەها گوتی "لەو ژمارەیە 412 کەسیان لەلایەن داعشەوە ئازاد کراون کە زۆربەیان پیرەژن و پیرەمێرد بوون".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئێزدیانەی تاوەکو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، نوری شنگالی گوتی "هەر یەکێک ئەندامێکی خێزانەکەی ونبووبێت، هاتووەتە لای ئێمە و ناوی تۆمار کردووە، بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستی ئێمەدایە و لە 80%ی ئامارەکە دڵنیاین، تاوەکو ئێستا 3959 کوردی ئێزدی چارەنووسیان دیار نییە کە بەشێکیان لە نێو خاکی سووریادان".

شنگالی دەڵێت بۆیە 80%ی ئامارەکە راستە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "هەندێکیان لە دەستی داعش رزگاریان بووە و نەگەڕاونەتەوە لای کەسوکاریان، هەندێکیشیان دوای رزگاربوونیان چوونەتە دەرەوەی وڵات، بەڵام رەنگە کەسوکارەکەیان لەلای ئێمە بە ونبوو تۆماریان کردبن".

### 2500 ئێزدی لەلای داعش ماون

بەپێی زانیارییەکانی د.نوری شنگالی، هێشتا 2500 کوردی ئێزدی لەلای داعش ماون "زانیاریمان هەیە 2500 کوردی ئێزدی کە لەلایەن داعشەوە رفێنراون، هێشتا لە ژیاندا ماون و لەبن دەسەڵاتی داعشدان لە عێراق و سووریا".

سەبارەت بە پرۆسەی رزگارکردنی ئەوانەی لەبن دەستی داعشدان، د.نوری عوسمان گوتی "هەتا ئێستا پرۆسەی رزگارکردنی کوردانی ئێزدی بەردەوامە، جەنابی نێچیرڤان بارزانی بەردەوام جەخت دەکاتەوە کە هەرچی پێویستە بیکەین بۆ رزگارکردنی ئەوانەی هێشتا لەبن دەستی داعشدا ماون".

زۆر لەو ژنە ئێزدیانەی لەلایەن داعشەوە رفێنران، وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت. ئەو ژنانە سەرەتا براون بۆ شارۆچکەی تەلعەفەر، دواتر لە پیاوەکان جیاکراونەتەوە و براون بۆ شاری مووسڵ و شاری رەققە، لەوێ هەندێکیان بەسەر بارەگاکان و ماڵی ئەمیرەکانی داعشدا دابەشکراون و هەندێکیشیان بە خەڵکی ئەو دوو شارە فرۆشراون.

### "هەندێکیان بوونەتە شەڕڤان"

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە ئێزدییە و بەدواداچوونی بۆ دۆسیەی بێسەرشوێنانی شنگال کردووە، دەڵێت "هەموو ونبووەکان لە دەستی داعشدا نین. بەشێکیان کوژراون".

سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، زانیاریی نوێی لەبارەی چارەنووسی ئەم ونبووانە ئاشکرا کرد و بە (رووداو)ی گوت "هەندێک لەوانەی لە چیای شنگال بوون، کاتێک لەو چیایە رزگار کران لە رێگای چوونیان بۆ رۆژئاوای کوردستان و لەوێشەوە بۆ باشووری کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە گەریلای پەکەکە لەسەر رێگا بوون، دڵی کوردانی ئێزدیش لە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە ساردبوو، پەکەکە ئەمەی بە هەل زانی و لە رێگادا کچەکانیان ناونووس کردن، هەندێک لەو کچانە بەبێ ئاگاداری کەسوکاریان چوونەتە ریزەکانی پەکەکە، بۆیە کەسوکاریان هێشتا وا دەزانن لەلای داعشن".

سەیدۆ شنگالی ئامارێکی وردی لەلا نەبوو لەبارەی ئەو کچانەی چوونەتە ریزەکانی پەکەکە، بەڵام گوتی "ئێستا بەرە بەرە دەگەڕێنەوە نێو کەسوکاریان، ناوبەناو یەکێک یان دووان دەگەڕێنەوە. بەپێی زانیاریی ئێمە تاوەکو ئێستا نزیکەی 60 کچ لەوانە لە ریزی پەکەکەدا ماون".

خالی موراد، ژنێکی کوردی ئێزدییە لە کەمپی شاریا کە 50 ئەندامی بنەماڵەکەی لەلایەن داعشەوە رفێنراون. ئەو گوتی "لە کۆمەڵگەی سیبا شێخ خدر بووین، ئەوکات داعش هات هەوڵماندا بگەینە چیای شنگال، بەڵام لە نزیک چیا کەوتینە دەستی چەکدارانی داعش".

ئەو ژنە کە لەگەڵ 5 کوڕ و بووک و نزیکەی 40 نەوەی کەوتنە دەستی داعش، باسی رزگاربوونی خۆیان دەکات و دەڵێت "نزیکەی 9 مانگ لەلای چەکدارانی داعش بووین، پاشان پیرەژن و پیرەمێردەکانیان جیاکردنەوە و بردیانن بۆ کەرکووک و ئازادیان کردن. کە هاتمە دهۆک تەنیا بووکێک و نەوەیەکم لێرەبوون، ئەوانی دیکە تاوەکو ئێستا چارەنووسیان نادیارە".

خالی ئومێدێکی هەیە کە بووک و کچەکانی ببینێتەوە، بەڵام زۆر نا ئومێدە لەوەی جارێکی دیکە کوڕەکانی و نەوە کوڕەکانی ببینێتەوە "هەتا مردن چاوەڕێم، بەڵام باوەڕ ناکەم کوڕە گەنجەکان و پیاوەکان ببینمەوە، داعش هەر دەیانکوژێت".

رووداو
ئابووری
ژمارە (369) دووشەممە 2015/8/3



## مەرزێکی تازە لە هەڵەبجە دەکرێتەوە

**رووداو- هەڵەبجەی شەهید**

ئەرکان حەسەن قایمقامی قەزای هەڵەبجە بە (رووداو)ی راگەیاند رۆژی 2015/8/2 بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەڵەبجە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەردوولا، مەرزی مڵەخورت لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کرایەوە. ناوبراو گوتی "ئەو مەرزە لە نێوان ناحیەی خورماڵ و شاری سەوڵاوای رۆژهەڵاتی کوردستانە، ماوەیەکی زۆرە لە پەیوەندی داین لەگەڵ قایمقامی شارۆچکەی سەوڵاوا بۆ کردنەوەی مەرزەکە، چونکە سوودێکی ئابووری باشی بۆ هەردوولا دەبێت".

### بەهۆی کەمکردنەوەی مووچەی سێ سەرۆکایەتییەکە

# ساڵانە 85 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە

**محەممەد هادی و ئاسۆ فیشەگی**
**رووداو- هەولێر**

بەبڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق، مووچەی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کەمدەکرێتەوە و بڕیارەکە فەرمانبەرانی سەرۆکایەتییەکانیش دەگرێتەوە. بەهۆی ئەم بڕیارەشەوە ساڵانە زیاتر لە 85 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.

ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رەخنە لەو بڕیارەی عەبادی دەگرێ.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند "ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران موزایەدەیەکی سیاسییە لەلایەن عەبادییەوە و ئەگەری هەیە بەر لە کۆتایی ئەمساڵ بڕیارەکە هەڵبوەشێتەوە".

## مووچە و دەرماڵەی سەرۆکایەتی کۆمار

مووچەی بنەڕەتی سەرۆک کۆماری عێراق 7 ملیۆن دینارە و دەرماڵەکانیشی 76 ملیۆن دینارە، تێکڕای مووچەکەی دەکاتە 83 ملیۆن دینار.

بەپێی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران، دەرماڵەی سەرۆک کۆمار بە رێژەی 50% کەم دەکرێتەوە، بەمەش دەرماڵەکانی کەمدەبنەوە بۆ 37.5 ملیۆن دینار و تێکڕای مووچەی سەرۆک کۆمار دوای کەمکردنەوەی مووچەکەی 44.5 ملیۆن دینار دەبێت.

سەرۆک کۆمار، سێ جێگری هەیە کە مووچەی بنەڕەتی هەر یەکێکیان 7 ملیۆن دینارە و دەرماڵەکەشیان 56 ملیۆن دینارە، واتە هەر یەکێکیان مانگانە 63 ملیۆن دینار وەردەگرێت، بەڵام 50%ی دەرماڵەکانیان کەم دەکرێتەوە و دەبێتە 27.5 ملیۆن دینار. بەو شێوەیە تێکڕای مووچەی مانگانەیان دەبێتە 34.5 ملیۆن دینار.

مووچە و دەرماڵەی سەرۆک کۆمار و جێگرەکانی بەر لە کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان 272 ملیۆن دینار بوو، دوای کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان دەبێتە 148 ملیۆن دینار. بەمەش مانگانە تەنیا لە مووچەی ئەو چوار کەسە 124 ملیۆن دینار بۆ خەزێنەی حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە.

مەسعود حەیدەر دەڵێت، کەمکردنەوەی دەرماڵەی سەرۆک کۆمار بە رێژەی 50% ئاساییە، بەڵام بەپێی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران، مووچەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە وەک مووچەی سەرۆک وەزیرانی لێدێت. بەپێی بڕیارەکە قەبارەی مووچەی سەرۆک کۆمار هێشتا کەمتر دەبێتەوە و دەبێتە 21 ملیۆن دینار، چونکە مووچەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دوای کەمکردنەوەی دەبێتە 21 ملیۆن دینار. گوتیشی "ئەمە جێگای قبوڵ نییە و هەوڵ دەدەین پێداچوونەوەیەک بەم بڕیارەدا بکرێت، چونکە ناکرێت مووچەی سەرۆک کۆمار بەو رێژەیە کەم بکرێتەوە".

## مووچە و دەرماڵەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

مووچەی بنەڕەتی سەرۆک وەزیرانی عێراق 7 ملیۆن دینارە و دەرماڵەکەشی 28 ملیۆن دینارە. دوای کەمکردنەوەی 50%. دەرماڵەکەی دەبێتە 14 ملیۆن دینار و تێکڕای مووچەکەشی دەبێتە 21 ملیۆن دینار.

سەرۆک وەزیران، سێ جێگری هەیە و مووچەی بنەڕەتییان 7 ملیۆن دینارە و دەرماڵەشیان 12 ملیۆن دینارە کە 50%ی کەم دەبێتەوە و دەبێتە 6.3 ملیۆن دینار. تێکڕای مووچەی هەر یەکێکیان دوای کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان دەبێتە 13.3 ملیۆن دینار.

مووچەی سەرۆک وەزیران و سێ جێگرەکەی 93.8 ملیۆن دینارە، دوای کەمکردنەوەی 50%ی دەرماڵەکانیان دەبێتە 60.9 ملیۆن دینار. بەمەش بۆ هەر مانگێک تەنیا لە مووچەی ئەو چوار بەرپرسە 32.9 ملیۆن دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.

## مووچە و دەرماڵەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

مووچەی بنەڕەتیی سەرۆکی پەرلەمان 5 ملیۆن دینارە و دەرماڵەکەی 30 ملیۆن دینارە کە 50%ی کەمدەکرێتەوە و دەبێتە 15 ملیۆن دینار. بەمەش تێکڕای مووچەکەی دوای کەمکردنەوەی دەرماڵە، دەبێتە 20 ملیۆن دینار.

مووچەی بنەڕەتی دوو جێگرەکەی سەرۆکی پەرلەمان هاوشێوەی سەرۆکی پەرلەمانە، بەڵام دەرماڵەکانیان 14.6 ملیۆن دینارە، دوای کەمکردنەوەی 50%ی دەرماڵەکانیان دەبێتە 7.3 ملیۆن دینار. بەمەش تێکڕای مووچەکانیان دەبێتە 12.3 ملیۆن دینار.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق کە لە سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگر پێکدێت، مانگانە 74.2 ملیۆن دینار وەردەگرن، دوای کەمکردنەوەی 50%ی دەرماڵەکانیان، تێکڕای مووچەکانیان دەبێتە 48.6 ملیۆن دینار. بەمەش لە هەر مانگێکدا 25.6 ملیۆن دینار دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

حکومەتی عێراقیش 40 وەزیر و خاوەن پلەی وەزیری هەیە کە مووچەی بنەڕەتییان 7 ملیۆن دینارە و دەرماڵەی مانگانەیان 5 ملیۆن دینارە. 45%ی دەرماڵەی هەر یەکێکیان کەم دەکرێتەوە و تێکڕای مووچەکەیان دەبێتە9.75 ملیۆن دینار.

مووچەی مانگێکی ئەو 40 بەرپرسە باڵایەی حکومەت بەر لە کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان 480 ملیۆن دینار بوو. دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێتە 390 ملیۆن دینار، بەمەش مانگانە بڕی 90 ملیۆن دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.

## مووچە و دەرماڵەی 328 پەرلەمانتارەکە

مووچەی هەر ئەندامێکی پەرلەمان مانگانە 5 ملیۆن دینارە و دەرماڵەشیان 7 ملیۆن دینارە، مانگانە 12 ملیۆن دینار وەردەگرن. دوای کەمکردنەوەی 45%ی دەرماڵەکانیان مووچەکەیان دەبێتە 8.85 ملیۆن دینار.

مووچەی مانگێکی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی عێراق 3 ملیار و 936 ملیۆن دینارە. دوای کەمکردنەوەی 45%ی دەرماڵەکانیان، دەبێتە 2 ملیار و 902 ملیۆن و 800 هەزار دینار. بەمەش بۆ هەر مانگێک حکومەتی عێراق تەنیا لە کەمکردنەوەی مووچەی ئەندامانی پەرلەمان ملیارێک و 33 ملیۆن و 200 هەزار دیناری بۆ دەگەڕێتەوە.

## مووچە و دەرماڵەی بەڕێوەبەرانی گشتی

حکومەتی عێراق 2000 بەڕێوەبەری گشتی هەیە کە مووچەی بنەڕەتیی هەر یەکێکیان 2.5 ملیۆن دینارە و دەرماڵەی مانگانەشیان 2.5 ملیۆن دینارە. بەپێی بڕیارە تازەکەی ئەنجوومەنی وەزیران، 35%ی دەرماڵەکانیان کەم دەکرێتەوە و مووچەی مانگانەیان دەبێتە 4.125 هەزار دینار.

مووچەی مانگێکی ئەو 2000 بەڕێوەبەرە گشتییە 10 ملیار دینارە، دوای کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان دەبێتە 8 ملیار و 250 ملیۆن دینار، بەمەش مانگانە ملیارێک و 750 ملیۆن دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

## 3000 فەرمانبەری سەرۆکایەتییەکان

هەر فەرمانبەرێکی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق، مانگانە 3 ملیۆن دینار وەردەگرێ کە 2 ملیۆن دیناری دەرماڵەیە، حکومەتی عێراق بڕیاری داوە 30%ی دەرماڵەکانیان کەم بکرێتەوە، بەمەش مووچەکەیان دەبێتە 2.4 ملیۆن دینار.

لە هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق 3 هەزار فەرمانبەر هەن کە مووچەی مانگێکی سەرجەمیان دەبێتە 9 ملیار دینار. دوای کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان، مووچەکەیان دەبێتە 7 ملیار و 200 ملیۆن دینار، بەمەش مانگانە عێراق ملیارێک و 800 ملیۆن دیناری بۆ دەگەڕێتەوە.

## راوێژکار و بریکارانی وەزیر

مووچەی بنەڕەتی هەر راوێژکار و بریکارێکی وەزیر 3 ملیۆن دینارە و دەرماڵەشیان 3 ملیۆن دینارە. 35%ی دەرماڵەکانیان کەم دەکرێتەوە و مووچەکەیان دەبێتە 4.95 ملیۆن دینار.

لە حکومەتی عێراقدا 730 راوێژکار و بریکاری وەزیر هەن کە مووچەی مانگێکیان 4 ملیار و 380 ملیۆن دینارە. دوای کەمکردنەوەی 30%ی دەرماڵەکانیان، تێکڕای مووچەکەیان دەبێتە 3 ملیار و 613 ملیۆن دینار. بەمەش مانگانە 767 ملیۆن دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

## ساڵانە 85 ملیار دینار دەگەڕێتەوە

تێکڕای مووچەی پلە باڵاکانی عێراق مانگانە بەر لە کەمکردنەوەی دەرماڵەکانیان 29 ملیار و 748 ملیۆن دینار بوو. بەپێی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران کە لەم مانگەوە جێبەجێ دەکرێت، کەم دەبێتەوە بۆ 22 ملیار و 613 ملیۆن و 300 هەزار دینار، بەمەش مانگانە بڕی 7 ملیار و 134 ملیۆن و 700 هەزار دینار و ساڵانەش زیاتر لە 85 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

# براندە جیهانییەکانی سەعات لە هەولێر بازاڕیان گەرمە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

خاوەنی پێشەنگایەکی فرۆشتنی سەعات لە هەولێر دەڵێت بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی دووچاری هەرێمی کوردستان بووە، خواستی کڕینی کاتژمێر 40% دابەزیوە، بەڵام هێشتا براندە جیهانییەکان بازاڕیان گەرمە.

لە شاری هەولێر زیاتر لە 50 پێشانگەی تایبەت بە فرۆشتنی کاتژمێر هەن، بەشێکیان کاتژمێر بەشێوەی کۆ دەفرۆشن، بەڵام مارکە جیهانییەکانی کاتژمێر لەو پێشانگایانەدا کەمن و 80%یان چینین.

رەشید نیهاد، خاوەنی پێشانگەی رۆماسۆن بۆ فرۆشتنی کاتژمێر بە تاک و کۆ لە شاری هەولێر، کاتژمێر لە چین و تورکیا و دوبەیەوە هاوردە دەکات، دەڵێت "قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر فرۆشی کاتژمێر هەبووە، بەشێوەیەکی گشتی بەراورد بە ساڵی رابردوو فرۆشی کاتژمێر 40% کەمی کردووە".

## بە قەرز دەیفرۆشن

رەشید، نموونە بە فرۆشی ساڵی رابردووی پێشانگەکەی دەهێنێتەوە و دەڵێت ساڵی رابردوو سەرەڕای قەیرانەکە 125 هەزار کاتژمێرم فرۆشت، بەڵام ئەمساڵ تاوەکو ئێستا فرۆشمان نەگەیشتووەتە نیوەی ئەو ژمارەیە.

بێ بازاڕی وای لە کاتژمێرفرۆشان کردووە کاڵاکانیان بە قەرز بفرۆشن. رەشید دەڵێت "ئەم بارودۆخە ئابوورییە ئێمەی ناچار کرد بەقەرز کاتژمێر بفرۆشین". بەڵام ئەو گلەیی لە خاوەن پێشانگەکان هەیە کە قەرزەکانی نادەنەوە و گوتی "400 هەزار دۆلارم لەلای کاتژمێرفرۆشانە، لە وەرگرتنەوەی هەندێک لەو قەرزە بێ ئومێد بوومە".

بەگوتەی ئەو جوملەفرۆشە، کاتژمێریش وەرز و کاتی تایبەتی بۆ فرۆشتن هەیە، زۆرترین فرۆشی کاتژمێر لە مانگی رەمەزان و بۆنەکانی وەکو ڤالانتاین و ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکانە. رەشید گوتی "لەم کاتانە فرۆشمان سێ بەرامبەر زیاد دەکات، بەڵام لە رەمەزانی ئەمساڵدا فرۆشمان وەک پێویست نەبوو".

سەبارەت بە نرخی کاتژمێریش، رەشید گوتی "لێرە کاتژمێری کۆپی و ئەسڵی هەیە، کۆپییەکان هەندێکیان کواڵێتییان بەرزە، هەندێکیشیان خراپن، بە گشتیش نرخی کاتژمێر لە نێوان 20 دۆلار تاوەکو 250 دۆلاردایە".

## فێڵ لە کڕیارەکان دەکەن

بەهۆی بوونی کاتژمێری کۆپی، کڕیاران زۆر بە وریایی کاتژمێر دەکڕن، ئەم کاتژمێر فرۆشە نایشارێتەوە کە فرۆشیاران فێڵی جۆراوجۆر لە کڕیارەکانیان دەکەن و زۆرجار کاتژمێری کۆپی بە ناوی مارکە و بە نرخی مارکە دەدەنە کڕیارانیان.

سەبارەت بە جۆری ئەو مارکانەی کە فێڵ لە فرۆشتنیاندا دەکرێت، رەشید نیهاد گوتی "فێڵ زیاتر لەو مارکانە دەکرێت کە نرخەکانیان مام ناوەندە، وەک مارکەکانی تیسۆت، فۆسێ، دیزا، مایکل کۆرس و چەندانی دیکە".

رەشید گوتیشی "بۆ هەڵخەڵەتاندنی کڕیار، خاوەن پێشانگە هەیە عولبە و گەرەنتی کارت و زەرفی تایبەت بۆ کاتژمێرە کۆپیکراوەکان دەکڕن کە تێچووی هەموویان دەگاتە 10 دۆلار، جوملەی کاتژمێرەکەش نزیکەی 70 دۆلارە، بەڵام ئەوان بە نرخی مارکە بە 300 تاوەکو 400 دۆلار بە خەڵکی دەفرۆشن".

## مارکەکان بازاڕیان گەرمە

سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام خاوەن پێشانگەکانی فرۆشتنی کاتژمێر دەڵێن کاتژمێرە مارکەکان خواستیان لەسەر ماوە، بەڵام وەکو پێش قەیرانی دارایی نییە.

سەباح عومەر، خاوەنی پێشانگەی رۆلێکس بۆ فرۆشتنی کاتژمێری سویسری کە تەنیا کاتژمێری مارکە دەفرۆشێت، لە پێشانگاکەی مارکە بەناوبانگەکانی Rolex، Hublot، Patek philppe، Braiting سویسری هەن.

ئەو دەڵێت "پێش قەیرانی دارایی، مانگانە زیاتر لە 10 کاتژمێری گرانبەهام بەنرخی سەرووی 10 هەزار دۆلار دەفرۆشت، بەڵام ئێستا فرۆشمان کەم بووەتەوە و مانگانە 3 کاتژمێری مارکە دەفرۆشین".

دەربارەی نرخی ئەو کاتژمێرە مارکانەی لە پێشانگەکەی هەن، سەباح عومەر گوتی "مارکەکانی وەک Rolex، Hublot و Patek philppe نرخیان لە نێوان 8 تاوەکو 50 هەزار دۆلاردایە، مارکەی Braitingیش نرخەکەی لە نێوان 2-10 هەزار دۆلارە".

بەهۆی نەبوونی بریکار و گرانیی مارکەکان، سەباح بەشێک لەو جۆرە کاتژمێرانە لەسەر خواستی کڕیارەکانی لە لوبنان و دوبەی و تورکیا و میسر دەهێنێ. سەبارەت بە کڕیارانیشی دەڵێت "زۆربەیان بەرپرس و بازرگانن".

## Rolex خواستی لەسەرە

لە مۆڵەکانیش مارکە و براندە جیهانییەکانی کاتژمێر هەن، پێشانگەی کۆشکی زێڕین لە ماجدی مۆڵ یەکێکە لەو پێشانگایانەی زۆربەی مارکە و براندە جیهانییەکانی کاتژمێری هەیە.

هۆزان فەرید، بەڕێوەبەری فرۆشتنی لە پێشانگەی کۆشکی زێڕین دەڵێت "حەوت جۆر کاتژمێرم هەیە، بەڵام مارکەی Rolex زیاتر لەهەموو مارکەکانی دیکە خواستی لەسەرە". سەبارەت بە نرخەکانیشیان هۆزان گوتی "لە 3800 دۆلار دەست پێدەکات تاوەکو 150 هەزار دۆلار". گوتیشی "زۆرتر خواست لەسەر کڕینی ئەو کاتژمێرانەیە کە نرخەکانیان لە نێوان 12 تاوەکو 15 هەزار دۆلاردایە".





ماجید نووری

# قازانجەکانی ئێران و تورکیا لە تەقاندنەوەی بۆڕییە نەوتەکاندا

تەقاندنـەوەی بۆڕی نەوتی کوردسـتان ـــ جەیهان، دروسـتکردنی قەیرانێکی تری دارایی و ئابوورییە بۆ هەرێمی کوردستان، گۆڕان و یەکێتی وەک دوو ناوکە مۆرەی ناو یەک کودی سەوز لە باشووری کوردستاندا، بـە هاندانـی راوێژکارانـی ئێرانـی، لـە ئەنجامدانـی وەهـا کارێکـدا کـە ژێربەژێر پاڵپشـتی مەعنـەوی لە پەکەکـە دەکەن، بـەو کارە خۆشـحاڵن، ڕەنگـە دەرئەنجام ئەوانیش بکەونە بـەر تەنگژەیەکی ئاڵۆزی نێودەوڵەتی، ناشکرێت لە چارەسەری ئەم قەیرانـە تازەیەی تەقاندنـەوەی بۆریەکەدا کـە بەشـێکی پێوەنـدی بـە مووچـە و قووتی خەڵکی کوردسـتانەوە هەیە خۆیان بدزنەوە، ئامانجی سـەرەکی تەقاندنەوەی بۆریەکـە بریتییە لە بێئومێدکردنی وڵاتانی خۆرئـاوا و ئەمەریـکا، لـەوەی بتوانـن لـە ناوچەکـەدا بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئابوورییەکانیان بگەیەننە پلەیەکی باڵا لەم قۆناغـە ئاڵۆزەدا کە لەلایـەن پێنتاگۆنەوە تورکیاش هێنراوەتە ناو هاوکێشـەکانەوە و لـە بەرامبەر هەڵوێسـت وەرگرتنی توندی ئـەم وڵاتـە دژ بـە داعش، گڵۆپی سـەوز بـۆ تورکیـا هەڵکرا تا بە هێزی سـەربازی رووبەڕووی نەیارە سەرسەختەکانی تریشی لە ناوچەکـەدا ببێتەوە، لە کاتێکی وەهادا تەقاندنەوەی بـۆڕی نەوتی جەیهان، زیاتر لە پیلانێکی سـیخوڕیانەی ئێرانی دەچێت بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی ناوچەکانـی بەرهەمهێنانـی نەوت، تـا وڵاتانی خۆرئاوا هـان بدات روو لە نەوتی ئێـران بکەنەوە، ئێسـتا تورکیا و هەرێمی کوردستان تەنیا ئەڵقەی پێشـتێنەیی ئاسایشی ئەمەریکان بۆ وەسـتاندنی تەشەنەسەندنی دەسەڵاتی یەکێتـی سـۆڤیەت بـەرەو ناوچەکانـی تـر، پاش ئـەوەی ئێـران لەڕێـی خەونی دروسـتکردنی هیلالی شـیعییەوە موژدەی زیاتـری بە سـۆڤیەت داوە تا بە سـانایی بتوانێـت فشـاری دەرەکی لـە ناوچەکەدا لەسـەر ئەمەریکا زیاتر بـکات، واتە ئێران هێشـتا بەشـێکە لـە گۆڕەپانـی ململانێ و بەرەنگاربوونـەوەی نێـوان رووسـیا و ئەمەریـکا، لـەو نێوەندەدا تورکیا لەسـەر ئـەو هێڵە گشـتیە دەڕوات کـە ئەمەریکا بـۆی دەکێشـێت، هـەر خۆماڵیکردنێکـی نـەوت یـان هـەر هەناردەکردنێکـی نەوت و هـەر هەوڵێکیـش بۆ سـەربەخۆ ناردنی نەوت و سـەربەخۆبوونی ئابووریی هەرێمی کوردسـتان ئەگـەر لەلایـەن تورکیاوە بە ناچـاری مامەڵـەی کاتیی لەگـەڵ بکرێت، ئـەوە ئێران بە کارێکی لەو چەشـنە ناچار نییە خۆشـحاڵانە پێشـوازی لـەو هەنگاوە بـکات، هـەر لەبـەر ئەوەیـە هاریـکاری لۆجیسـتی ئـەو هێزانـەش دەکات کـە لە تواناياندایە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان و ناو قووڵایی تورکیا دروست بکەن، تەنانەت گـەر بـەکاری تیرۆریسـتی و تێکدەرانەی لێدانـی بـۆری و سـووتاندنی کامیۆنـی بازرگانییـش بووبێـت، بۆ ئەم مەبەسـتە هێزەکانی سەر بە پەکەکە لەلایەن ئێرانەوە مەشـقپێدراون تا لەناو قووڵایـی تورکیادا بـەو جـۆرە کارانە هەسـتن، هاوشـێوەی ئـەو هێزانـەی یەکێتـی کـە لـە سـاڵانی هەشتاکاندا هەمان یەکەی ئێرانی مەشقیان پێدابـوون تـا بـە بۆردومانکردنـی بۆریە نەوتەکانـی کەرکـووک هەسـتن، ئەوکات بە سەرپەرشـتی (نەوشـیروان مسـتەفا) ئـەو چالاکیـەی لێدانی بۆریـە نەوتەکانی کەرکـووک جێبەجـێ کـرا، هەنجەتێکیش بـوو بـۆ رژێمی سـەدام تـا پرۆسـەکانی ئەنفـال دژ بـە گەلی کـورد رابگەیەنێت و هەرچی گوند و شـارۆچکەکانی باشـووری کوردستانە بسـووتێنێ، دوور نییە لێدانی بـۆری نەوتـی جیهانیـش هەنجەتێکی تر بێـت بۆ سـوپای تورکیا کـە کاردانەوەی توندتری لە بەرامبەر باکووری کوردسـتان لێبکەوێتەوە، دواتر بە زیان بۆ هەدەپەیش تەواو دەبێت.. لە هەموو حاڵەتەکاندا وەک چۆن لێدانی بۆریە نەوتەکانی کەرکووک لە هەشتاکاندا بە کاولبوونی کوردستان وەڵام درایـەوە، هاوشـێوە لێدانی بـۆری نەوتی کوردسـتان ـــ جەیهـان، هێنـدەی گەلی کوردسـتان تێیدا زیانمەند دەردەچن، نیو ئەوەنـدە تورکیا زیانی پێناکەوێت، چونکە ئەو وڵاتە چەندین دەریچە و دەروازەی تری بۆ راکێشانی وزە هەیە، ئینجا لەبەرئەوەی رێکخەرانـی سـەرەکی تەقاندنەوەکـە و نەخشـەدارێژەرانی بنەڕەتـی و هـۆکاری سـەرەکی لـە جێبەجێکردنـی تێکـڕای کردەوەکـەدا لـە پشـتەوە ئێرانییەکانـن، بـەڵام لـە راگەیاندنەکەیدا کە باڵی سـەر بە پەکەکەی خۆ بە پاڵەوانزان بە ئاشـکرا دەیخاتـە ئەسـتۆی خـۆی، راسـتەوخۆ پەکەکە دەکەوێتە سـەنگەری دژەخۆرئاواو ئەمەریکاوە، بەگشـتیش ناوبانگی کوردی پـێ لەکـەدار دەبێت، بـا دواتـر هەپەگە روونکردنـەوەش بـدات کـە تەقاندنەوەی بۆڕییەکـە بـە بڕیـاری ئـەوان نەبـووە و یەکینەیەکی گەریلا لە ناوچەکەدا سەربەخۆ ئەو کارەی کردووە و گوایە نەیانزانیوە کە ئەوە بۆڕیی نەوتی کوردستانە.

لـە کاتێکدا ئەو چوار کەرە دێز و پێنج بارگیر و ئەسپەشـێیەی کە لە هەشتاکاندا دوو تۆپـی هاوەنی 120 ملمی و 36 گوللە تۆپـی پێ بارکرابـوون و کۆمپانیای نەوتی کەرکووکیان بۆردومان کرد، چ کاریگەری بۆ لاوازکردنی رژێمی سەدام نەبوو، ئەو چەند ئۆتۆمبێلـە تەقەمەنـی و ئەنجامدەرانـەی بـۆ تەقاندنەوەی بۆڕییەکە گواسـترانەوە و کارەکەیان پێ ئەنجـام دا، چ کاریگەرییان لەسـەر لاوازکردنـی تورکیـا نابێـت، بەڵکـو زیاتـر هانی تورکیـا دەدات بکرێتە ئەندامێکی کاراتـر لەناو هاوپەیمانێتی دژە تیـرۆردا و نفووزێکی سـەربازییانەی زیاتر بەسـەر ناوچەکەدا دەسەپێنێت و زیاتریش خـۆی دەخاتە ناو چوارچێوەی سیاسـەتی ئەمەریـکاوە، کەواتـە هەریـەک لـە ئێران و تورکیـا قازانجێکـی تاکتیکی لابەلایان لـەم کارەدا کـرد و زیانمەندی سـتراتیژیی تەنیـا هەرێمی کوردسـتان و پەکەکەیە کە یەکەمیان بەربەستی لەبەردەم سەربەخۆیی ئابووری بۆ دروسـت دەبێت و دووەمیشیان بە مایەپووچی لێی دەردەچێت.





بیلال سەعید*

# پەکەکە، بۆچی قایشی ئاڵتوونی رەشی تەقاندەوە؟

تەقاندنـەوەی بـۆڕی نەوتـی کەرکـووک- جەیهان لـە رۆژانی رابـردوودا لەلایەن پارتی کرێکارانـی کوردسـتان PKK، لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا، زۆرترین قسەو مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا.

بەشـێکی ناڕەزایەتییەکـە لەئاسـت تەقاندنـەوەی هێڵی بـۆڕی نەوتی کەرکووک- جەیهان، لەوەوە سـەرچاوەی گرتووە کە ئەو بۆڕییە لەناو خاکی تورکیا گرێدراوە بە بۆڕیی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردسـتانەوە، ئەمەش ئـەو واتایە دەگەیەنێـت کە پەکەکە بۆڕی نەوتی کوردستانی تەقاندووەتەوە!

بەڵام ئەگەر سـەیری مێژووی دروستبوونی بـۆڕی نەوتـی کەرکـووک- جەیهـان بکەین، دەگەینە ئەو راستییەی کە تورکیا لە کۆتایی شەسـتەکان و سـەرەتای حەفتاکاندا، لەگەڵ ئێـران کـە هـەردوولا هاوپەیمانـی ئەمریـکا بـوون لەناوچەکەدا، کەوتە گفتوگۆ بۆ ئەوەی بۆڕییەکـی نـەوت لەئێرانەوە رابکێشـرێت بۆ تورکیـا. دوای ئەوەی کە ئەو هەوڵە سـەری نەگـرت، تورکیا لە 1973/8/27 گرێبەسـتی گواستنەوەی نەوتی لەگەڵ بەغدا واژۆ کرد بۆ ماوەی 20 ساڵ.

ئەنجامـی ئـەو رێککەوتنـە بـۆڕی نەوتی کەرکـووک- جەیهانی لێ کەوتـەوە، بۆیە ئەم بۆڕییـە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ تورکیا، بەڕادەیـەک لـە سـاڵی 1980 کە ئـەو بۆڕییە دەسـتیکرد بە هەناردەکردنی نەوت، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا سـولەیمان دمیرێل لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا ئەو بۆڕییەی بە قایشی ئاڵتوونی رەشی تورکیا ناوبرد.

هەرچەندە ئێسـتا بۆڕی نەوتی کەرکووک- جەیهان لەکارکەوتووە، بـەڵام بەهۆی ئەوەی بەشـێک لـەم بۆڕییە لەناو خاکـی تورکیا بە بۆڕی نەوتی کوردسـتان- تورکیاوە گرێدراوە، هەمـان رۆڵـی بـۆڕی کەرکـووک- جەیهـان بەزیادەوە بۆ تورکیا دەبینێت و هەمان قایشی رەشی تورکیایە.

هەرچەندە لەگـەڵ بەردەوامیی خراپبوونی بارودۆخـی ئەمنیـی عێـراق و شـەڕ و ململانێیەکانـی پەکەکـە و تورکیا لەسـاڵانی رابـردوودا چەندیـن جار ئـەم بۆڕییە لەلایەن گرووپەکانی وەک قاعیدە و پاشـان داعشەوە تەقێنراوەتەوە، بەڵام تەقاندنەوەی ئەم جارەی بۆڕییەکە دنیایەک پرسـیار و گومان دروست دەکات، ئایا پەکەکە بۆچی لەم سات و کاتەدا بۆڕییـەک دەتەقێنێتەوە کـە نەوتی هەرێمی کوردستان دەگوازێتەوە؟

ئایـا پەکەکـە بەم کارەی دەیەوێت فشـار بخاتە سـەر تورکیا یان هەرێمی کوردستان؟ ئایا ئـەم کارتـەی تورکیا تاچەنـد کارتێکی سەرکەوتووە؟ ئایا پەکەکە ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە؟ ئایا پەکەکە بەم کارەی هاوسۆزیی خەڵکی کوردستانی بەدەستهێنا یان لەدەستی دا؟

چەندین پرسـیاری دیکـەش، بەڵام ئەوەی لەئێسـتادا روونـە، تەنیـا چەنـد کەسـێکی دیاریکـراو لەژێـر هەیمەنـەی رووداوەکانـی کوردستان دەستخۆشییان لەم کارەی پەکەکە کردووە، ئەگەرنا تەواوی هێزە سیاسـییەکانی کوردسـتان بە نزیکەکانی پەکەکەشـەوە ئەم کارەی پەکەکەیـان بەکارێکی تیرۆریسـتی و تێکدەرانە لەقەڵەم دا.

بۆیـە زۆر گرنگـە پەکەکـە بزانێـت بـەم کارەی خـۆی رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسـیار کردووەتەوە لەئاسـت هاووڵاتیان و حکومەتی هەرێمی کوردستان:

1. بەهـۆی ئامادەنەبوونـی عێـراق بەپێدانـی شایسـتە داراییەکانـی هەرێـم، کوردسـتان لەسـەرەتای مانگـی تەممووزەوە دەسـتیکردووە بەناردنـی نەوتی کوردسـتان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ، بۆیە تەقاندنەوەی بـۆڕی نەوتـی کوردسـتان واتـە رێگریکردن لەگەیشـتنی سـەرچاوەی داهاتی هاووڵاتیانی کوردسـتان، چونکە بۆڕیی نەوتی کوردستان شادەماری ئابووریی هەرێمی کوردستانە.

2. بەشـیکردنەوەیەکی ئابـووری دەگەینە ئەو دەرئەنجامـەی کە لەکارکەوتنی بۆڕیی نەوتی کوردستان بۆ ماوەی 24 کاژێر، هەرێم لە ناردنە دەرەوەی زیاتر لە 550 هەزار بەرمیـل بێبـەش دەکات و ئەگەر فرۆشـتنی ئـەو بڕە نەوتە بە بەرمیلی 55 دۆلار دابنێین، هەرێمی کوردسـتان رۆژانە زیاد لە 30 ملیۆن دۆلار زیانی بەردەکەوێت.

3. پەکەکـە بـەم هەوڵـەی فشـارەکانی حکومەتی عێراقی لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە، واتـە کارتی کورد لە بەرامبەر حکومەتی عێراق لاواز دەکات.

4. فشـاری کۆمپانیاکانـی نـەوت کـە لە کوردسـتان کاردەکـەن، لەسـەر حکومەتـی هەرێـم زیـاد دەکات، چونکە بەشـێکی زۆری کۆمپانیاکانـی نـەوت لـە قەیرانـی دارایـی کوردسـتاندا هاوکاریی هەرێمی کوردستانیان کـردووە و پارەیەکـی زۆریـان وەک قەرز لای حکومەتـی هەرێمە، بەڵام بـەم کارە دوودڵی و ڕاڕایـی لای کۆمپانیاکان دروسـت کردووە. هەرچەنـدە دوابـەدوای رووداوەکە هەریەک لە کۆمپانیاکانی ( دی ئێن ئۆ و گۆڵف کیستۆن) بەردەوامـی و دڵنیایـی خۆیـان لەئاسـت کارکردنیان لە کێڵگـە نەوتییەکان لە رێگەی میدیا جیهانییەکانەوە دووپات کردەوە.

بـەڕای من هـەر هەوڵێک بۆ تەقاندنەوەی بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا جگە لەوەی کارێکی تیرۆریستیە بەرامبەر هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردسـتان، هیچ ناوێکی دیکەی لێ نانرێـت، چونکە تەنیا سـەرچاوەی دارایی و شادەماری ئابووریی هەرێمە.

راسـتە ئێسـتا تورکیـا هێرشـەکانی چڕکردووەتەوە بۆ سەر پارتی کرێکاران، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی لەپێناوی دوورخستنەوەی فشـارەکان لەسەر خۆی، فشارێکی گەورە بۆ نزیکەی 7ملیۆن هاووڵاتی باشووری کوردستان و ئاوارە لە کوردستان بهێنێ.

ئـەم کارەی پەکەکـە کـردی کارێکی زۆر هەڵەیە و هیچ پێناسێکی جیاواز هەڵناگرێت، هەر هەوڵێکی لەو شـێوەیەش ئەگەر پەکەکە دووبـارەی بکاتـەوە جگـە لـەزەرەر و زیان بەخـۆی و هاووڵاتیانـی هەرێمی کوردسـتان هیچی لێ سەوز نابێت.

پێویسـتە پەکەکـە ئـاگادار بێـت کـە بەدووبارەکردنـەوەی ئـەو هەڵەیـە تووشـی کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە:

1. پەکەکە، بەشـێکی زۆر لە هاوسـۆزیی هاونیشتمانیانی کوردسـتان لەدەست دەدات کە لەئەنجامی پاڵپشـتییەکانی بۆ پیشمەرگە لەشەڕی داعش بەدەستی هێناوە.

2. چەنـد هێزێکی دیاریکراو لەکوردسـتان تووشی ئیحراجیەکی زۆر دەکات کە پاڵپشتی پـرۆژەی پەکەکـەن لەناوچەکە و بـە لێدوان و بەیاننامەکانیشـیان لەئاسـت تەقاندنەوەی بۆڕیی نەوتی کوردسـتان ئـەو پەیامەیان بە پەکەکە گەیاند.

3. لەبەرئـەوەی مەلەفـی نەوت بەشـێکی زۆری لەلایـەن پارتییـەوە سەرپەرشـتی دەکرێت، بۆیە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پارتـی دیموکراتی کوردستان.

4. پەکەکە هاوسـۆزییەکی زۆری لەسـەر ئاسـتی جیهانـی هەیە بۆ ئەوەی لە لیسـتی تیـرۆر دەربهێنرێـت، ئەم هەنـگاوەی دەبێتە هۆی مانـەوەی پەکەکە تا کاتێکـی زیاتر لە لیستی تیرۆردا.

*سەرنووسەری ماڵپەری کوردتۆیڵ نیوز




## چنار پەپولەی ئازادی بڵاودەکاتەوە

**میوا سەڵاح/ ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنج چنار گۆرانییەکی هونەرمەندی کورد مەزهەری خالقی نوێ دەکاتەوە و بە شێوازی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوی دەکاتەوە. پەپولەی ئازادی گۆرانییەکی کۆنی مەزهەری خالقییە، بەڵام چنار بەشێوازێکی تازە دووبارەی کردوەتەوە. وەلید شارستێن کاری دەرهێنان و وێنەگرتنی بۆ کردووە. لەچەند ڕۆژی داهاتووشدا ڤیدیۆ کلیپەکە بڵاودەکرێتەوە. گۆرانی پەپولەی ئازادی لە لایەن میوزیکژەن هێمن حوسێن کاری ئامادەکردنی میوزیکەکەی بۆ کراوە، وەک چنار ڕایگەیاندووە مەبەستی لە نوێ کردنەوەی گۆرانییەکە نیشاندانی ڕێزو وەفای تایبەتە بۆ هونەرمەند مەزهەری خالقی.



## سیڤان عەباس ژاژڵەیی:

# عەدنان کەریم پێمدەڵێت لەژێر سێبەری من مەوەستە

سیڤان عەباس ژاژڵەیی، کوڕی هونەرمەندی شانۆکار عەباس ژاژڵەیی و خوشکەزای هونەرمەند عەدنان کەریمە. سیڤان بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە و ئەمساڵ نوێترین ئەلبوومی خۆی بەنێوی (لانکەی هەستێک) تۆمار کرد و لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشەوە بڵاوکرایەوە. بەڵام ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی هونەرمەند عەدنان کەریم لە هەمان شوێندا. سیڤان دەڵێت ئەمە پلانی ئەوان نەبووە، بەڵکو ئەندێشە کاتی بڵاوکردنەوەی هەردوو ئەلبوومەکەی خستە ئەو ڕۆژە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال

ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: لە کەیەوە خەریکی کاری هونەریت؟**

**سیڤان:** بەو پێیەی بنەماڵەکەمان هونەرین و هەردوو باپیریشم دەنگیان خۆش بووە، بۆیە هەر لە منداڵییەوە ئەو بەهرەیەم هەبوو.

**ڕووداو: بەڵام کەی یەکەم گۆرانیت بڵاوکردەوە؟**

**سیڤان:** بۆ یەکەمجار لەساڵی 2002 گۆرانیم تۆمارکرد، بەڵام بڵاوم نەدەکردەوە. جگە لەوەش چەند جارێک لە کۆنسێرتەکان گۆرانیم گوتووە، پاشان لە ساڵی 2007 گۆرانی (کۆرپەی دڵم)م بڵاوکردەوە کە ئاوازەکەی لەلایەن هونەرمەند عەدنان کەریم دانرابوو.

**ڕووداو: لەو کاتەدا بۆ تۆ قورس نەبوو ئاوازی عەدنان کەریم بەکاربێنی؟**

**سیڤان:** ئەوکات دوو ئاوازی خاڵە عەدنانم لابوو، دەمویست بیانکەم بە گۆرانی. خۆی لێرە نەبوو، بەڵام پرسم پێکرد گوتی مەیانکە بە گۆرانی، چونکە جارێ نازانم ئاستی دەنگت چۆنە، منیش گوتم تۆماری دەکەم و بۆت دەنێرمەوە و ئەگەر بە دڵت نەبوو بڵاوی ناکەمەوە، ئەوەبوو هاوڕێی خۆشەویستم کاوان مەحموود موزیکی بۆ دانا و دوای تۆمارکردن بۆم نارد و تەلەفۆنی کرد و گوتی دەتوانی بڵاوی بکەیتەوە.

**ڕووداو: هەستت بە چی کرد؟**

**سیڤان:** ئەو شەوە زۆر تایبەت بوو بۆ من، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، چونکە ئەوکات شارەزاییەکی ئەوتۆم لە بوارەکەشدا نەبوو.

**ڕووداو: تا چەند کاریگەری عەدنان کەریمت لەسەرە وەک خاڵ و هونەرمەند؟**

**سیڤان:** بێگومان کاریگەری زۆری لەسەرمە، بەڵام وەکو موزیک و بەکارهێنانی هەندێ ئامێر، جیاوازیمان هەیە.

**ڕووداو: تۆ زیاتر لەسەر چ ستایلێک کار دەکەیت؟**

**سیڤان:** کلاسیکی کوردی، بۆ نموونە ئێمەش دەتوانین ئامێری کلارنێت بەکاربهێنین، بەڵام بەهەستێکی کوردانە.

**ڕووداو: ئەلبوومی لانکەی هەستێکت بڵاوکردەوە، چەند بوو خەریکی ئەو ئەلبوومە بوویت؟**

**سیڤان:** دوو ساڵە کاری تێدا دەکەم. هەرگیز بەپەلە کار ناکەم و پێشموایە هونەرمەند بە گشتی ناکرێ لە پلەی سفر بڕوات بۆ 100، بەڵکو دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پلەکان ببڕێ، پاشان خۆی پەروەردە بکات و دواتر دەست بە گۆرانیگوتن بکات.

**ڕووداو: فرۆشی چۆن بوو؟**

**سیڤان:** ناوەندی ئەندێشە بڵاوی کردووەتەوە و ئەوەندەی پرسیارم کردووە تاوەکو ئێستا باشە.

**ڕووداو: ئەلبوومەکەی تۆ و عەدنان کەریم پێکەوە بڵاوکرایەوە، بۆچی؟**

**سیڤان:** لەڕاستیدا ئەوە پلانی هیچمان نەبوو، بەڵکو پلانی ئەندێشە بوو، کاتێک لەگەڵ ئەندێشە دانیشتم باسی ئەلبوومەکەمان کرد، لە کۆتاییدا گوتیان دەمانەوێ لە یەک ڕۆژدا بڵاویان بکەینەوە، منیش گوتم دەبێت پرس بە خاڵم بکەم، ئیتر پرسم پێکرد و ئەویش پێی باش بوو.

**ڕووداو: دڵخۆش بوویت کە یەکەم ئەلبوومت لەگەڵ خاڵت بڵاوکردەوە؟**

**سیڤان:** خۆش و ناخۆشیش بوو، چونکە دەزانم زۆرم ماوە بگەم بەو کەسایەتییە و لای خۆمەوە زۆر قورس بوو لە تەنیشت کەسایەتییەکی وەک خاڵمەوە دانیشم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبووم، مەراسیمەکە تا تەواو بوو لەدڵەڕاوکێدا بووم، چونکە ئێمە لە کاتی نارەسمیدا پێکەوە گۆرانی دەڵێین، بەڵام هیچ کاتێک ناوێرم لەسەر شانۆ لەگەڵی دانیشم بۆ گۆرانیگوتن، چونکە هەست دەکەم غەدر لە هونەرەکەی دەکەم.

**ڕووداو: هیچ پرۆژەیەکتان هەبووە پێکەوە کاری هونەری بکەن؟**

**سیڤان:** تاوەکو ئێستا قسەمان لەسەر نەکردووە، بەڵام خاڵم دەیەوێ لەسەر پێی خۆم بوەستم و دەڵێت لەژێر سێبەری مندا مەوەستە.

**ڕووداو: فرۆشتنی ئەلبوومەکەت پەیوەندی بە ئەلبوومەکەی خاڵتەوە هەبوو؟**

**سیڤان:** بێگومان کاریگەری هەبووە لەسەر فرۆشتنی ئەلبوومەکەم.

**ڕووداو: بەنیاز نیت هیچ گۆرانییەکی عەدنان کەریم بڵێیتەوە؟**

**سیڤان:** هەرچەندە گۆرانی هونەرمەندان سابیر کوردستانی و قادر کابانم گوتووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خاڵم کاریگەرییەکی زۆری لەسەرمە و خۆیشی ئەوەندە بە باشی گوتوویەتی، بۆیە ئەوەندە ئاسان نییە بیڵێمەوە، هەرچەندە لەخەڵاتێکی ڕێزلێنانیشدا کە بۆی سازکرابوو گۆرانییەکیم گوتەوە و خەڵکەکەش بەلایانەوە پەسەند بوو، بەڵام خۆم دەزانم توانای گوتنەوەی گۆرانی خاڵم نییە.

**ڕووداو: ئەگەر بتەوێ گۆرانییەکی بڵێیتەوە، ڕێگەت پێدەدات؟**

**سیڤان:** لەڕاستیدا قسەمان لەسەر نەکردووە.

**ڕووداو: زۆربەی بەرهەمەکانت خاون، بۆچی؟**

**سیڤان:** حەز دەکەم گوێ لە گۆرانی خێرا بگرم نەک بیڵێم، ئەگینا گوتنەوەی گۆرانی خێرا ئاسانترە، بەڵام خاو هەستی تێدایە و ئەوەش ئاسان نییە.

**ڕووداو: دەگوترێ زۆر حەزت لەدەنگی خۆتە؟**

**سیڤان:** (بە پێکەنینەوە) ڕاستە، گۆرانییەک پێش بڵاوکردنەوە چەندین جار گوێی لێدەگرم هەم وەک چێژوەرگرتن لێی و هەمیش بۆ دیاریکردنی کەموکورتییەکان، بەڵام بە گشتی چێژ لە گۆرانییەکانی خۆم دەبینم و موعجیبی دەنگی خۆمم.

**ڕووداو: باوکت شانۆکارێکی دیار بوو، حەزت لەو بوارە نییە؟**

**سیڤان:** سەرەتای نەوەدەکان چەند جارێک وەک ئەکتەر ڕۆڵم بینیوە، بەڵام دواتر هاتمە سەر ڕێچکەی خۆم.

**ڕووداو: حەز دەکەیت گۆرانی هاویەش لەگەڵ کێ بڵێیت؟**

**سیڤان:** جگە لە خاڵم، لەگەڵ گۆرانساڵح.

**ڕووداو: هیچ پرۆژەیەکتان نییە وەک گۆرانیبێژە گەنجەکان بۆ ئەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوبکەنەوە؟**

**سیڤان:** لەڕاستیدا ماوەیەک لەمەوبەر پرۆژەیەکم ئامادە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەک گۆرانیبێژی گەنجدا ئەلبوومێک بکەین، بەڵام جێبەجێ نەکرا.

**ڕووداو: خۆشەویستت نییە؟**

**سیڤان:** نەخێر نیمە.



● **پڕۆژەیەکم هەبوو بۆ ئەوەی گۆرانیبێژە گەنجەکان ئەلبوومێک بکەین، بەڵام نەکرا**

● **حەز دەکەم لەگەڵ گۆران ساڵح دوێت بکەم**



خۆشەویستم نییە

# ئاژەڵێک دەبێتە پاڵەوانی سەرەکیی فیلمێکی کوردی



**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای "سرتە لەگەڵ با"، فیلمی "بیرەوەریی ئەسپە ڕەشەکە" کە پاڵەوانەکەی ئاژەڵێکە، دووەمین فیلمی درێژی سینەمایی دەرهێنەری کورد شەهرام عەلیدییە. لە فیلمەکەدا ژمارەیەک ئەکتەری سینەمایی باکووری کوردستان و تورکیا بەشدارن. بۆ یەکەمجاریش ئەکتەرێکی تورک لە فیلمێکی کوردیدا بە زمانی کوردی قسە دەکات.

شەهرام عەلیدی بۆ یەکەم فیلمی درێژی، بودجەی لە باشووری کوردستان پەیداکرد، ئەویش لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بوو. بەڵام ئەمجارەیان فیلمەکەی لە باکووری کوردستان بەرهەمهێناوە.

عەلیدی کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، فیلمی "بیرەوەریی ئەسپە ڕەشەکە" لە باکووری کوردستان کاری بەرهەمهێنانی بۆ کراوە و شارەوانیی مێردین و ئەکادیمیای سینەمایی دیاربەکر پشتیوانییان لە بەرهەمەکە کردووە.

کاری وێنەگرتنی فیلمەکە 35 ڕۆژی خایاندووە. ماوەکەی 90 خولەک دەبێت و بەزمانی کوردییە و ژێرنووسی ئینگلیزی، فەرەنسی و تورکی بۆکراوە. ئەو سینەماکارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نیشتەجێی تارانی پایتەختی ئێرانە، گوتی "ژمارەیەک سینەماکاری ناسراوی باکووری کوردستان و تورکیا کە خەڵاتی گرنگیان بەدەستهێناوە، لە فیلمەکەمدا بەشدارن".

بەشداریکردنی سینەماکارانی تورک لە فیلمێکی کوردیدا لەسەر پرسی کورد و ناسنامە و زمانەکەی لە باکووری کوردستان گرنگە، عەلیدی گوتی "بۆ یەکەمجار لە مێژووی سینەمای کوردیدا ئەکتەرێکی بەناوبانگی تورک لە فیلمێکی کوردیدا بە زمانی کوردی قسە دەکات و ئەمەش شانازییەکەی گەورەیە بۆ فیلمەکەم".

لە فیلمەکەدا ئەگەرچی باس لە کێشەی ناسنامە و زمانی کوردی و دۆزەکەی دەکرێت، بەڵام پاڵەوانی فیلمەکە ئەسپێکە. ئەو سینەماکارە دەڵێت "فیلمەکە باس لە چەند لاوێک دەکات کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی لە گوندەکان دەدەن بۆ ئەوەی لەناو نەچێت، بەڵام یەکێک لەوانە کە کچە، شەهید دەبێت".

زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی فیلمەکەوە گوتی "کچەکە وەسیەتی کردبوو کە دەمرێت، ئەسپە ڕەشەکەی بهێنن بۆ بینینی تەرمەکەی، لەگەڵ هێنانی ئەسپەکە بۆ بینینی تەرمەکە، چیرۆکی سەرەکیی فیلمەکە دەست پێدەکات و لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانی ئەو ئاژەڵەوە ڕووداوەکان دەخرێنەڕوو". گوتیشی "بۆ یەکەمجارە لە فیلمێکی کوردیدا ئاژەڵێک ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ".

لە بواری میوزیک و گۆرانیدا هونەرمەندانی دیار لەم فیلمەدا بەشدارن، لەوانە میوزیکژەنی ناوداری کورد کەیهان کەڵهوڕ کە خاوەنی خەڵاتی میوزیکی "گرامی"یە. بە وتەی عەلیدی "بۆ یەکەمجارە ئەو میوزیکژەنە میوزیکێکی تایبەت بۆ فیلمێک ئامادە بکات، پێشتر کاری میوزیکی تایبەتی بۆ هیچ فیلمێک نەکردووە، واتە میوزیکی تایبەتی بۆ فیلم بەرهەمنەهێناوە".


جگە لە کەلهوور، تارا جاف، خانمە هارپژەن و گۆرانیبێژی کورد، لەم فیلمەدا بە ژەنینی هارپەکەی و گۆرانیگوتن بەشدارە. لەهەمان کاتدا وەک ئەکتەریش. عەلیدی دەڵێت "بەشداریکردنی تارا جاف لە فیلمەکەدا مایەی شانازییە".

جگە لەو دوو کەسایەتییە دیارە هونەرییە، ئاینور دۆغان، خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی باکووری کوردستان لە تایتڵی دەستپێک و کۆتایی فیلمەکەدا گۆرانی گوتووە.

کاری میوزیکی فیلمەکە بە دالبی کراوە بە ڤێرژنی (5.1) و لە ئەمەریکا کراوە. عەلیدی لەبارەی تەکنیکی فیلمەکەوە ڕوونیکردەوە ئەم فیلمە "لە ڕووی تەکنیکەوە زۆر سەرکەوتووە و هیچ کەموکوڕییەکی لە ڕەنگ و دەنگدا نییە و وردەکاریی دوای بەرهەمهێنان کاتی زیاتری لە کاتی خودی بەرهەمهێناندا پێویست بوو. لەکاتێکدا لە ماوەی یەک مانگدا تەواوی ئامادەکاری بۆ کاری بەرهەمهێنانی فیلمەکە کراوە".

دەرهێنەرە کوردەکان لە فیلمەکانیاندا بە سیناریۆی جیاواز باسیان لە دۆزی کورد کردووە، بەتایبەت لەبارەی ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتوون. ئەو سینەماکارە کوردە لەبارەی پەیامی فیلمەکەی گوتی "لە فیلمەکەدا ئەوە دەخرێتەڕوو کە کورد لەگەڵ ئەوەی زوڵم و ستەمی زۆری لێکراوە، بەڵام ستایشی ژیان دەکات و خۆشەویستی بۆ ژیان و زەوی هەیە، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات ناسنامەی خۆی بپارێزێت و مافی ئەوەی هەبێت کە بە زمانی دایک قسە بکات".

بڕیار وایە بەم نزیکانە فیلمەکە لە هۆڵە سینەماییەکانی تورکیا و باکووری کوردستان نمایش بکرێت، دواتریش هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی ئەورووپاش نمایش بکرێت. ئەو دەرهێنەرە سینەماییە دەڵێت "تا ئێستا وا بڕیارە فیلمەکە لە تورکیا نمایش بکرێت، هیوادارین هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکرێت".



### شەهرام و کارەکانی:

شەهرام عەلیدی لە ساڵی 1971 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوووە. لەساڵی 1982 چالاکی شانۆیی هەبووە، دەرچووی بەشی شێوەکاریی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانە. لە هەمان کۆلێژ ماستەری لە سینەمادا بەدەستهێناوە.

دەرهێنەر خاوەنی چەندین کورتە فیلمی سینەمایی و دۆکیۆمێنتارییە کە ئەمانەن: ماملێ، دۆکیۆمێنتاری 1998. شۆت 1999. دەرگای بەهەشت، دۆکیۆمێنتاری 2000. زەوی سەخت و ئاسمان دوور 2000. شێرکۆ بێکەس، دۆکیۆمێنتاری 2000. دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو 2002. دوگمە 2003. گوندی ئەندێشە 2003. هەناسە، دۆکیۆمێنتاری 2005. شاخەکانی تاران، دۆکیۆمێنتاری 2006. یادەوەرییەکانی ئاو، دۆکیۆمێنتاری 2008.

فیلمی "دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو" کە یەکێکە لە فیلمە هەرە بەهێزەکانی دەرهێنەر، چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی فێستیڤاڵی ئاوانکا لە پورتوگال 2003.

فیلمی "سرتە لەگەڵ با" یەکەمین فیلمی درێژی ئەو دەرهێنەرەیە و چەندین خەڵاتی سینەمایی وەرگرتووە، نمایشی یەکەمی لە فێستیڤاڵی سینەمایی کان بووە کە سێ خەڵاتی لە بەشی ڕەخنەگرانی فێستیڤاڵەکەدا وەرگرت.

## لە ئەڵمانیا چالاكییەكی گەورە بۆ ئێزدییەكان سازدەكرێت



**رووداو- گۆتنگن**

لە ساڵیادی داگیركردنی قەزای شنگال لەلایەن داعشەوە. بڕیار وایە ئێوارەی ئەمڕۆ 2015/8/3 بەپێی بەرنامەیەكی دیاریكراو، یادی ئەو كارەساتە لە شاری گۆتنگنی ئەڵمانیا بەهەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی ئێزیدییەكان بەڕێوەدەچێت. بۆ ئەو یادەش تیلمان تسویلچ سەرۆكی كۆمەڵەی داكۆكیكار لە گەلانی هەڕەشەلێكراو لە راگەیەندراوێكدا پشتگیری بۆ ئەو چالاكییە دەربڕیوە و كارەساتەكەی بیری ئەڵمانەكان هێناوەتەوە كە بە هەزاران ژن و پیاو و منداڵی ئێزدییەكان لە نێوبران و هەندێكیشیان كەوتوونەتە ژێر دەستی داعش. ئاماژەی بەوەشداوە كە ئەوان ئەو كارەساتەیان بە جینۆساید لە قەڵەمداوە.

# كورد لە سوێد بە "ڕەگەزپەرستی" تۆمەتبار دەكرێن

**رووداو- ستۆكهۆڵم**

خۆپێشاندانەكەی هەفتەی رابردووی ستۆكهۆڵم لەبەردەم باڵیۆزخانەی توركیا و دواتر كەوتنەوەی توندوتیژی لە نێوان كورد و توركەكانی نیشتەجێی سوێد، جارێكی دیكە پرسی شەڕی نێوان نەتەوەكان و ڕۆڵی كوردی لەو رووەوە هێنایەوە بەرباس. چالاكڤانێكی كورد دەڵێت "بۆ كوێ بچین، بەهەشتمان لێ دەكەنە دۆزەخ". توركێكیش دەڵێت "پێشبینیمان دەكرد پەلاماری باڵیۆزخانەی توركیا بدەن، ئێمەش بۆ پاراستنی هاتبووین".



## زوڵمی سویدییەكان لە كورد

وڵاتانی باكووری ئەوروپا و بەتایبەت ئەسكەندەناڤی، بووەتە جێی دڵەڕاوكێ بۆ بەریەككەوتنی كولتووری. كورد و ئیسلامییەكان لەلایەك و كورد و عەرەب و تورك لەلایەكی دیكە بەشی بەهێزی نێو هاوكێشەكانن.

ستیفان یۆهانسن لێكۆڵەری بواری كولتووری لە لێدوانێكدا بە (رووداو)ی گوت "ناكرێت تاراوگە شوێنێك بێت بۆ تۆڵە و بەتاڵكردنەوەی رق. چ لۆژیكێكە توركێك بۆ دژایەتی كورد كاری توندوتیژی لە ستۆكهۆڵم بكات و ئیسلامییەكیش لە ئۆسلۆوە فەتوای جیهاد دژی لایەنێك بدات".

سوێدییەكان هێرشی كورد بۆ سەر باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆكهۆڵم و دواجار شەڕە تەقەكان لەیاد ناكەن. ئەوەشیان هەمیشە لە بیرە كە پەكەكە لە ساڵانی نەوەتەكاندا لە شەقامی مێدبۆریان پلاتسن (شەقامی پیاسە و مەی خواردنەوە) كوردێكیان فڕێدایە خوارەوە و مانشێتی ڕۆژنامەكانیش بە زاڵی ماوەتەوە كە دەڵێت پیاوكوژەكانی یەكێتی و پارتی لە شەقامەكانی سوید دەسوڕێنەوە.

چالاكڤانانی كورد زۆر بە توندی وەڵامی رەخنەی سوێدییەكان دەدەنەوە. توانا ئەحمەد، چالاكڤانی كورد كە بەشداری خۆپێشاندانەكەی هەفتەی رابردووی كردبوو، بە تووڕەییەوە گوتی "ئەی بۆچی سوێدییەكان باسی ئەوە ناكەن كە باڵیۆزخانەی عێراق خەڵكی دەڕفاند؟".

گوتیشی "ئێستاش زۆربەی باڵیۆزخانەكانی ئێران و توركیا و تەنانەت سووریاش كاری سیخوڕی دژ بە كورد دەكەن و سویدییەكانیش لەوە بێدەنگن".

توانا باسی دووفاقیی حكومەتی سوێد دەكات و دەڵێت "لەم خۆپێشاندانەدا توركەكان مۆڵەتیان نەبوو، كەچی پۆلیس رێگەی پێدان، بەڵام ئێمە لە 2003 دژی لەشكركێشیی سوپای توركیا خۆپێشاندانمان كرد، ئەسپ و هەلیكۆپتەریان بۆ سەركوتكردنمان بەكارهێنا".

بەڵام یۆهانسن دەڵێت "لەو باوەڕەدا نیم پۆلیس جیاوازی لە نێوان نەتەوەكان بكات، بەڵام ئەو نەتەوانەی خاوەن باڵیۆزخانەن زیاتر بایەخیان پێدەدرێت".

لە كاتی خۆپیشاندانەكەدا پۆلیس چوار گەنجی كوردی دەستگیركرد، بەڵام دواتر ئازادی كردن و داوای لێبوردنیشی لەو كوردانە كرد كە لە سوێد نیشتەجێن.

## ڕووداوەكە چۆن بوو؟

ئەگەرچی زۆرینەی بۆچوون و رووماڵە میدیاییەكان كۆكبوون لەسەر ئەوەی سەرەتای كارە توندوتیژییەكان لە هاووڵاتیانی كوردەوە نەبووە و تەنیا خۆپیشاندەرانی كوردیش مۆڵەتیان هەبووە، بەڵام جەخت لەوەش كرایەوە كە "كورد كاری توندوتیژییان كردووە" و "پۆلیس و دەوڵەتیش موراعاتی توركەكانیان كردووە".

خۆپێشاندانەكە لەلایەن ناوەندی كۆمەڵایەتیی دیموكراتی كورد NCDK بۆ بەردەم باڵیۆزخانەی توركیا لە ستۆكهۆڵی پایتەخت رێكخرابوو. خۆپیشاندانەكە كە رۆژی 2015/7/30 بەڕێوەچوو، لە دژی هێرشەكانی توركیا بوو بۆ سەر پارتی كرێكارانی كوردستان.

كۆمەڵەی فیدراسیۆنی تورك كاتێك زانییان كورد بە نیازی خۆپیشاندانن، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندان گەیشتنە بەردەم باڵیۆزخانەی توركیا لە ستۆكهۆڵم. ئەوان گوتیان هاتووین باڵیۆزخانەی توركیا لە هێرشی كورد بپارێزین. بەڵام دواتر پێكدادان لە نێوان كورد و تورك لەلایەك و گەنجانی كورد و پۆلیس لەلایەكی دیكە روویدا.

ئەحمەد نعێمی گەنجێكی عەرەبی دانیشتووی شاری ستۆكهۆڵم گوتی "ئاراستەی خۆپیشاندانەكە هەرچۆنێك بووایە ئەمە رووی دەدا". بەڕای ئەو ئەمە پاشخانێكی رەگەزپەرستانەی هەیە "ئێمە وەك نەتەوەكانی رۆژهەڵاتی ناوین هەمیشە رقمان لە یەكدییە".

## ئۆپۆزسیۆنی كوردی و بەعسی عەرەبی

نعێمی كوڕی بەرپرسێكی پێشووی حیزبی بەعسی عێراق بووە، لە سەرەتای جەنگی ئەمریكا لە عێراق بەرەو ئوردن رایانكردووە و پاشان هاتوونەتە سوید. ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت "بەبڕوای من هیچ نەتەوەیەك هێندەی عەرەب، رێز لە كورد ناگرێت، بەڵام هێشتا لای كورد پەسەند نین".

بەڵام ئازاد فایەق، گەنجێكی كوردی دانیشتووی ستۆكهۆڵم لە وەڵامی ئەحمەددا دەڵێت "لە روانگەی كەسانی وەك ئەحمەدەوە ئەگەر سەریان بۆ نەوی نەكەین، واتە رەگەزپەرستین".

ئەحمەد گلەیی لە كوردی سوێد هەیە و دەڵێت "كوردی ستۆكهۆڵم ئامادە نین لە یەك بۆنەی عەرەبیدا بەشداریی بكەن، بەڵام من بەشداری هەموو خۆپیشاندانەكانی ئۆپۆزیسیۆنی كوردی دەكەم دژ بە رژێمی سووریا". گوتیشی "پێدەچێت ئۆپۆزیسیۆنی كورد لە سووریا كەمێك كراوەتر بن بەرامبەر عەرەبی عێراق".

## شەڕی داعش چی گۆڕی؟

رۆڵی پێشمەرگە و شەڕڤانان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دژ بە داعش كەمێك لەو بۆچوونانەی لای سویدی و ئەوروپاییەكان گۆڕی كە كورد كاری توندوتیژی بكات، بەڵام هزری عەرەبەكانی نەگۆڕیوە. ئازاد گوتی "چەندین جار هێرش كراوەتە سەر ئەو گەنجانەی هەڵمەتی ناوی پێشمەرگەیان لە سوید ئەنجامدا، هێرشبەرەكانیش عەرەب و سۆماڵی بوون".

## گروپێكی كوردی دژ بە عەرەبی ئاوارە

كوردی سوید تووڕەن لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهۆی ئەو ئاسانكارییانەی بۆ عەرەبە ئاوارەكانی باشووری كوردستانی دەكات و دەڵێن "رێز لە دیمۆگرافیای كوردستان ناگرێت".

ئێستا كۆمەڵێك گەنج خەریكی هەڵمەتێكن بۆ پشتگیری لەو كەمپینانەی لە ناوخۆی كوردستان هەیە كە داوا دەكەن عەرەبە ئاوارەكان بخرێنە كەمپەكانەوە.

سروە نادر، قوتابی لە زانكۆی ستۆكهۆڵم كە گەنجێكی نێو گرووپەكەیە، گوتی "حكومەتی هەرێمی كوردستان پلانی بۆ ئاوارەكان نییە و ئەوەی دەیكات دژ بە دیمۆگرافیای باشووری كوردستانە".

گرووپەكە بەنیازن كارەكەیان فراوان بكەن و دەڵێت "ئێمە رێز لە ئاوارەكان دەگرین و رەگەزپەرست نین". بەڵام ئەحمەد هەوڵی لەم شێوەیە بەكارێكی رەگەزپەرستانە دەزانێ "دڵنیام سەركردەكانی كورد ئەمە قبوڵ ناكەن".

سروە و ئازاد و ئەحمەد، هاوڕێی خوێندنن و سوید كۆیكردوونەتەوە، بەڵام لە بۆچووندا تەواو جیاوازن. لەم بارەیەوە ئازاد دەڵێت "لە سوید نەوەیەك پێگەیشتووە تەواو كوردە و زمانێكی پاراو و بۆچوونێكی تەواو نەتەوەیی هەیە". ئەحمەد ئەمە بە سەرەتایەكی مەترسیدار ناودەبات بۆ دژایەتیكردنی نەتەوەكانی دیكەی عێراق "پارچەپارچەبوونی راستەقینەی عێراق لەسەر دەستی ئەم نەوە نوێیە رەگەزپەرستەیە".

## كوردی سوێد رقیان لە عەرەبی سوێدە

سامان ساڵح قوتابی ماستەر لە زانكۆی یۆتۆبۆری بە (رووداو)ی گوت "كوردی سوید توانای قبوڵكردنی عەرەب و توركی نییە، بەڵام ئەمە رەگەزپەرستی نییە". گوتیشی "ئەم جۆرە بیركردنەوەیەی بەسەر كوردی تاراوگەدا زاڵ بووە، لەلایەك پەیوەندی بە رابردووی نەهامەتییەكانی ئەو خێزانانە و لەلایەكی دیكەش پەیوەندی بە رەفتاری ئەو عەرەبانەوە هەیە كە لە سویدن، چونكە رەفتاریان زۆر ناشیرینە".

سامان پێیوایە ئەوەی كوردی تاراوگەنشین بەرامبەر بە نەتەوەكانی دیكە دەیكات دەچێتە خانەی رەگەزپەرستییەوە.

# نیو- نازییەكانی ئەڵمانیا هەڕەشەن لەسەر پەنابەرانی كورد

**پڕۆڵا گەرمیانی**
**رووداو- بەرلین**

بەهۆی پشتگیریكردنی لە ئاوارە و پەنابەرانی وڵاتەكەی، بۆمبێك لەبەردەم ماڵەكەی دادەنرێت و دواتر دەتەقێنرێتەوە، بەڵام ئەو بێ زیانی گیانی لێی دەرچوو. مایكل ریختە، پێشتریش لەسەر ئەم هەڵوێستانەی هەڕەشەی لێكرابوو.

ئەو هێرشە كە تێیدا، مایكڵ ریختەی سەر بە پارتی دی لینكەی چەپڕەو كرابووە ئامانج، لە شاری فریتاڵی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا روویدا. ریختە و پارتەكەی بە پشتگیریكردن لە ئاوارە و پەنابەرانی ئەو وڵاتە ناسراون.

پەرلەمانتارانی پارتی دی لینكە بەیاننامەیەكیان لەو بارەیەوە بڵاوكردەوە و رایانگەیاند "پێویستە زۆر بە زوویی ئەنجامدەرانی هێرشەكە بدۆزرێنەوە و سزا بدرێن. نابێت یاسا دەستەوەستان بێت لە ئاستی هێرش بۆ سەر پەنابەران و كەسانی وەكو مایكڵ ریختە، ئەو كەسەی كە خەمی خۆشگوزەرانیی ئاوارەكانی هەڵگرتووە".

مارتن بیالوچ، گوتەبێژی پارتی دی لینكە بە (رووداو)ی راگەیاند "هێشتا بەڵگەمان لەسەر ئەنجامدەرانی هێرشەكە نییە. بەڵام مایكڵ ریختە زۆرجار لەلایەن راستڕەو و رەگەزپەرستەكانەوە بەهۆی چالاكیەكانییەوە هەڕەشەی لێكراوە".

## فریتاڵ.. شاری چالاكڤانانی راستڕەو

دوای چەند هێرشێك و خۆپیشاندانێك لە چەند هەفتەی رابردوودا لە دژی ئاوارە و پەنابەران لە شاری فریتاڵ، ئەو شارە وەكو شاری چالاكڤانانی راستڕەو لە ئەڵمانیا ناسرا.

مانگی نیسان، خوێندكارێكی كوردی رۆژئاوای كوردستان لەلایەن نازییەكانەوە لە شاری لیپزیگی ئەڵمانیا تەقەی لێكرا. هەر لە یەكگرتنەوەی هەردوو بەشەكەی ئەڵمانیاوە لە ساڵی 1990، ئەڵمانیای رۆژهەڵات بەدەست زیادبوونی بیری رەگەزپەرستی و دژە پەنابەرەوە دەناڵێنێ.

محەممەد تانریڤەردی، سەرۆكی كۆمەڵەی كوردی لە ئەڵمانیا لەبارەی هێرشی سەر مایكڵ ریختە دەڵێت "دڵنیاین ئەم هێرشە و هێرشەكانی پێشووتریش كە كراونەتە سەر كامپی ئاوارەكان لەلایەن مافیا نیو-نازییەكانەوە ئەنجام دراون. زۆربوونی ئەم هێرشانە لەسەر پەناخوازان و كامپی ئاوارەكان جێگەی مەترسی و نیگەرانین. حكومەت پێویستە هەموو شتێك بكات بۆ پاراستنی خەڵك و تاوانباران بە سزا بگەیەنێت".

ئەڵمانیا نزیكەی حەوت ملیۆن ئاوارەی هەیە و نزیكەی نۆ ملیۆن هاووڵاتی ئەڵمانی باكگراوندێكی پەنابەرییان هەیە. زۆربەی ئاوارەكان لە بەشی رۆژئاوای ئەڵمانیا و شاری بەرلین دەژین. هەرچەندە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا هەمیشە راستڕەوەكانی تێدابووە، بەڵام دوای زیادبوونی ژمارەی ئاوارە هاتووەكانی سووریا و عێراق و ئەفریقا، ژمارەی راستڕەوەكانیش زیادیان كردووە.

ئێستا نیو-نازییەكان بوونەتە هەڕەشەیەكی جددی لەسەر پەنابەران و لە نێویشیاندا كورد كە ژمارەیان بە 800 هەزار پەنابەر مەزەندە دەكرێت. ئەم راستڕەوانە پێشتر بزووتنەوەیەكیان بەناوی "پێگیدا" دروستكردبوو لە دژی پەنابەران، بەڵام كەمترین پشتگیری شەقامی لەگەڵ بوو، بۆیە بزووتنەوەكە بەرە بەرە لاواز بوو.

ئەحمەد ئیبراهیم كە خەڵكی رۆژئاوای كوردستانە و ئێستا لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا دەژی، دەڵێت "ئەم رووداوە زۆر جێگەی نیگەرانییە. لە مانگی نیسان تەقەیان لە منداڵێكی كورد كرد، ئێستا وا ئۆتۆمبیلی سیاسەتمەدارێكی ئەڵمانیان تەقاندەوە. خۆم و خێزانەكەم بیرمان لەوە كردووەتەوە كە بچین بۆ شاری كۆڵن، خەڵكی ئەوێ زۆر مێشك كراوەترن."

ئەو هەروەها دەڵێت "لەوێ ئەوان دەزانن كە ئێمە بەبێ هۆ وڵاتی خۆمان بەجێ نەهێشتووە. وڵاتی خۆمان لەبەر جەنگ و چەوساندنەوە بەجێهێشتووە. خێزانەكەی من، هەر ئەوەندە كە شەڕ تەواو بێت یەكسەر دەگەڕێینەوە".



## دلبخوین دارا، بێژەری بەشی کرمانجیی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو):

# هێڤیداری هاوژینم لەلای ئۆجەلان ناسی



دلبخویـن دارا، بێـژەری هەرە دیـاری هەواڵـی کرمانجییە لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو، زۆربەی ڕۆژەکان بوڵتەنی هەواڵەکانی کاژێر 7ی ئێوارە دەخوێنێتەوە کە تایبەتە بە ڕۆژئاوای کوردسـتان. ئەو دەڵێت لەم کاژێرەدا زۆربەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردسـتان بەدیار شاشەی ڕووداوەوە دادەنیشن. دلبخوین دارا لەم هەڤپەیڤینەدا لەگـەڵ هەفتەنامـەی (ڕووداو) زۆر پەسـنی دوو هێڤیدارەکەی ڕووداو دەدات و دەڵێـت هێڤیـدار زانـای بێـژەر زۆر جدیـە لە خوێندنەوەی هەواڵـەکان و هێڤیدار ئەحمـەدی پەیامنێریش لە ڕاستەخۆکاندا باشترینیانە.

**دەرباز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

**ڕووداو: تـۆ و هێڤیـدار زانـای هاوژینت لە ڕووداو بێژەری هەواڵن، کامتان سەرکەوتووترن لە کاری بێژەریدا؟**

**دلبخویـن دارا:** بێژەری و ڕۆژنامەنووسـیی تەلەفزیۆنـی بـۆ من بووەتە پیشـە، چێژ لەو کارە وەردەگرم، بووەتە بەشـێک لە ژیانی من چ لەسـەر کار بـم یان لـەدەرەوەی کارەکەم، لـە ماڵ بم، لە کافتریایەک بم یانژی بەرێگاوە بم. سـەبارەت بە پرسیارەکەت کە ئاخۆ کامە لەئێمـە سـەرکەوتووترە، باشـترە بینـەران بەرسـڤی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کوردییەکەی هێڤیدار ڕەوانە، بێژەرێکی باشـە، یەکێکە لەو بێژەرانـەی کاتێـک هەوڵـەکان دەخوێنێتەوە جدییە، دەتوانێ متمانەی بینەران بە ڕاستیی هەواڵەکان بەدەستبهێنێ.

**ڕووداو: لەگەڵ هێڤیدار زانا چۆن یەکدیتان ناسی، پەیوەندیی خۆشەویستیتان هەبوو؟**

**دلبخویـن دارا:** مـن و هێڤیـدار لـە شـام یەکدیمـان بینـی، ئەوە لە سـاڵی 1995 بوو لـەلای ڕێبـەری پەکەکە عەبدوڵـڵا ئۆجەلان. هێڤیـدار ئەوکات لـەوێ لـە هەڵەچنی کاری دەکـرد. ئـەوکات مـن لـە Med-TV بێژەری هەواڵـەکان بـووم، ئۆجـەلان داوای لێکـردم بچمە لای، چوومە دیمەشـق و لەوێ هێڤیدارم ناسی، بەڕێز ئۆجەلان پێیگوتبوو کە دلبخوین لە Med-TVیەوە هاتووە، زۆر شـت دەزانێت، بڕۆ بیبینە، زۆر زانیاری لەبارەی تەلەفزیۆنەوە هەیـە، یەکەمجـار ئـەوم لـەوێ بینـی و خۆشمویسـت، بـەڵام ئەو لە خۆشەویسـتیی مـن بێئاگا بوو، دواتر ئێمە بەیەکەوە چووینە بەلجیـکا، سـەرەتا لـە Med-TV و دواتر لە Medya – Tv بەیەکەوە لەسـەر یەک مێزی هـەواڵ کارمان دەکرد. ئێسـتاش منداڵێکمان هەیە و 8 سـاڵانە، ناوی ڕۆبینە و لە شـاری بۆنی ئەڵمانیا لەدایک بووە.

**ڕووداو: ئەزموونی کاری ڕاگەیاندنی تۆ بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**دلبخوین دارا:** من لە سـاڵی 1990 دەستم بەکاری ڕۆژنامەنووسـی کردووە. ساڵی 1990 ئەوکاتیش لە دیمەشـق بووم، موراد قەرەیڵان ئەوکاتـە بەرپرسـی PKK بـوو لە سـووریا. زۆرباش منی دەناسی، زۆر کەیفی بە من دەهات، ئـەو بەهای دەبەخشـییە کارکـردن بە زمانی کـوردی، پێیگوتم "دلبخوین ئێمە تۆ دەنێرینە ئەورووپـا و لەوێ ڕۆژنامـەی بەرخودان هەیە، بـە زمانەکانی کوردی و تورکـی دەردەچێت، 8 لاپـەڕەی بە کوردین، ببە ئێدیتۆری بەشـی کوردی". من لە حەلەبەوە چوومە دیمەشق، بە ئۆجەلانی ناساندم و گوتی "سەرۆکی من! ئەوە دلبخوینە، ئەو دەبێتە بەرپرسی بەشی کوردی لـە ڕۆژنامـەی بەرخودان". دواتـر من چوومە ئەڵمانیـا و لەو ڕۆژنامەیە دەسـتبەکار بووم، سـاڵی 1995 کاتێـک Med Tv دەسـتی بـە وەشانکرد، من یەکەم بێژەری هەواڵەکان بووم، یەکـەم کۆبەندی هەواڵەکان لـە کاژێر 18.30 من خوێندمەوە، ئێستاش لە ڕووداو کاردەکەم، دەتوانم بڵێم ڕووداو کاری ڕۆژنامەنووسی منی پێشخست و سەقامگیری کرد.

**ڕووداو: تـۆ ڕۆژانە پەخشـی ڕاسـتەوخۆت هەیە لە ڕووداو و لەگەڵ پەیامنێرەکان گفتوگۆ دەکەیت، کامە پەیامنێری ڕووداو بە بۆچوونی تۆ بەباشـترین شـێوە هەواڵەکان ڕاسـتەوخۆ دەگوازێتەوە؟ کامە بێژەری ڕووداو باشترینە؟**

**دلبخوین دارا:** من و پەیامنێرە هاوکارەکانم ڕووبـەڕوو نابینەوە (بەپێکەنینەوە)، بێگومان هەندێک پەیامنێرمان هەن زۆر ئارامن، هێمنن، با کەس لێم دڵگیر نەبێت، بەڵام شاهۆ ئەمین وەک بێژەری هەواڵەکان و هێڤیدار ئەحمەدیش وەک پەیامنێر.

> ڕووداو بواری هەناسەدانی بۆ نەهێشتوومەتەوە

> من یەکەم وەشانی هەواڵی Med Tvم خوێندەوە

> هێڤیدار ئەحمەد و شاهۆ ئەمین لە باشترینەکانن

**ڕووداو: لە پرۆگرامی دوو ئالی-دا، هەمیشە میوانەکانت دەخەیتە گفتوگۆیەکی گـەرم، هیچ جارێـک ڕوویداوە کە لە نێو سـتۆدیۆ میوانەکانت شـەڕ بکەن؟ مەبەستم شەڕە قسە نییە.**

**دلبخوین دارا:** بەگشتی کورد شەرم دەکەن، کە بێنە بەرامبەر یەکدی و ڕەخنە لە بۆچوونی یەکـدی بگـرن، هەمـوو کات لە پاشـەملەوە ڕەخنە لە یەکدی دەگرن، لە ڕێگەی پرۆگرامی (2 ئالی) ئێمە ئەو دیوارەمان شکاند، ئامانجی ئێمە ئەوەیە بۆچوونە جیاوازەکان ڕووبەڕووی یەکدی بکەینەوە، نەک شەڕ هەڵگیرسێنین.

**ڕووداو: کاتێک ڕووماڵی هەواڵی ئاوارەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەکەیت چ هەسـتێکت هەیە؟**

**دلبخویـن دارا:** مـن خەڵکـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانم، خەڵکی کۆبانێـم، کاتێک کاژێر دەبێتە 19.00 هەموو کەسێک دەچێتە بەردەم تەلەفزیۆن و سەیری هەواڵەکان دەکات، کاژێر 19.00 لە ڕۆژئاوای کوردستان هیچ کەسێک لە دەرەوە نابینی، ئـەوێ ڕۆژێ یەکێک پێیگوتم "ئێمە تامەزرۆی هەواڵەکانی ڕۆژئاواین، بەپێی تەخمینی خۆم ڕۆژانە 2 ملیۆن کەس سـەیری هەواڵەکانی ڕۆژئاوای کوردسـتان دەکەن، هەر خۆت بیخەملێنە ئەوە چ هەستێک دەبێت.

**ڕووداو: ئێسـتا تەمەنـت چەنـدە؟ لەگەڵ وەرزش پەیوەندیت چۆنە؟**

**دلبخوین دارا:** ساڵی 1967 لە گوندێکی سەر بە کۆبانی لەدایک بووم، ئەو کاتەی لە ئەڵمانیا بووم، دەچوومە لەشـجوانی، وەلێ ئێسـتا لە کوردسـتان ڕووداو بواری هەناسەدانیشـی بۆ نەهێشتوومەتەوە.

**ڕووداو: بەنیازی تاوەکو چەند سـاڵی دیکە لە کاری ڕاگەیاندن بەردەوام بیت؟**

**دلبخوین دارا:** ئەم کارە وەکو نەخۆشـییە، ناتوانی دەسـتبەرداری بیت، بەتایبەت بۆ من کـە نزیکـەی 25 سـاڵە لـەم کارەدام، بەڵام هێشـتا مرۆڤ نازانێ، دەشـێ ڕۆژێک بێت لە دەرەوەی ئـەو کارە تەنیا وەکـو حەزێک ئەو کارە بکەم.

**ڕووداو: دەنگـت خۆشـە بـۆ گۆرانیگوتن؟ هەرگیـز داوات لێکـراوە ببیتـە ئەکتـەر لـە فیلمێکی سینەماییی؟**

**دلبخویـن دارا:** هاوڕێکانـم پێمدەڵێـن: "دەنگت خۆشـە" زیاتر حەزم لە گۆرانییەکانی سەرحەدیـ یە، هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە ببمە ئەکتەرێکی سینەمایی، لە ژیانی خۆمدا خەونی من ئەوە بووە کە ببمە ڕۆژنامەنووسێکی باش، لـە تەمەنـی منداڵیمـدا زۆر حەزم لـە کاری بێژەری بوو، خەون و خەیاڵم بوو ڕۆژێک بچمە نێو سـتۆدیۆی تەلەفزیۆنێک بـۆ ئەوەی بزانم بێژەرێک چۆن هەواڵەکان پێشکەش دەکات.

## پەخشی پرۆگرامەکانی ڕادیۆی ڕووداو 102.7 102.9




**بەکاتی سلێمانی:**
گەرمترین ڕۆژەڤی هەفتەیەکی سلێمانی شەنوکەو دەکات
**کات:** یەکشەممە کاژێر 17:00 .
**پێشکەشکار:** سامان بەشارەتی.

**باسی:**
مژارەکانی شاری ئامەد و باکوری کوردستان دەکات.
**کات:** دووشەممە، کاژێر 16:00
**پێشکەشکار:** ماشەڵڵا دەکاک.

**گفتوگۆی ڕۆژنامەنووس:**
باسی دیارترین پرس و ڕووداوەکانی هەفتە دەکات
**کات:** دووشەممە، کاژێر 16:30 .
**پێشکەشـکاران:** ئاکۆ محەممـەد و ڕێبوار کەریم وەلی

**یاریگای ڕووداو:**
شرۆڤەی یاری و پاڵەوانییەتیە وەرزشییەکانی ناوخۆ و جیهان دەکات.
**کات:** شەممە، کاژێر 16:00
**پێشکەشکاران:** ڕێبوار محەممەد و ئیحسان تاهیر.

**دەنگی ڕۆژهەڵات:**
باسی ڕووداو و ڕۆژەڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات
**کات:** سێشەممە، کاژێر 17:00 .
**پێشکەشکار:** ئومێد بەرین.

**ڕۆنان:**
بایەخ بە بابەتە ئەدەبییەکان و نوێترین بەرهەمی نووسەران دەدات.
**کات:** هەینی، کاژێر 16:00
**پێشکەشکار:** فەرهاد چۆمانی

**مژار:**
پرۆگرامێکی گفتوگۆئامێزە سەبارەت بە مژارە گەرمەکانی کوردستان و جیهان.
**کات:** شـەممە تاوەکو پێنجشەممە، کاژێر 11:00 .
**پێشکەشکاران:** سروە هەورامی

**چاڤێ سێیەم:**
باسی گرنگترین مژارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات
**کات:** شەممە، کاژێر 17:00 .
**پێشکەشکار:** حوسێن عومەر

**دەنگێ کۆبانێ:**
باسی ڕووداوەکانی شاری کۆبانێ و دەوروبەری دەکات.
**کات:** یەکشەممە کاژێر 16:00 .
**پێشکەشکار:** عومەر کالۆ

**ب دەما قامشلۆ:**
گرنگترین مژاری شاری قامشلۆ و دەوروبەری دەبنە تەوەری پرۆگرام
**کات:** چوارشەممە، کاژێر 16:00 .
**پێشکەشکار:** ئاشتی تیشی

**زێڕی ڕەش:**
گرنگی دەدات کەرتی نەوت و وزە و سامانە سروشتییەکان.
**کات:** چوارشەممە، کاژێر 17:00
**پێشکەشکار:** بیلال سەعید

**لە پەیامنێرانەوە:**
گەیاندنی زانیارییە بە گوێگران لە ڕێگەی پەیامنێران لە هەرچوار پارچەی کوردستان و جیهان.
**کات:** پێنجشەممە کاژێر 16:00 .

**گوتوبێژ:**
گرنگی بە مژارە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات
**کات:** پێنجشەممە، کاژێر 17:00 .
**پێشکەشکار:** دڵدار هەرکی

**یادەوەری:**
باس لە بیرەوەریی کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان دەکات.
**کات:** هەینی کاژێر 11:00
**پێشکەشکار:** شوان مەنمی.



## خشتەی پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی ڕووداو

**وەرزین:**
وەرزینی ئەم هەفتەیە باسی هەردوو یانەی زێرەڤانی و یانەی گارە لە دهۆک دەکات
کاتـی پێشکەشـکردن: دووشـەممە، کاژێـر 22:05 (ڕاستەوخۆ لە هەڵەبجە)
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

**فیچەر:**
لە شـنگالەوە تاوەکو خانکـێ، فیچەرێکە تایبەت بە ئاوارەبوونی ئێزدییەکانی شنگال.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30
ئامادەکردن: بارزان محەممەد

**چوار قۆڵی:**
بەرنامـەی ئەمجـارە بە میوانداریی عیمـاد ئەحمەد، ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی و گوتەبێـژی یەکێتـی نیشتمانی باسی ئاریشەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار کەریم وەلی

**پەنجەمۆر:**
بەشـی سـێیەمی هەڤپەیڤینێکە لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنەماز، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین

**دۆکیۆمێنتاری:**
گریانـە هـەور بڕەکـە، دۆکیۆمێنتارییەکـە لەسـەر گریانەکەی ڤیان دەخیل بۆ حاڵی کوردە ئێزدییەکان.
کاتی پێشکەشکردن: پێنج شەممە، کاژێر 23:30
ئامادەکردن: نەوزاد مەحموود

**نۆرین:**
نۆرینـی ئەمجـارە چەنـد تەوەرێـک لەخۆدەگرێـت، ئەوانیش نەخۆشیی پرۆستات، چاندنەوەی قژ و سوودی چەند میوەیەک. فریاگوازری سەرەتایی پێوەدانی مار و دووپشک و چەند تەوەرێکی دیکە.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

**هەڤپەیڤین:**
هەڤپەیڤینـی ئەمجـارە لەگـەڵ سیاسـەتڤان و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا مەحمود چیلینک دەبێت.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 22:05
پێشکەشکردن: دلبخوین دارا

**چاوی ڕووداو:**
لـە هـەر ئەڵقەیەکـی چـاوی ڕووداودا چـوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

**تێبینی:**
ئەم خشـتەیە جێگیر نییە، ڕەنگـە بەهۆی ڕووماڵ و ڕاسـتەوخۆکانی کەناڵی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

## خشتەی پرۆگرامەکانی ڕووداو میوزیک بەکاتی هەولێر 107.7

**ئاوەژوو:**
باسـی دیـوی شـاراوەی ژیانـی هونەرمەندان دەکات
**کاتی پێشکەشکردن:** یەکشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** چۆمان مەحموود

**دەنگی نوێ:**
هەر جارە و میوانداری گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرێکی گەنج دەکات.
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** دەرباز یونس

**چیرۆکی ئاوازێک:**
پڕۆگرامێکـی دۆکیۆمێنتەرییـە و چیرۆکی بەرهەمهێنانـی گۆرانییـە نەمـرە کوردییەکان دەگێڕێتەوە.
**کاتی پێشکەشـکردن:** پێنجشـەممە کاژێر 21:00
**ئامادەکار:** هەرێم محەممەد


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوک - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
bareaz GROUP COMPANY
شاری دایك
SHARI DAIK
ڤێلاکانی شاری دایك
شوقەکانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە

## ڕۆمانێک لەسەر ژنانی ئێزدی بڵاودەکرێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

نەبەرد فوئاد ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانێکی بەنێوی "توتی" لەسەر ئازار و نەهامەتی ئەو ژن و کچە کوردە ئێزدیانە نووسیوە کە لە دەست ڕێکخراوی داعش ڕزگاریان بووە و گوتی "ئەوە یەکەمین کاری نووسینمە، بۆ ئەم ڕۆمانە خۆم گەیاندە لای ئەو ئافرەتانەی لە دەست داعش ڕزگاریان بووە، تاوەکو لە ئازارەکانیان تێبگەم". گوتیشی "مەبەستم لە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە بە هەموو جیهان بڵێین ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو کوشتەی دەستی ئایدۆلۆژیا بووین".




**هەولێر لە پێشە**

# ئەمساڵ کوشتنی ژنان 54% زیادی کردووە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەریدەخات کە توندوتیژی دژی ژنان ڕوو لە هەڵکشانە. جگە لە دەستدرێژی، توندوتیژییەکانی دیکەی وەک کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتاندنی ژنان زیادی کردووە، بە جۆرێک ڕێژەی کوشتنی ژنان 54% زیادی کردووە.

لە پاڵ ململانێی حیزبەکانی کوردستان لەسەر پرسەکانی وەکو دەستوور و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەو قەیرانە داراییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، توندوتیژیی دژی ژنان بە شێنەیی ڕوو لە هەڵکشانە بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکخراوێکی ژنان یان چالاکڤانان و میدیاکاران بێنێتە گۆ.

### کوشتنی ژنان 54% زیادی کردووە

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە وێنەیەکی داوەتە (ڕووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 31 ژن بە بیانووی جۆراوجۆر کوژراون، لە کاتێکدا شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 17 ژن کوژرابوون. بە بەراوردکردنی ئەم دوو ئامارە دەردەکەوێت ئەمساڵ کوشتنی ژنان 54% زیادی کردووە.

لە کوشتنی ژناندا هەولێر هەر لە پلەی یەکەم ماوەتەوە، بە جۆرێک شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لەو پارێزگایە 9 ژن کوژرابوون، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ژمارەکە زیادی کردووە بۆ 12 قوربانی.

جگە لە سۆران کە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ و پارساڵ یەک حاڵەتی کوشتنی تێدا تۆمار کراوە، لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کوشتنی ژنان زیادی کردووە.

### 18 حاڵەتی خۆکوشتن زیادی کردووە

لە پشت خۆکوشتنی هەر ژنێک توندوتیژییەک خۆی حەشارداوە. زۆر لە خۆکوشتنەکان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان وا تۆمار کراوە کە ئەوانە نەخۆشیی دەروونییان هەبووە. بەڵام بە قسەی پسپۆڕانی دەروونی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژی هۆکارێکن بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی.

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 38 ژن خۆیان کوشتووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی پارساڵدا تەنیا 20 ژن خۆیان کوشتبوو، بە بەراوردکردنی ئامارەکان دەردەکەوێت کە خۆکوشتنی ژنان بەڕێژەی 52% زیادی کردووە.

دیسان هەولێر لە خۆکوشتنی ژناندا پێشەنگە و ئەمساڵ 12 ژن لە هەولێر خۆیان کوشتووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو حەوت ژن خۆیان کوشتبوو. لە گەرمیان و ڕاپەڕین ژمارەکە وەکو خۆیەتی و دوو ژن خۆیان کوشتووە، بەڵام لە سلێمانی و دهۆک و سۆران ژمارەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ژنان زیادی کردووە.

### سووتان و خۆسووتاندنیش زیاد بووە

ئامارەکانی سووتاندن و خۆسووتاندنیش دڵخۆشکەر نین، ئەوانیش هاوشێوەی کوشتن و خۆکوشتن زیادیان کردووە.

لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 110 ژن سووتابوون، بەڵام ئەمساڵ ژمارەکە زیادی کردووە بۆ 117 حاڵەتی سووتان. ئەمساڵ زۆرترین ژن لە هەولێر خۆیان سووتاندووە کە 41 ژنن، بەڵام بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کەمترە کە 43 حاڵەت هەبووە.

هەروەها لە سۆرانیش سووتان کەمی کردووە لە 15 حاڵەتەوە بۆ 13 حاڵەت، بەڵام لە دهۆک و سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین حاڵەتی سووتانی ژنان زیادی کردووە.

سەبارەت بە خۆسووتاندنی ژنانیش 13 حاڵەت زیادی کردووە، شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 50 ژن خۆیان سووتاندبوو، بەڵام ئەمساڵ 63 ژن خۆیان سووتاندووە.

دیسان زۆرترین حاڵەتی خۆسووتاندن لە شاری هەولێر تۆمار کراوە کە ئەمساڵ 22 حاڵەت بووە و ساڵی ڕابردوو 19 حاڵەت. بەڵام لە دهۆک ژمارەکە کەمی کردووە و لە 14 حاڵەتەوە بووەتە 10. هەروەها لە ڕاپەڕینیش سێ حاڵەت کەمی کردووە.

### 3646 سکاڵا تۆمارکراون

هەرچەندە ئامارەکە بەنێوی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە نێو ئەوانەی سکاڵایان لەلای ئەم بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار کردووە، ژمارەیەکی بەرچاویان پیاون.

بەپێی ئامارەکە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 3646 ژن سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو 3181 کەس سکاڵایان تۆمار کردبوو. زۆربەی سکاڵاکارەکان لە سنووری شاری هەولێرن و 1255 کەس سکاڵایان تۆمار کردووە. دوای ئەویش دهۆک دێت بە 964 سکاڵا، هەروەها لە سلێمانی 616 کەس، گەرمیان 440، ڕاپەڕین 262، سۆران 109 کەس سکاڵایان تۆمار کردووە.

### دەستدرێژی کەمی کردووە

لە سەرجەم ئەو توندوتیژیانەی ئەمساڵ و پارساڵ دژی ژنان تۆمار کراون، دەرکەوتووە کە تەنیا دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان کەمی کردووە. بە جۆرێک شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 75 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان هەبووە، بەڵام شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 70 حاڵەت هەبووە.

لەم ڕووەوە شاری سلێمانی لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کەمتر بووە و لە 35 حاڵەتەوە بۆ 29 حاڵەت کەمی کردووە. لە هەولێریش تەنیا 3 حاڵەت تۆمار کراوە، بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 50% کەمی کردووە کە 6 حاڵەت تۆمار کرابوو.

### بۆچی توندوتیژی زیادی کردووە؟

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی و 28 نووسینگەی هەیە، سەرجەم ڕووداوەکانی سووتان، خۆسووتاندن، کوشتن، خۆکوشتن، سکاڵا و دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان لەلایەن نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانیانەوە تۆمار دەکرێن.

ئەمەل میکائیل کاکەیی، بەڕێوەبەری پلان و سەرپەرشتیاری بەشی ئامار و دیراسات و لێکۆڵینەوە و هۆشیارکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، باسی هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان دەکات و دەڵێت "چەندین هۆکار هەن، لەوانەش نەخۆشیی دەروونی، جەستەیی و عەقڵی. یان ئەو کەسەی توندوتیژی بەکاردێنێت ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکانە و توانای کۆمەڵایەتی لاوازە، چونکە ئەگەر توانای بەهێز نەبێت ناتوانێت گفتوگۆ بکات، جگە لەوەش خۆکۆنترۆڵ نەکردن لە کاتی تووڕەییدا هۆکارێکی دیکەی توندوتیژییە".

### بۆچی هەولێر توندوتیژترینە؟

جگە لە دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان، لە سەرجەم جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی دژی ژنان، شاری هەولێر پێشەنگە.

ئەمەل کاکەیی لەو بارەیەوە دەڵێت "نووسینگەکانی هەولێر هەماهەنگییەکی زیاتریان لەگەڵ پۆلیسدا هەیە و مانگانە ڕووداوەکانی توندوتیژییان لێوەردەگرن. تەنانەت زۆربەی ئامارەکانیشیان لەگەڵ پۆلیس لێک نزیکن، بەڵام ڕەنگە ئەو هەماهەنگییە لەگەڵ پۆلیسی شارەکانی دیکە نەبێت. بۆ نموونە ئاماری پۆلیسی شارەکانی دیکەمان وەرگرتووە و بینیومانە لە نووسینگەکانی ئێمە تۆمار نەکراون، چونکە هەماهەنگییان نییە".

### شەش مانگی یەکەمی 2015

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 12 | 12 | 41 | 22 | 1255 | 3 |
| دهۆک | 4 | 8 | 23 | 10 | 964 | 21 |
| سلێمانی | 6 | 11 | 24 | 17 | 616 | 29 |
| گەرمیان | 6 | 2 | 7 | 8 | 440 | 12 |
| ڕاپەڕین | 2 | 2 | 9 | 7 | 263 | 2 |
| سۆران | 1 | 2 | 13 | 4 | 109 | 2 |
| کۆی گشتی | 31 | 38 | 117 | 63 | 3646 | 70 |

### شەش مانگی یەکەمی 2014

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 9 | 7 | 43 | 19 | 1266 | 6 |
| دهۆک | 3 | 2 | 9 | 14 | 722 | 17 |
| سلێمانی | 2 | 5 | 21 | 9 | 567 | 35 |
| گەرمیان | 1 | 2 | 12 | 2 | 394 | 5 |
| ڕاپەڕین | 1 | 2 | 10 | 5 | 148 | 12 |
| سۆران | 1 | 2 | 15 | 1 | 84 | 0 |
| کۆی گشتی | 17 | 20 | 110 | 50 | 3281 | 75 |

### جیاوازی شەش مانگی 2014 و 2015

| کۆی 6مانگ | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2015 | 21 | 38 | 117 | 63 | 3646 | 70 |
| 2014 | 17 | 20 | 110 | 50 | 3281 | 75 |
| جیاوازی | +14 | +18 | +7 | +13 | +465 | -5 |

# خۆی بە دەمانچەکەی باوکی دەکوژێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**

لە کاتێکدا کەسوکارەکەی سەرقاڵی ئاوداشتن و بژارکردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکەیان بوون، دەنگی گوللەیەک لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی باوکی هێشوودا بەرز دەبێتەوە، کاتێک دەگەنە ئۆتۆمبێلەکە دەبینن هێشوو خوێنی لێدەچۆڕێ. کەسوکارەکەی دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەرە، بەڵام پۆلیس گومانی هەیە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە.

ڕۆژی 2015/7/24 لە گوندی کاویە بابەسەنی سەر بە قەزای پشدەر، کچێکی تەمەن 14 ساڵان بەناوی هێشوو محەممەد عەباس، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی باوکی بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

کەسوکارەکەی دەڵێن هێشوو دەستکاری دەمانچەی باوکی کردووە و گوللەیەک لە دەمانچەکە دەرچووە و بەر سەری کەوتووە، بۆیە ڕووداوەکە بە قەزا و قەدەر دەزانن و دەڵێن نە کەس کوشتوویەتی و نە خۆیشی بە ئەنقەست ئەو کارەی کردووە.

بەڵام پۆلیس گومانی هەیە کە ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بێت، بۆیە هەر دوای ڕووداوەکە دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد و بە مەبەستی زانینی ڕاستیی هۆکاری ڕووداوەکە، تەرمی هێشووی ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی کرد.

کەسوکاری هێشوو زۆربەی ڕۆژەکانی هاوین لە نێو زەوییە کشتوکاڵییەکانن و ساڵانە سەوزە و برنج دەچێنن. باران محەممەد، 20 ساڵ کە برای هێشووە، باسی کاتی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "باوکم و دایکم و منداڵەکان لەگەڵ مامێکی باوکم خەریکی ئاودان و بژارکردنی برنج و بامیە بوون، لەو کاتەدا هێشوو چووەتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی باوکم، زۆری پێنەچوو گوێمان لە دەنگی گوللەیەک بوو، کە چووین بینیمان هێشوو گوللەیەکی لە خۆی داوە".

باران ڕەتیکردەوە کە هێشوو یان خێزانەکەیان هیچ کێشەیەکیان هەبووبێت، بۆیە بەدووری دەزانێت کە هێشوو خۆی کوشتبێ و دەڵێت "دەستکاریی دەمانچەکەی کردووە و گوللەیەک لە دەمانچەکە دەرچووە و بەر سەری کەوتووە، بۆیە دەستی کەسی تێدا نییە و قەزا و قەدەر بووە".

ئەو دەمانچەیەی هێشوو دەستکاری کردووە دەمانچەی باوکی بووە، باران دەڵێت "ڕاستە دەمانچەکە دەمانچەی باوکم بوو، لە باوکیشم زیاتر کەس دەستکاری نەکردووە، تەنانەت ئێمە نەماندەزانی لە ماڵەوە لە کوێی دادەنێت، ئەو ڕۆژە لەگەڵ خۆی هێنابووی لە نێو ئۆتۆمبێلەکە بەجێیهێشتبوو".

لەدوای ڕووداوەکە پۆلیس گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، دەمانچەکە و ئۆتۆمبێلەکەی باوکی هێشوویان لەگەڵ خۆیان بردووە.

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەرمی کچێکی تەمەن 14ساڵ هێنرایە بەشی پزیشکی دادوەریی قەڵادزێ، گشت ڕێکارە پزیشکییەکانی بۆ ئەنجامدران، بەڵام گومان لە مردنەکەی هەبوو کە فیشەکێک بەر لاسەری کەوتبوو".

ئەو بەرپرسەی نەخۆشخانەی گشتیی قەڵادزێ گوتیشی "لەلای ئێمە ڕوون بوو کە برینی فیشەکێکی دەمانچەی تورکی لەلای چەپی سەری هەبوو، بەڵام جێی گومان بوو، بۆمان ڕوون نەبووەوە کە لێیدراوە، یان بۆ خۆی لەخۆی داوە، هەر بۆیە تەرمەکەی بەڕێکرا بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی".

هەروەها موقەدەمی پۆلیس حەسەن حاجی ڕەشید بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕانیە لەبارەی ڕووداوەکەوە گوتی "ئەم کچە کە دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی قەزای پشدەرە، لە نزیک گوندی کاویە بابەسەن بە دەمانچەیەکی جۆری تورکی لەناو ئۆتۆمبێل کۆتایی بە ژیانی هاتووە".

کەس سکاڵای لەسەر ڕووداوەکە نییە، پۆلیسیش دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە و دەستی بەسەر دەمانچەکە و ئۆتۆمبێلەکەدا گرتووە. موقەدەم حەسەن دەڵێت "دەمانچەکە مۆڵەتی هەڵگرتنی نییە، ئۆتۆمبێلەکەش کە تەرمی کچەکەی تێدابووە، هیچ ئەوەلیاتێکی نییە".

سەبارەت بەوەی کچەکە کوژراوە یان خۆی کوشتووە، موقەدەم حەسەن گوتی "لێکۆڵینەوەکان لە قۆناخی سەرەتاییدان، هێشتا هۆکاری ڕووداوەکە دیار نییە و نازانرێت کچەکە کوژراوە یان خۆی کوشتووە، یانیش ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە وەک ئەوەی کەسوکارەکەی باسی دەکەن، ڕووداوەکە بۆ ئێمەش جێی گومانە، بۆیە تەرمەکەمان بەڕێکرد بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی، ئێستا چاوەڕێی ڕاپۆرتی ئەوان دەکەین".

## گەشتیارێک لە سۆران دەخنکێت

**رووداو- سۆران**

گەشتیارێک بەناوی گەیلان نادر تەمەن 24 ساڵ کە خۆی و خێزانەکەی لە هەولێرەوە بەمەبەستی گەشتکردن روویان لە شارۆچکەی رواندز کردبوو، لە کاولۆکان لە رووباردا خنکا. بەیار محەممەد، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەرگریی شارستانی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند "گەیلان لەگەڵ خێزان و دوو منداڵەکەی بەمەبەستی گەشتکردن روویان لە ناوچەکە کردبوو، گەیلان کاژێر دوو بۆ مەلەوانیکردن چووبووە سەر رووباری کاولۆکان، لەکاتی مەلەکردن کۆنترۆڵی لەدەستدابوو، خێزان و منداڵەکانیشی هاواریان بۆ گەشتیارانی دەوروبەری بردبوو، بەڵام پێش گەیشتنی هاووڵاتیان گیانی لەدەستدەدابوو".



# گەنجێک بە چەقۆ و بلۆک دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەرکووک**

گەنجێکی تەمەن 18 ساڵان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بە بلۆک و چەقۆ دەکوژرێ.

محەممەد عاسی، دانیشتووی گەڕەکی راپەڕینی یەک بوو لە شاری کەرکووک. تاوەکو پۆلی دووی ناوەندیی خوێندبوو، شەوی 2015/7/28 لە بەردەمماڵی خۆیاندا رفێنرا و نیوەڕۆی رۆژی دواتر تەرمەکەی لە گەڕەکی پەنجا عەلی دۆزرایەوە.

ئاوات عاسی، برای محەممەد کە ئێوارەی پێش رووداوەکە دوایین ساتی بووە لەگەڵ برا بچووکەکەی، گوتی "کاژێر نزیکەی پێنجی ئێوارە لەگەڵ خوشکەکەم و محەممەد چووین بۆ ماڵی پوورێکمان، نزیکەی کاژێر هەشتی شەو گەڕاینەوە، دواتر محەممەدمان لە ماڵەوە جێهێشت و لەگەڵ خوشکەکەم سەردانی چەند خزمێکمان کرد کە نەخۆش بوون".

وەک ئاوات گوتی، محەممەد کاژێر 8،30 خولەکی شەو دیار نەماوە، تاوەکو کاژێر 11ی شەو چاوەڕێیان کردووە هەر نەگەڕاوەتەوە، ئیدی دەست دەکەن بە سۆراخکردن لە پارک و نەخۆشخانە و بەندیخانە و بنکەکانی پۆلیس، بەڵام گەڕانی ئەو شەوەیان هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

بۆ رۆژی دواتر هەواڵی دۆزینەوەی تەرمێکیان لە نزیک گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکووک پێدەگات، کاتێک پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن و دواتر وێنەی تەرمەکە دەبینن، بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوە تەرمی محەممەدە.

ئاوات لە باسکردنی چۆنیەتی کوشتنی براکەی فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە و گوتی "بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوشتبوویان، هەموو شتێکیان بەکارهێنابوو هەر لە چەقۆ و دەرنافیز و بلۆک، تەنانەت خستبوویانە خوارەوە و قۆڵێکیان شکاندبوو، هەوڵی سەربڕینیشیان دابوو، بەڵام بۆیان نەکرابوو، جگە لەوەش دەموچاوی هیچی نەمابوو".

محەممەد سەری سوڕماوە لە کوشتنی براکەی و دەڵێت ئەوان کێشە و دوژمنداریيان لەگەڵ کەس نەبووە، بۆیە نازانن گومان لە کێ بکەن و کێ تۆمەتبار بکەن بە کوشتنی براکەی.

ئاوات گوتی "لەبەرئەوەی محەممەد لە هەڵسوکەوت و ئەقڵدا تاڕادەیەک منداڵانە بوو، هەمیشەش حەزی لە هاوکاریکردنی خەڵک بوو، رەنگە فرسەتیان لێ هێنابێت و دوای رفاندنەکەی لە ترسی ناسینەوەیان، کوشتوویانە". ئاوات پێیوایە پێشتر رووداوەکە پلانی بۆ داڕێژراوە "بێگومان کارێکی لەو شێوەیە پلان بۆ داڕێژراو بووە".

ئاوات باسی خەونێکی براکەی کرد و گوتی "محەممەد زۆر کەسێکی بێدەنگ و هەژار بوو، قەد نەیدەگوت حەزم لە شتە، تەنانەت دوو ساڵە داوای دەکرد بیبەین بۆ چاقی لاند لە سلێمانی، بەڵام پێمان نەدەکرا".

خانەوادەی محەممەد چاوەڕێی دەزگا ئەمنییەکانن بۆ ئەوەی بکوژانی کوڕەکەیان بدۆزنەوە، ئاوات گوتی "ئێستا دۆسیەکە لای پۆلیس و ئاسایشە و رێگەی یاسایی دەگرینەبەر".

بنکەی پۆلیسی عروبە دەستیان بە لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی بکوژانی ئەو گەنجە کردووە. عەقید کامیل ئەحمەد، بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی تاوان لە بنکەی پۆلیسی عروبە بە (رووداو)ی گوت "نیوەڕۆی رۆژی 2015/7/29 لەلایەن هاووڵاتییەکەوە پەیوەندیمان پێوە کرا کە تەرمێک لە کۆتایی گەڕەکی پەنجا عەلی کەوتووە، کاتێک چووینە شوێنی رووداوەکە، تەرمەکەمان هەڵگرتەوە و دەرکەوت تەرمی ئەم کوڕە گەنجەیە".

بە گوتەی پۆلیس، پێدەچێت زیاتر لە دوو کەس بەشدارییان لەو تاوانەدا کردبێت. سەرەتا گەنجەکەیان بردووەتە نێو هەیکەلی خانوویەکی تەواو نەکراو. عەقید کامیل گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت لە نێو هەیکەلەکە بە چەقۆ بریندایان کردبێت و پاشان منداڵەکە ویستوویەتی لەدەستیان هەڵبێت، بۆ ئەو مەبەستەش رایکردووە بۆ دەرەوە، بەڵام لە دووریی 100 مەتر لە دەرەوەی هەیکەلەکە بلۆکیان بە سەریدا کێشاوە و کوشتوویانە، چونکە لە دووری هەیکەلەکە تاوەکو شوێنی کوشتنەکە خوێن رژابوو".

هەر بەپێی قسەکانی ئەو بەرپرسەی نەهێشتنی تاوان، پاشماوەی فیشەکیش لە نێو هەیکەلەکەدا دۆزراوەتەوە "بەڵام رەنگە بۆ ترساندنی منداڵەکە تەقاندبێتیان نەک کوشتنی".





**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

## هەشت ساڵە لە ترسدا دەژین

"کێشەم لەگەڵ مێردەکەم ئەوەیە کە درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵەوە و هیچ حیسابم بۆ ناکات. بەردەوام پێمدەڵێت دەرگا کراوەیە و دەتوانی بڕۆیت". لە پشت کێشەی ئەو ژنەوە چیرۆکێک هەیە، ئەویش سەرهەڵگرتنی ژن و پیاوێکە کە هەردووکیان هاوژینیان هەیە.

ژنەکە کە سکاڵای لەسەر بێ باکیی مێردەکەی هەیە، گێڕایەوە کە پێشتر شوویەکی دیکەی کردووە، هیچ کێشەی لەگەڵ مێردەکەی نەبوو، بەڵام دڵی بۆ پیاوێکی خێزاندار چووە، کاتێک مێردەکەی بەمە دەزانێت، وەکو ناموسپەرستان بەرنابێتە گیانی و نایکوژێ، بەڵکو دەستی دەگرێت و دەیباتەوە ماڵی باوکی.

ژنەکە ئەمە بە دەرفەت دەزانێت بۆ ئەوەی شوو بەم پیاوە بکات کە خۆشیدەوێت، بەڵام کەسوکارەکەی رازی نابن، بۆیە ژنەکە لەگەڵ پیاوە خێزاندارەکە سەری خۆیان هەڵدەگرن. هەوێی ئەم ژنە بە خۆی و سێ منداڵەکەیەوە دەچنە ماڵی خەزووری، ئەم ژن و پیاوەش ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵە لە شارێک دەژین. ژنەکە دەڵێت ماڵی باوکی و مێردەکەی سوڵحیان نەکردووە، ئەوانیش لە ژیانێکی کولەمەرگیدا دەژین و بەردەوام دەستیان لەسەر دڵیانە کە نەکا لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بدۆزرێنەوە و بکوژرێن، تەنانەت ناوی راستەقینەی خۆیان لەلای دراوسێکانیان ئاشکرا نەکردووە.

زێدەباری ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە، ژنەکە بەدەست مێردەکەیەوە زۆر گرفتارە و دەڵێت هاوژینەکەم شەوانە بەسەرخۆشی دەگەڕێتەوە، ناوێرم هیچی پێ بڵێم، هەر قسەیەک بکەم یەکسەر دەڵێت ئەگەر بەم ژیانە رازی نیت، فەرموو دەرگا کراوەیە. بەڵام ئەو ژنە تازە بێ چارە بووە و ناتوانێت بگەڕێتەوە لای کەسوکارەکەی و دەترسێت بیکوژن.

کاتێک بانگی مێردی ژنەکە کرا، ئەویش دەستی بە دەردەدڵی خۆی کرد و گوتی کارێکی هەڵەی کردووە کە ئەو ژنەی هەڵگرتووە، گلەییشی لە ژنە نوێیەکەی هەبوو دەیگوت هەشت ساڵە کەسوکاری و ژنە دێرینەکەی و منداڵەکانی نەبینیوە، ژنە نوێیەکەی ناهێڵێت سەردانیان بکات. لەو کاتەدا ژنەکە دەستی بەگریان کرد و گوتی من ناهێڵم یان ماڵی باوکت؟ پێتدەڵێن واز لەو ژنە بەدڕەوشتە بهێنە ئەوجا سەردانمان بکە.

پیاوەکە بێدەنگ بوو، دواتر ئیعترافی کرد کە کاتێک ئەو ژنەی هەڵگرتووە کەسوکارەکەی حاشایان لێکردووە، بەڵام دواتر باوکی داوای لێکردووە بگەڕێتەوە لایان بەو مەرجەی هەردوو ژنەکە بەخێو بکات. لە کۆتاییدا پیاوەکە بەڵێنی دا شەوان زوو بگەڕێتەوە ماڵەوە و ئاگاداری ژن و منداڵەکانی بێت، هەروەها ژنەکەش لاریی نەبوو ئەگەر ژنەکەی دیکەی رازی بێت، مێردەکەی سەردانیان بکات.

بۆ ژنەکە روونکرایەوە کە رێگری لە سەردانی کەسوکار جۆرێکە لە توندوتیژی. وەک لە مادده 2ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە برگەی 5دا هاتووە "بڕینی پەیوەندی خزمایەتی و کەسوکار، هەر کەس ئەنجامی بدات بە توندوتیژی ئەژمار دەکرێ". سزاکەشی بەپێی مادە 7ی هەمان یاسا بریتییە لە "زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ لەگەڵ غەرامەکردن لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە".

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# گەنجێک لەلایەن پوورزایەکی خۆیەوە دەکوژرێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

شێرکۆ بۆ چارەسەری کێشەی نێوان خۆی و پوورزاکەی رۆیشت، بەڵام پوورزاکەی بە پێنج فیشەک وەڵامی دایەوە و کوشتی. دواتریش کەسوکارەکەی، پوورزاکەیان رادەستی پۆلیس کرد، ئەویش لەلای پۆلیس دانی بەوەدانا کە شێرکۆی کوشتووە.

شێرکۆ جەلال گەنجێکی کاسبکاری تەمەن 26 ساڵ بوو، دانیشتووی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی بوو، شەوی 2015/7/23 لەلایەن (ر) کە پوورزایەتی، پەیوەندی پێوە کراوە بۆ ئەوەی یەکدی ببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک کە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام دواتر لە کاژێر یەکی شەوی 7/24 لە نزیک شاری گۆیژە لەلایەن پوورزاکەیەوە دەدرێتە بەر گوللە و دەکوژرێ.

ئەو رووداوە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی کەسوکاری شێرکۆ، چونکە نەیانزانیوە و پێیان سەیرە کە شێرکۆ کێشەی لەگەڵ پوورزاکەیدا هەبووە و لەو باوەڕەشدا نەبوون، پوورزاکەی دەستی بچێتە خوێنی شێرکۆ.

ئاسۆ جەلال برای شێرکۆ، کاژێر چواری بەرەبەیان لەلایەن ناسیاوێکیانەوە لە رووداوەکە ئاگادارکراوەتەوە و دەڵێت "پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان وەرە بۆ نەخۆشخانە شێرکۆ شەڕی کردووە و دوو چەقۆیان لێداوە، بەڵام کاتێک چوومە نەخۆشخانە تەرمی شێرکۆم بینی".

(ر) جگە لەوەی پوورزای شێرکۆیە، ئاوەڵزاوای ئاسۆشە. بە گوتەی ئاسۆ، ئەوەندەی ئاگادار بن برا و پوورزاکەیان نەک هەر کێشەیان نەبووە، بەڵکو پەیوەندییان زۆر باش بووە.

ئاسۆ گوتی "سێیەمین رۆژی جەژنی رەمەزان ئۆتۆمبێلی (ر) تێکچووبوو، شێرکۆ ئۆتۆمبێلی خۆی پێدا. ئەوان پەیوەندیان زۆرباش و ئاسایی بوو".

بەپێی قسەکانی ئاسۆ، شەوی 2015/7/23 شێرکۆ پەیوەندی بە پوورزایەکی دیکەیانەوە کردووە کە دەیەوێ لەگەڵ (ر) یەکدی ببینن و گوتی "ئەو پوورزایەشمان ئەو رۆژە لە ئێران گەڕابووەوە و چەند جارێکیش بە شێرکۆی گوتووە زۆر ماندووم و با ئەو ئیشەت بخەینە بەیانی، بەڵام بە قسەی نەکردووە و دواجار لەگەڵ خۆی بردوویەتی".

هەر بەپێی قسەکانی ئاسۆ، کاتێک شێرکۆ و ئەو پوورزایەی گەیشتوونەتە نزیک شاری گۆیژە لەسەر شەقامی شەست مەتری، (ر) بە ئۆتومبێلەکەیەوە چاوەڕێی کردوون "لەو کاتەدا (ر) تابلۆی ئۆتومبێلەکەی نوشتاندووەتەوە بۆ ئەوەی دەرنەکەوێ، شێرکۆ پێیگوتووە بۆچی ئەو تابلۆیەت وا لێکردووە؟ ئەویش حاشای لێکردووە، پاشان (ر) شێرکۆی کەمێک دوورخستووەتەوە. پاش نزیکەی دەقیقەیەک پوورزاکەی گوێی لە دەنگی تەقە بووە و دەستبەجێ شوێنەکەی جێهێشتووە".

هەر بەپێی قسەکانی ئاسۆ، (ر) یەکەمینجار فیشەکێکی بە قاچی شێرکۆوە ناوە و دواتریش فیشەکی دیکەی پێوە ناوە. پاش رووداوەکەش کەسوکاری (ر) کوڕەکەیان رادەستی پۆلیس کرد.

(ر) دوای دەستگیرکردنی دانی بەوەدا نا کە شێرکۆی کوشتووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، لە شوێنی رووداوەکە حەوت فیشەک تەقێندراوە کە پێنجیان بەر کوژراوەکە کەوتوون و بکوژەکە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا گوتی "کێشەمان هەبووە و دواتر عەسەبی بووم و تەقەم لێکرد و کوشتم".

بکوژ و کوژراو پوورزای یەکدی و دایکیان خوشکی یەکدین، بۆیە ماڵی باوکی بکوژەکەش بەشداری پرسەی شێرکۆیان کرد. ئاسۆ گوتی "ماڵی باوکی (ر) هیچ تاوانێکیان نییە و بەشداری پرسەکەشیان کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا دایکم نەیزانیوە شێرکۆ لەلایەن خوشکەزاکەیەوە کوژراوە".

هەر بە گوتەی ئاسۆ، شەوی رووداوەکە (ر)ی پوورزایان هەر بە کوشتنی شێرکۆوە نەوەستاوە، بەڵکو بەشێوەی زارەکی هاوژینەکەی خۆیشی تەڵاقداوە "تەنانەت ئێوارەی پێش رووداوەکە، شێرکۆ پیتزای بۆ ماڵی (ر) بردووە و لە ماڵی خۆیان داوەتی کردوون".

عەبدوڵڵا سەلام، هاوڕێی شێرکۆ و (ر)یە، ئەو بەیانییەی هەواڵی کوژرانی شێرکۆیان پێگەیاندووە بڕوای نەکردووە، چونکە لە نزیکەوە هەردووکیانی ناسیوە و زانیویەتی پەیوەندی هاوڕێیەتی ئەو دوو پوورزایە زۆر بەتین بووە.

عەبدوڵڵا گوتی "ئێستاش باوەڕ بەو رووداوە ناکەم، چونکە بەهیچ شێوەیەک هەستم نەکردووە شێرکۆ و (ر) کێشە لە نێوانیاندا هەبێت، زۆرجار هەرسێکمان پێکەوە دەڕۆیشتین بۆ گەڕان و نانخواردن، هەمیشە شێرکۆ و (ر)یش پێکەوە دەهاتن بۆ لام".



# فەیسبووک دوو نابیستی کوردستان و هۆڵەندای بەیەک گەیاند

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەردەڵان بەهۆی تەنیا وێنەیەکەوە و لەڕێگەی ڤایبەر و فەیسبووکەوە توانی هاوژینەکەی خۆی دەستنیشان بکات و پێکەوە لە دەرەوەی وڵات دەست بە ژیانێکی نوێ بکەن.

ڕاژان ئیسماعیل و ئەردەڵان عەزیز تەمەنیان 22 ساڵە و نابیستن، ڕاژان دانیشتووی هەرێمی کوردستانە و ئەردەڵانیش لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەی لە هۆڵەندا نیشتەجێیە. وەکو دوو گەنجی نابیست، لە مانگی دوانزەی ساڵی ڕابردووەوە لە ڕێی فەیسبووک پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوانیاندا دامەزرا، دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو مانگیش بەسەر ئەو پەیوەندییە، بەیەک گەیشتن و هەفتەی ڕابردووش لە هۆڵێکی بەناوبانگی شاری سلێمانی ئاهەنگی بەیەکگەیشتنیان ساز کرد.

## وێنەیەک بە یەکی گەیاندن

ڕزگار ئیسماعیل کە باوکی ڕاژانە، دەڵێت لە مانگی دوانزەی ساڵی ڕابردوو وێنەیەکی کچەکەی لەڕێگەی ڤایبەرەوە بۆ خاڵی ناردووە کە لە دەرەوەی وڵات دەژی، ئەردەڵانیش وێنەکەی بینیوە و پێیگوتووە: ئەو کچە شووی کردووە؟ خاڵیشی گوتوویەتی: نەخێر، ئیدی هەر لەوێدا خوازبێنی کردووە و خاڵیشی پەیوەندی بە خێزانەکەی ڕاژانەوە کردووە.

ناوبراو گوتی "کاتێک خاڵی ڕاژان ئاگاداری کردینەوە، ئێمە بەلامانەوە ئاسایی بوو، دواتر لەڕێگەی ڤایبەر و فەیسبووکەوە بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ پەیوەندییان دروستکرد و ڕاژان گوتی کوڕەکەم بە دڵە و منیش قبووڵم کرد".

ئەردەڵان لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا لەگەڵ خێزنەکەی گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان بۆ خوازبێنی ڕاژان. هەفتەی ڕابردوو ئاهەنگی هاوژینییان ساز کرد و ڕۆژی 2015/7/28 ئەردەڵان دەستی بووکێی گرت و بردی بۆ هۆڵەندا.

ڕاژان لە قوتابخانەی هیوا لە سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە و پاشان لە ئارایشتگا کاری کردووە، بەڵام ئەردەڵان لە دەرەوەی وڵات فۆتۆگرافی خوێندووە و هەر لەوێش بەهۆی سەماعەوە چارەسەری بۆ نابیستییەکەی کردووە، هەر کاتێک ئەو سەماعەیە لاببات هیچ نابیستێ، بەڵام باوکی ڕاژان گوتی "بەداخەوە لێرە هیچ چارەسەرێک بۆ کچەکەم نەکرا".

ئەوان چەند کاژێرێکی کەم بەرلەوەی سەفەر بکەن، هەر بە زمانی ئاماژە قسەیان بۆ (ڕووداو) کرد و زۆر خۆشحاڵ بوون بە ژیانە نوێیەکەیان.

ڕاژان کە بە ئاماژە قسەی دەکرد، گوتی "دوای ناسینی هاوژینەکەم لەڕێگەی ڤایبەر و فەیسبووکەوە، بە مێشک و ئەقڵ هەڵمسەنگاند و ئێستاش بە قەدەر دڵم خۆشمدەوێ". گوتیشی "بە ئەردەڵانم گوت وەرەوە با یەکدی بینین، ئەویش قبووڵی کرد، پاشان گوتی ئاهەنگت بۆ دەکەم و منیش قبووڵم کرد".

خێزانی ئەردەڵان خاوەنی حەوت منداڵن و پێنجیان وەک ئەو کوڕەیان هەر لە زگماکییەوە نابیستن، بەهۆی شووکردن و ژنهێنانیشەوە چوار ئەندامی دیکەی نابیستیان بۆ زیاد بووە.


ئەردەڵان لە ڕاژان زیاتر دڵخۆش بوو بە ژیانە نوێیەکەیان و گوتی "هەتا مردن پێکەوە دەبین". هەرچەندە ئەو گەنجە نزیکەی 20 ساڵە لە هۆڵەندا دەژی، بەڵام دواجار کچێکی لە هەرێمی کوردستان هەڵبژارد، لەو ڕووەشەوە گوتی "کچان لە دەرەوەی وڵات سەربەستییەکی زیاتریان هەیە، بۆیە پێم باش بوو ڕاژان هەڵبژێرم".

هەر بەهۆی کێشەی نابیستییەوە، هەندێک لەوانەی لێی هاتوونەتە پێش پەشیمان بوونەتەوە. باوکی ڕاژان گوتی "هەندێجار ئەو کەسانەی دەیانویست هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەن بەهۆی ئەوەی نابیست بوو پەشیمان دەبوونەوە، بەڵام وەکو خۆم پێم خۆش بوو شوو بە نابیستێک بکات".

تەمەنی هاوژینیی ئەو دوو نابیستە تەنیا هەفتەیەکە، بەڵام عەزیز مەمەند باوکی ئەردەڵان زۆر دڵنیاییە لە سەرکەوتنی ژیانی خێزانییان و دەڵێ "کارێکی زۆر باشیان کرد و دڵنیاشم 100% لە یەکدی تێدەگەن و سەرکەوتوو دەبن".

ئەگەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەکو فەیسبووک سەرئێشەی بۆ زۆر خێزان دروستکردبێت و چەندین ژن و پیاوی بردبێتە بەردەم دادگا، بەڵام بەخێر بۆ ئەو دوو نابیستە شکاوەتەوە. باوکی ڕاژان دەڵێت "ئەگەر مرۆڤ بزانێت بە باشی فەیسبووک و ڤایبەر بەکاربێنێ، ئەم لایەنە باشانەشی هەیە".

باوکی ڕاژان یەکێک لە هونەرمەندە میللییەکانی شاری سلێمانی بە پێچەوانەی ئەو نەریتەی کە لە هەرێمی کوردستان باوە و باوکان ناڕۆنە ئاهەنگی کچەکانیانەوە، ئەو بەڵێنی دابوو هەر کاتێک کچەکەی شوو بکات، لە ئاهەنگەکەیدا گۆرانی بڵێت و گوتی "بەڵێنەکەی خۆمم جێبەجێکرد و بە میوانداری چەند هونەرمەندێکی دیکەی میللی لە ئاهەنگەکەدا گۆرانیمان گوت".



# پیاوێک لە نێو کێڵگەکەیدا دەکوژرێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ناحیەی خدران**

نەوزاد بە مەبەستی ئاوداشتن دەچێتە نێو زەوییە کشتوکاڵییەکەی، لەکاتێکدا سەرقاڵی ئاودان بوو، لەلایەن کەسێکەوە تەقەی لێکرا و کوژرا.

ئەم ڕووداوە شەوی 2015/7/29 لە ناحیەی خدرانی سەر بە قەزای دووکان ڕوویدا و تێیدا جووتیارێکی تەمەن 49 ساڵ بەناوی نەوزاد عەلی ڕەسوڵ کە لە هەمانکاتدا پێشمەرگە بوو، کوژرا. بەڵام تاوەکو ئێستا کەس لەسەر ئەم تاوانە دەستگیرنەکراوە.

فەرهاد کە برای نەوزادە بە (ڕووداو)ی گوت، بەهۆی ئەوەی براکەی باری ئابووریی زۆر باش نەبووە، بڕێک سەوزەی چاندبوو، کاتێک لە دەوامی پێشمەرگایەتی دەگەڕایەوە، سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی دەبوو.

بەهۆی بەرزیی پلەکانی گەرماوە، جووتیارانی ئەم ناوچەیە لە شەواندا کێڵگەکانیان ئاو دەدەن، نەوزادیش ئەو شەوە چووە کێڵگەکەی ئاو بدات، بۆ بەیانی کە کەسوکارەکەی خەبەریان بووەتەوە، دەبینن نەوزاد نەگەڕاوەتەوە، ئەوانیش بەلایانەوە ئاسایی بووە و وایانزانیوە هێشتا لە ئاودانی کێڵگەکەی نەبووەتەوە، بۆیە تاوەکو لای نیوەڕۆ هیچ سۆراخێکی ناکەن، نیوەڕۆ کاتێک بەدوایدا دەچن، دەبینن تەرمی نەوزاد لە نێو کێڵگەکەی کەوتووە و شوێنەواری سێ فیشەک بە جەستەیەوە دیارە.

فەرهاد گوتی "بەهۆی ئەوەی کێڵگەی براکەم لە ئاوایی دوورە، کەس گوێی لە دەنگی تەقە نەبووە، هەر بۆیەش درەنگ بە ڕووداوەکەمان زانی".

نەوزاد خاوەنی حەوت برایە و خۆشی ژنی هێناوە و چوار منداڵی هەیە.

بکوژی نەوزاد جارێ دیار نییە. فەرهاد دەڵێت گومانیان لە کەسێکی دیاریکراو نییە تاوەکو سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن، چونکە وەک خۆی دەڵێت، نەوزاد و خێزانەکەی کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووە، هەر بۆیەش نازانن لەلایەن کێ و لەسەر چی کوژراوە. فەرهاد گومان دەکات براکەی لەلایەن زیاتر لە کەسێکەوە کوژرابێ و گوتی "براکەم تیرۆر کراوە".

ڕێبوار قادر، بەڕێوەبەری بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت "کاژێر یەکی دوانیوەڕۆی 2015/7/29 تەرمی پیاوێکی تەمەن 49 ساڵ لەلایەن کەسوکارەکەیەوە هێنرا بۆ بەشەکەمان، دوای پشکنینی سەرەتایی دەرکەوت بە سێ فیشەک کوژراوە و فیشەکەکانیش بەر سەر و سینگی کەوتبوون، دواتر تەرمەکەمان بەڕێکرد بۆ پەیمانگای دادپزیشکی سلێمانی".

بە گوێرەی پشکنینی دادپزیشکی، پێدەچێت نەوزاد بە ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی بۆ نێو کێڵگەکەی کوژرابێ. ڕێبوار گوتی "تەرمەکە بۆنی کردبوو کە گەیەنرایە لای ئێمە، پێدەچوو زیاتر لە 10 کاژێر بێ کوژرابێ".

پۆلیسی ناوچەکە دەڵێت ئەمساڵ ئەمە یەکەم تاوانی کوشتنە لە سنووری ناحیەکەیان تۆمار دەکرێ. پۆلیس هەروەها دەڵێت سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ دەستکەوتنی سەرەداوێک بۆ دۆزینەوەی بکوژی نەوزاد.

نەقیب خەسرۆ محەممەد عەبدوڵڵا، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی ناحیەی خدران بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی ڕووداوەکە بە پۆلیس، دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد و چووینە شوێنی ڕووداوەکە و هێڵکاریمان بۆ کرد. لە شوێنی تاوانەکە چەکێکی جۆری ئارپیکەیمان دۆزییەوە کە تاوانەکەی پێکرابوو و لە تەنیشت تەرمەکە فڕێدرابوو".

هەرچەندە کەسوکاری نەوزاد لەلای پۆلیس سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بەڵام نەقیب خەسرۆ دەڵێت "ئێمە لێکۆڵینەوەی خۆمان دەکەین بۆ دۆزینەوەی تاوانبار. هۆکاری ڕووداوەکە دیار نییە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئەو کەسە بە ئەنقەست کوژراوە".

**شاهۆ گۆران**

# ڕێخۆشکەرانی تاوان..

ڕۆژنامە و سایتی ڕووداو لەم دواییانەدا بابەتێکی بڵاوکردەوە لە نووسینی (یودیت نیورینگ) لە ژێر ناوونیشانی (موجاهیدینی خەلق بە دوای دۆستی تازەدا دەگەڕێت). وەک نووسەرێکی کورد بە پێویستم زانی ئەم بابەتەی لەسەر بنووسم و هیوادارم ڕووداو بڵاوی بکاتەوە تا خوێنەری کورد لە شتەکە ئاگادار بێت..

یودیت نیورینگ ئەو ئافرەتە بیانییە کە پێشتر دوو کتێبی نوسیوە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی حکومەتی ئێران و ناسراوە بە دۆستی وەزارەتی ئیتلاعات و دژایەتیکردنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە نووسیندا تەواو ڕێکە لەگەڵ نووسینەکانی وەزارەتی ناوبراو.

نووسینەکەی ئەمدواییەی یودیت نیورینگ لە ڕووداو هەروەک نووسینەکانی ڕابردووی لێوانلێوە لە چەواشەکاری و زانیاریی ئێکسپایەر و هەڵە و لەوەوە دەست پێدەکات کە (بڕیارە ئەندامەکانی ڕێکخراوی موجاهیدین بەرەو بنکەیەکی نوێ لە ئاڵبانیا بگوازرێنەوە) لە کاتێکدا هەموو لایەک ئاگادارن ساڵی ڕابردوو بەشێکی چەند سەد کەسی لە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق لە عێراقەوە گوازرانەوە بۆ ئەو وڵاتە و هەر ئەوکات میدیاکانی جیهان هەواڵ و بابەتیان لەسەر بڵاوکردەوە.

ئینجا یودیت نیورینگ لە هاوسۆزییەکی قێزەوناندا بۆ ڕژێمی ئێران، هۆکاری حزوری بە ئاشکرای موجاهیدین لە عێراقی بە «شەڕی دژی ئێران» داناوە و ئینجا ئاماژەی داوە بە ڕووداوەکانی ساڵی 1991 و نووسیویەتی «موجاهیدینی خەلق هاوکاریی ڕژێمی سەدامی کرد لە دژی کورد کە دەستیان بە ڕاپەڕین کردبوو لە ناوچەکانی خۆیان».

بە لای هەمووان و لایەنانی بێلایەنیشەوە ڕوونە کە موجاهیدین هێزێکی بەرهەڵستکاری سەربەخۆی ئێرانیە و خەبات و چالاکیەکانیان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت و هەروەها هاتنیان بۆ عێراق لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان بووە لە دەست حکومەتی ویلایەتی فەقیهی دەسەڵاتدار و هاتن و مانەوە و چالاکیەکانیشیان بە ئاشکرا بووە و سەربەخۆیی خۆشیان پاراستووە تا بە ئەمڕۆ، سەرباری زۆرێک گوشار و پڕوپاگەندای ئەم و ئەو بۆ لە ناوبردن و خۆبەدەستەوەدانی.

پرۆفایل و چالاکی و هەڵوێست و درووشم و سیاسەت و ستراتیژیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق هەر هەموویان یەک شت بەرجەستە دەکەن ئەویش ئەوەیە کە (حکومەتی ئێران) بە دوژمن دەزانن و ئەوەش بە لایانەوە هێڵی هەرە سوورە و کاڵ کردن و سازش هەڵناگرێت. هەر ڕووداو و کێشەیەکی تریشیان هاتبێتە بەر لەو ڕێڕەو و ئاقارە دووری نەخستوونەتەوە و ڕووداوەکانی دوای 2003 لە عێراق و ناوچەکە تا بە ئەمڕۆ بەڵگەکانی ئەو ڕاستییەن. ئەوەش وایکردووە کە ئایەتوڵڵا خومەینی و پاشماوەکانی، بە درێژایی دەسەڵاتی 37 ساڵەی خۆیان، بەردەوام ئەو ڕێکخراوە بە مەترسی سەرەکی بزانن بۆ سەر حکومەتەکەیان. هاوکات هەر ئەوەش ڕەمزی مانەوەی ئەو ڕێکخراوە و سەرکەوتنەکانی بووە لە گۆڕەپانی ململانەکاندا بە ئێستاشەوە.

جا با یودیت نیورینگ و خەڵکانی هاوشێوەی بەردەوام بن لە کاوێژکردنی وتەکانی وەزارەتی ئیتلاعات کە گوایا موجاهیدین دژ بە (ئێران) و دژ بە (کورد) و دژ بە (شیعە) شەڕیان کردووە. بێگومان بە بێژنگ بەر بە خۆر ناگیرێت. من لەساڵانی ڕابردوو کتێبێکم نووسیوە و ئێستاش لە بازاری کتێب لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەست دەکەوێت بە ناوونیشانی (تێپەڕین بە ناو ئاگردا) و زۆر بە وردی و بەڵگەدار دعایای وەزارەتی ناوبراو و ناحەزانی ئەو ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەی ئێرانم تێدا باس کردووە و هیوادارم ئەوانەی ئاگاداری ڕاستییەکانی ڕووداوەکانی 91 نین بتوانن سەیری کتێبەکەم بکەن. هیوادارم بەسوود بێت بۆ هەموو لایەک.

یودیت نیورینگ لە بەشێکی تری بابەتەکەیدا هەوڵی ئەوەی داوە موجاهیدین و دانیشتووانی ئەشرەف ببەستێتەوە بە (ئەلقاعیدە) و نووسیویەتی: (دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی 2003، موجاهیدینی خەلق چەککران و سەدان ئەندامی ئەو ڕێکخراوە هەڵهاتن. ئەوانەشی کە هەڵنەهاتن لە کامپی ئەشرەفدا مانەوە و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ هۆزە عەرەبە سوننەکانی پارێزگای دیالە دروست کرد. هەندێک لەو هۆزانە هاوکاری ئەلقاعیدەیان دەکرد و دژی ئەمریکا و حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراق بوو).

کێ لەو وتەیەی نیورینگ ناگات کە ڕیزکردنی ناوی (موجاهیدین) و (هۆزە عەرەبە سوننەکان) و (ئەلقاعیدە) و (ئەمریکا) و (حکومەتی زۆرینەی شیعە) بەو شێوەیە، گوزارشت لە ئەدەبیات و پروپاگەندای «وەزارەتی ئیتلاعات»ی ئێرانی ناکات تا لە زمان کەسێکی بیانییەوە ڕێگا خۆش بکات بۆ کوشتارێکی تری دانیشتووانی ئەشرەف کە ئێستا لە کامپی لیبرتی ئابلۆقە دراون و هەروەها ژینوسایدکردنی سوننەی عێراق کە ماوەی دوو ساڵە میلیشیای شیعەی سەر بە ئێران لە عێراق، لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەستی پێکردووە.

یودیت نیورینگ بۆچی هیچ باس لەو هەموو


17
عێراق و جیهان
ڕووداو
موجاهیدینی خەلق بەدوای دۆستی تازەدا دەگەڕێت

تاوانە ناکات کە دەرهەق بە دانیشتووانی ئەشرەف کراوە، یاخود باس لە دەستتێوەردانی حکومەتی ئێران لە کاروباری عێراق و هەرێمی کوردستان و تاوانی ئەو میلیشیایانە دەرهەق بە سوننەی عێراق ناکات؟ بۆ هیچ باس لە هەڵبژاردنەکانی عێراق ناکات کە هەموو لایەک بە باشی لێی ئاگادارن کە چۆناوچۆن بە دەنگی ساختە و پاڵپشتیکردنی حکومەتی ئێران، دەست و پێوەندەکانی حکومەتی ئێران خۆیان بەسەر عێراقدا سەپاند!

یودیت نیورینگ چەواشەکارانە باس لە (چەند ڕووداوێک لە نێوان موجاهیدینی خەلق و سوپای عێراق) و (گواستنەوەی 1000 ئەندامی ڕێکخراوەکە لە کامپی ئەشرەفەوە بۆ کامپی لیبرتی) دەکات! بەڵام خۆی لەو ڕاستیە نادات کە دانیشتووانی ئەشرەف خەڵکانێکی پەنابەر و بێ دیفاع و ئابڵۆقەدراون و ئەوە حکومەتی عێراقی (نوری مالیکی) بوو کە بە پاڵپشتی حکومەتی ئێران زۆر جار هێرشی سەربازی و ناسەربازی و دەروونی کردۆتە سەر ئەو خەڵکە بێ دیفاعە، ئەوەش لە کاتێکدا میدیا نەما لە جیهاندا ئەو ڕاستییە نەزانێت و باسی نەکات و حکومەتی ئێران شەرمەزار نەکات!

یودیت نیورینگ باس لەوە ناکات کە هێزەکانی حکومەتی عێراق بە ڕۆژی ڕووناک هێرشیان کردە سەر کامپی ئەشڕەف لە یەکەم ڕۆژی ئەیلوولی 2013 و دانیشتووانی ئەشرەفیان قەتڵوعام کرد! ئەرێ بۆ باسی ئەو ڕاستییانە ناکات؟! .. چون باسکردنیان هێڵی سوورە و (بقە)یە!

هەڵیت و پەڵیتی یودیت نیورینگ لە نووسینەکەیدا بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە کە ئیتلاعاتی ئێران ناوبراوی داوەتە پێش خۆی تا لە زمان کەسێکی بیانییەوە مەبەستەکانی بپێکێت و جارێکی تر ڕێگا خۆش بکات بۆ کوشتارێکی تری نەیارانی لە عێراق.

نووسەر لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا، باس لە (ڕێکخراوی ئینتەرلینگ) و کەسێک بە ناوی (مەسعود خودابەندە) دەکات کە ناسراون بە بووکەشووشەی ئیتلاعاتی ئێران و ئینجا بە لێدانی ڕەهەندێک بەرەو ئاڵبانیا و ڕەهەندێک بەرەو یەمەن دەڵێت (موجاهیدینی خەلق لە ئەلبانیا بنکەیەک بۆ خۆیان دروست بکەن و لە دەرەوەی یاسا دەبن.. ئەلبانیا وڵاتێکی موسڵمانە بەڵام ناوبانگی لە بوونی گەندەڵی و مافیادا هەیە.. موجاهیدینی خەلق پەلی کێشاوە و ئامادەیە لەگەڵ هەر ڕێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستیدا کار بکات) و (موجاهیدینی خەلق تەنانەت بە سعودیەیان ڕاگەیاندووە کە ئامادەن شەڕی شیعەکانی یەمەن بکەن).

بەمجۆرە ویستوویەتی گەوجانە موجاهیدینی خەلق (دژ بە شیعە) و بەغدا و ئێرانیش بە (پشتگیری شیعە) و (دژ بە داعش) نیشان بدات و بەمجۆرە موجاهیدین وەک یاریزانێکی شەڕی تایفی بخاتە بەر دیدی خوێنەر.

ناوبراو موجاهیدینی خەلق لە زمانی ئەو بووکە شووشەیەی ئیتلاعاتی ئێران بە خوێنەر دەناسێنێت کە تا ئێستا بە سەدان و هەزاران بەڵگە لەسەر تاوان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و حکومەتی نوری مالیکی و .. بڵاوکراوەتەوە. لە کاتێکدا موجاهیدینی خەلق ڕێکخراوێکی دیاری گۆڕەپانی ئێرانن و لە ئاستی جیهانیدا ناسراون و خاوەنی مێژوو و سەرکردە و پێکهاتە و ئاپۆرەی لایەنگری خۆیەتی.

دوایین بەشی وتارەکەی یودیت نیورینگ زیاتر لە بەشەکانی تری سەیرو سەمەرەیە. سەیر بکەن نووسیویەتی: «هەندێ خێزانی ئێرانی خۆپێشاندانیان کرد لەدژی ئەوەی گوایە سەرکردایەتی موجاهیدین کوڕەکانی زەوت کردوون و بەنیازە بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان بیانبەن بۆ ئەلبانیا».

ئەوانەی نووسەر وەک خێزان و کەسوکاری دانیشتووانی کامپی لیبرتی ناویان دەهێنێت ئەو کەسانەن کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە ئێرانەوە ناردوونی بۆ گوشارهێنان بۆ سەر دانیشتووانی لیبرتی و ڕێگەخۆشکردن بۆ کوشتارێکی تری موجاهیدین هەروەک چۆن لە کامپی ئەشڕەف ئەم سیناریۆیە پیادە کرا و بە هاریکاریی حکومەتی عێراق، 320 بڵندگۆ بۆ کەسانە دانرا و بۆ ماوەی دوو ساڵ، هەڕەشەیان لە دانیشتووانی ئەشڕەف دەکرد و چەند جارێک دانیشتووان کوشتار کران. دوا وتە..

حیسابی یودیت نیورینگ و کەسانی هاو پیشەی ڕوونە و دیارە. بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە پێویستە میدیای کوردی بە تایبەت لەم بارودۆخە هەستیارەی ئێستای عێراقدا زۆر بە ورياييەوە کار بکات بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی بریقەدار و شێوازی جیاجیادا ئەمجۆرە کەسانە دزە نەکەنە ناو میدیاکان بە مەبەستی پێشخستنی سیاسەتی کوشتار و پاکتاوکردنی نەیارانی حکومەتی ئێران. یودیت نیورینگی هولەندی وەک نموونە.

ناوبراو هۆڵەندییە و چەند ساڵە لە هەرێمی کوردستانە و زۆر جار سەردانی ئێرانی کردووە.

بێگومان ئەوانەی بە نووسین یا هەر شێوەیەکی تر هاوکار و ڕێخۆشکەر بوون بۆ قەتڵوعامکردنی پەنابەرانی ئێرانی لە عێراق تاوانەکانیان لە یاد ناکرێت

دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی مردنی مەلا عومەر

# تاڵیبان لەسەر لێواری پارچە پارچە بوونە

**رووداو- ئاژانسەکان**

دواجار هەواڵەکە پشتڕاست کرایەوە، مەلا عومەر، ئەمیرە یەک چاوەکەی بزووتنەوەی تاڵیبان مردووە. سەبارەت بە کاتی مردنەکەی هەواڵی جۆراوجۆر بڵاوبووەوە، هەندێک سەرچاوە لەوانەش دەزگای هەواڵگریی ئەفغانستان ئاماژە بەوە دەکەن مەلا عومەر دوو ساڵ لەمەوبەر لە نەخۆشخانەیەکی کەراچی گیانی سپاردووە، بەڵام هەواڵی مردنەکەی ئەو هەموو ماوەیە شاردراوەتەوە.

ڕۆژنامەی واشنتن پۆست لە ڕاپۆرتێکدا رایدەگەیەنێت کە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە راستی و دروستیی ئەم هەواڵە. لە کاتێکدا دەنگۆی ئەوە هەیە بەرپرسانی حکومەت و ئاسایشی پاکستان ئاگاداری مانەوەی مەلا عومەر لە نەخۆشخانەکەی کەراچی بوونە.

بەڵگەیەکی دیکە کە دەیسەلمێنێ مردنی مەلا عومەر زۆر پێش ڕاگەیاندنەکەی بووە، کۆمەڵێک نامەی نێوان دوو فەرماندەی تاڵیبانە. لەم نامانەدا پەنجەی تۆمەت بۆ لای مەلا ئەختەر محەممەد مەنسوور، جێگرەوەی مەلا عومەر درێژ دەکرێت. نامەکان لە نێوان مەلا مەنسوور دادوڵڵا و مەلا عەبدولقەیوم زاکیردا ئاڵوگۆڕ کراون.

لە یەکێک لە نامەکاندا کە لەلایەن مەلا عەبدولقەیومەوە نووسراوە، هاتووە "من دڵنیام مەلا ئەختەر دەستی هەیە" لە کوژرانی مەلا عومەردا. نامەکان زیاتر لە 9 مانگ لەمەوبەر نووسراون و کۆپیەکەیان دەست ڕۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی کەوتووە. هەر لە نامەکاندا دەکرێت ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی بزووتنەوەی تاڵیبان لە چەند مانگی رابردوودا ببینرێت، لە کاتێکدا هەردوو سەرکردەکەی تاڵیبان مەلا ئەختەر بە "خیانەت و لادان" لە ڕێگەی بزووتنەوەکە لەقەڵەم دەدەن.

هەندێک لە کۆنە بەرپرسانی دەزگای هەواڵگریی پاکستان لەسەر ئەو بڕوایەن، دەکرێت فەرمان و پلانی کوشتنی مەلا عومەر لەلایەن پاکستانەوە دانرابێت، لە کاتێکدا حکومەتی ئەو وڵاتە پێویستی بە کەسێکی نوێ بووە کە دیار بێت و توانا و مەیلی دانوستاندنی لەگەڵ پاکستانییەکان هەبێت.



### تاڵیبان لە لێواری هەڵوەشانەوەدا

هەواڵەکان وای دەردەخەن مەلا ئەختەر بۆ ڕاگرتنی تاڵیبان ئەرکێکی ئاسانی لە پێش نەبێت. ئاژانسی رۆیتەرز رایدەگەیەنێت لەو کۆبوونەوەیەی کە مەلا ئەختەر وەکو ئەمیری نوێی تاڵیبان دیاریکراوە، ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە شوێنی کۆبوونەوەکەیان جێهێشتووە، دوو لەوانیش کوڕ و برای مەلا عومەر بوون.

ئەختەر ماوەی چەندین ساڵە وەکو جێگری مەلا عومەر لەناو تاڵیباندا کاری کردووە، پشتگیرییەکی تەواوی دانوستاندنەکانی نێوان تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانستانی کردووە، بەمدواییەش کۆبوونەوەی نێوان هەردوو شاندی تاڵیبان و ئەفغانستانی بە سەرکەوتن وەسف کردبوو.

بەڵام ئەمیرە نوێیەکەی تاڵیبان لە ناو بزووتنەوەکەدا بێ ڕکابەر نییە، لە لایەکەوە ژمارەیەک لە فەرماندەکانی ئەم بزووتنەوەیە دژی پرۆسەی گفتوگۆن، لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکیان پشتگیری یەعقووبی کوڕی مەلا عومەریان دەکرد بۆ ئەوەی لە جێگەی باوکی ببێت بە ئەمیر.

سێ کەس لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی پێنجشەممە، ئاشکرایان کردووە کە لەگەڵ کوڕ و براکەی مەلا عومەر و دەیان کەسی دیکە لە فەرماندەکانی تاڵیبان شوێنی کۆبوونەوەکەیان جێهێشتووە. یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی تاڵیبان بە ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە "ئەوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی تاڵیبان نەبوو، بەڵکو ئەختەر بە شێوەیەکی سەرەکی ئەندامانی گرووپەکەی خۆی بانگهێشت کردبوو، کاتێک یەعقووب و کەنعان ئەمەیان بینی، ئیدی شوێنی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت."

مەلا محەممەد رەسوڵ و مەلا حەسەن رەحمانی دوو دژبەری سەرەکیی مەلا ئەختەر و لایەنگری ئەمیرایەتی یەعقووبن.

کۆبوونەوەی سەرکردەکانی تاڵیبان لە ناوچەی کوێتا لە ڕۆژئاوای پاکستان بەڕێوەچوو، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە بەرپرسانی تاڵیبان لە ساڵی 2001ەوە تێیدا جێگیرن. دەزگاکانی هەواڵگریی ڕۆژئاوا گومانی ئەوەیان هەیە پاکستان خۆی ڕێگەی بە تاڵیبان داوە ئەم ناوچانە وەکو حەشارگەی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام پاکستانییەکان ئەم تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە.

سەبارەت بە ئاستی دەسەڵاتی مەلا ئەختەر لەناو تاڵیباندا دەنگۆی جیاواز هەیە، هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن زۆربەی گوتەبێژەکان، ماڵپەڕەکان و لێدوانەکان لەلایەن مەلا ئەختەرەوە ئاراستە دەکرێن و سەرکردایەتی گەورەترین کوتلەی ناو تاڵیبان دەکات. بەڵام هەندێک شارەزای بواری هەواڵگری دەڵێن ئەمیرە نوێیەکەی تاڵیبان تەنیا کۆنترۆڵی 40%ی ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیەی لەدەستە.

هەندێک لە سەرچاوەکان لە ناوەوەی بزووتنەوەی تاڵیبان ئاشکرای دەکەن، کێشەی نێوان ئەختەر و دژبەرەکانی کاتێک تەقییەوە کە مەلا ئەختەر یەکلایەنە بڕیاری دا شاندێکی سێ کەسی بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەرپرسانی ئەفغانستان لە پاکستان بنێرێت. ئەمەش لە کاتێکدا پێشتر دەسەڵاتی دانوستاندنەکان بە شاندی دانوستاندنکاری تاڵیبان لە قەتەر درابوو.

ڕەنگە هیچ لایەنێک هێندەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەم دەنگۆیانە دڵخۆش نەبێت، پێشتریش ژمارەیەک لە فەرماندەکانی تاڵیبان ریزەکانی ئەم بزووتنەوەیەیان بەرەو ناو داعش جێهێشتبوو. یەکێک لە رەخنە سەرەکییەکانی کە لە ئەختەر و لایەنگرانی لە ناو تاڵیباندا دەگیرێت، نزیکایەتی ئەوانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پاکستان. پاکستان ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە لێکنزیککردنەوەی دەسەڵاتدارانی ئەفغانستان و سەرکردەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان. بەڵام کەم نین ژمارەی ئەو بەرپرسانەی حکومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تاڵیبان کە پێیانوایە هەوڵەکانی پاکستان بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیەتی لە ناو ئەفغانستاندا.

یەکەم پەیامی دەنگیی مەلا ئەختەر دەکرێت وەکو پشتڕاستکردنەوەیەک بۆ هەموو ئەو دەنگۆیانە بێت کە لە چەند ڕۆژی رابردوودا سەبارەت بە دروستبوونی چەندبەرەکی لەناو ریزەکانی تاڵیباندا بەرگوێ دەکەون.

ئەمیرە 50 ساڵانەکەی تاڵیبان، لەو پەیامە دەنگییەدا داوا لە هەموو ئەندامانی تاڵیبان دەکات یەکێتی بزووتنەوەکە بپارێزن و دەڵێت "ئەگەر ئێمە یەکگرتوویی خۆمان پێشان بدەین، ئەوە دوژمن ناتوانێت شکستمان پێ بهێنێت."

ئەگەرچی لە پەیامەکەیدا ئەو هەواڵانەی بەدرۆ خستەوە کە لەناو تاڵیباندا ناکۆکی و دووبەرەکی هەبێت، بەڵام ئەختەر لە پەیامەکەیدا ئەو راستییەی نەشاردەوە کە هەندێک لە ئەندامانی بزووتنەوەکە دڵگرانن، هەر بۆیەش لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "دەبێ دان بە خۆماندا بگرین و سەردانی ئەو هاوڕێیانەش بکەین کە دڵگرانن، دەبێت قەناعەتیان پێ بهێنین و بیانگەڕێنینەوە."

زۆربەی شارەزایانی بزووتنەوەی تاڵیبان پێیانوایە هاتنە سەر دەسەڵاتی مەلا ئەختەر، ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتی ئەفغانستان و تاڵیبان، بەڵام ئەم ئەجێندایە دەکرێت دابەشبوونی قووڵ لە ناو تاڵیباندا دروست بکات.

# لە یەمەن بۆمبیش نەتکوژێ بێ ئاوی دەتخنکێنێ

**رووداو — واشنتن پۆست**

چوار مانگە، خەڵکی وڵاتە وێرانبووەکەی دەستی شەڕ، بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی بۆمب و هێرشی هاوەن. ئێستا یەمەنیەکان هەڕەشەیەکی دیکەیان لەسەرە کە دەتوانێت بەهەمانشێوە کوشندە بێت.

### یەمەن بەرەو کەم ئاوی

هەژارانی ئەم وڵاتە کە ماوەی پتر لە دەیەیەکە ڕووبەڕووی کەم ئاوییەکی کوشندە بوونەتەوە، چوار مانگی شەڕکردن بارودۆخەکەی خراپتر کردوون. لە چەند شارێکی یەمەن بەهۆی هێرشەکانەوە بۆرییەکانی ئاو شکاون.

بەپێی گوتەی ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوەتەی شەڕی یەمەن دەستی پێکردووە، ژمارەی ئەو یەمەنییانەی کە دەستیان ناگات بە ئاوی خواردنەوە نزیکەی دوو هێندە بووە. ئێستا زیاتر لە 20 ملیۆن خەڵک کە 80%ی دانیشتووانی یەمەن پێکدێنن، بە زەحمەت ئاوی پێویست بۆ شکاندنی تینوێتی و خۆشووشتنیان دەستدەکەوێ.

پسپۆڕانی بواری تەندروستی دەڵێن، نەخۆشیی وەکو مەلاریا بڵاوبووەتەوە، سەدەها هاووڵاتی دەکوژێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووان ناچارن پەنا بۆ خواردنەوەی ئاوی سەرچاوە پیس ببەن.

ئەحمەد شادوڵ، سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە یەمەن دەڵێت ئەگەر کەمیی ئاو بە زوویی چارەسەر نەکرێت، ئەوا پەتایەکی وەکو مەلاریا زۆر بە زوویی بڵاودەبێتەوە و زۆرترین قوربانی لێدەکەوێتەوە.

زۆربەی یەمەنییەکان زۆر بێهیوان لە دەستکەوتنی ئاو، لە کاتی باراندا خەڵک سەتڵی ئاو لەبەر باران دادەنێن. سەرتاشین زۆرباو بووە، بەڵام نەک وەکو مۆدێل.

موبارەک سەلمان کە تەمەنی 58 ساڵە و لە شاری عەدەن دەژیت، دەڵێ "خەڵکی سەریان دەتاشن لەبەر ئەوەی ئاو نییەی سەری خۆیان بشۆن".

شارەکە ئەزموونێکی زۆری هەیە لە بێ ئاویدا، چونکە زۆربەی ئاوی پاکی شارەکە تەرخانکراوە بۆ ئاودانی دارێک کە پێیدەڵێن قات. ملیۆنەها یەمەنی گەڵای ئەم دارە دەجوون کە هەستێکی خۆشیان بداتێ.

لەم مانگانەی دواییدا، زیادبوونی شەڕ وای کرد کە ئەم کەم ئاوییە ڕووبدات. هێرشە ئاسمانییەکان بۆرییەکانی ئاویان شکاند. بەندەری باشووری شاری عەدەن بووە شوێنی حەوانەی ملیۆنێک کەس کە لە شوێنی پێشوویاندا ئاویان دەست نەدەکەوت. نەجیب محەممەد، بەڕێوەبەری ئاوی شاری عەدەن دەڵێت "ئەم بارودۆخەی ئاو، کارەساتە".

هاوپەیمانی عەرەبی بە رابەرایەتی عەرەبستانی سعودیە، شوێنی ئەو چەکدارانە بۆردومان دەکات کە شیعەن و بە حوسییەکان ناسراون. شەڕی ئەم چەکدارانە دژ بە لایەنگرانی سەرۆک عەبد ڕەبە مەنسوورە کە حکومەتەکەی لە مانگی شوباتی رابردوو رووخێنرا.

نەبوونی سووتەمەنی کێشەکەی قووڵتر کردووەتەوە. لە یەمەن سووتەمەنی پێویست لەبەردەست نییە بۆ کارپێکردنی مۆلیدەکانی کارەبا. بەهۆی ئەو مۆلیدانەوە دەتوانرێت پەمپەکانی ئاو بخرێنە کار و کەمێک لە قەیرانەکە کەم بکەنەوە.

بەرپرسانی یونێن و کارمەندانی ڕێکخراوە خێرخوازی و مرۆییەکان دەڵێن هاوپەیمانی عەرەبی ئابڵوقەیەکی توندی زەمینی و ئاسمانی خستووەتە سەر یەمەن، بەم هۆیەشەوە یەمەن ناتوانێت سووتەمەنی هاوردە بکات.

بەڵام بەرپرسانی سعودیە ڕەتیدەکەنەوە کە ڕێگربن لە دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە بۆ یەمەن و دەڵێن کەشتی و فڕۆکە ڕێگەپێدراوە بۆ بردنی خواردن و سووتەمەنی بۆ یەمەن دوای پشکنینی ئەو کەلوپەلانە.

### کەمیی ئاو ژیان دەگۆڕێت

کەمیی ئاو ژیانی زۆربەی یەمەنییەکانی گۆڕیوە. حوسێن بن محەممەد، 38 ساڵ، فرۆشیاری دەرمان لە باشووری شاری تەعز دەڵێت "ئێمە ڕاهاتووین، کاتێک باران دەبارێت بە سەتڵێکەوە رادەکەینە دەرەوە بۆ دەستکەوتنی ئاو".

کەمبوونەوەی ئاو لە یەمەن، نرخی ئاوی زۆر بەرز کردووەتەوە. تێکڕای داهاتی تاک لە یەمەن 122 دۆلارە.

سەید عەلی کە باوکی سێ منداڵە، دەڵێت "هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە بگەینە ئەو حاڵەی کە توانای کڕینی ئاومان نەبێت".

هەندێک خەڵک هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نییە جگە لە بەکارهێنانی ئاوی پیس نەک تەنیا بۆ خۆشووشتن، بەڵکو بۆ خواردنەوە و ئامادەکردنی خواردنیش.

پسپۆڕانی تەندروستی دەڵێن قەیرانی کەمئاوی لە یەمەن بە جۆرێک تەنانەت کێشەی بۆ سەگ و پشیلەی نێو شەقامەکانیش دروست کردووە.

ئێستا زۆر کەس پارە بە فرۆشتنی ئاو پەیدا دەکەن، ئاوی فلتەرنەکراو لە قووڵایی زەوی دەردێنن و دەیفرۆشنەوە. زۆربەی خەڵک لە ماڵەوە ئاوی لەنێو دەبە و تەنەکەی سەردانەپۆشراو هەڵگرتووە. ئەمەش وا دەکات مێشوولە لە ئاوەکە بئاڵێن و نەخۆشییەکی ترسناکی وەکو مەلاریا بۆ نێو ئاوەکە بگوازنەوە.

بەرپرسانی تەندروستی لە یەمەن دەڵێن گومان دەکرێت لانیکەم 8000 کەس تووشی نەخۆشیی مەلاریا ببن، ئەویش بەهۆی دانەپۆشینی دەفرەکانی ئاو.

بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێن ڕەنگە 120 هەزار منداڵی یەمەنی ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە، ئەگەر قەیرانی دەستکەوتنی ئاوی پاک لەم وڵاتەدا چارەسەر نەکرێ و خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دابین نەکرێ. ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی نەخۆشخانەکان و دەرمانخانەکان دابخرێن.



قەیرانەکە لادێکانی یەمەنیشی گرتووەتەوە، ئێستا زۆربەی خەڵکی شارەکان روو لە لادێکان دەکەن بۆ دەستکەوتنی ئاو. لە بەردەم بیری ئاوی گوندەکان نۆرەی دوور و درێژ دەبینرێن.

جووتیارێکی گوندێکی باشووری شاری تەعز دەڵێت "نۆرەی ئاو زۆر دوور و درێژە، دەبێت 7 سەعات لەنۆرە بوەستی بۆ پڕکردنی دەفرەکەت، ئاوەکە بە کەر دەبەینەوە ماڵەوە و لە ڕێگادا نیوەی دەڕژێت".



## لە کوردستان نەبوونەتە نەریت

# شەپقە و چەتری هاوینە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیدا نییە

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

پزیشـکان هۆشـداری دەدەن کـە گەرمـای لـە ڕاددەبـەدەر دۆخێکی ناهەموار بۆ جەسـتە دروستدەکات و لەمپەر دەخاتە بەردەم کارکردنی سیسـتمە جیاوازەکانی جەسـتە، کەچی تاوەکو ئێسـتا ڕێوشـوێنە خۆپارێزییـەکان لـە گەرما، لەوانـەش بەکارهێنانـی چەتـر و شـەپقە لـە کوردستاندا نەبوونەتە نەریت.

شـەپۆلەکانی گەرمـا لە جـاران زیاتر ڕوو لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان دەکەن و کوردستانیش لەوە بەدەر نییە. پلەکانی گەرما لە کوردستان بە جۆرێـک بەرزبوونەتەوە کـە حکومەت لە ڕۆژانی ڕابردوودا چوار ڕۆژی کردە پشوو.

### مرۆڤ هۆکاری بەرزبوونەوەکەیە

پسـپۆڕێکی ژینگەیـی دەڵێـت شـەپۆلە گەرمییەکانی ئەم سەردەمە مرۆڤکردن. د.ساڵح نەجیب، پسـپۆڕی ژینگە و مامۆسـتای زانکۆی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "بە بەراورد بە 100 سـاڵ لەمەوبەر، پلـەی گەرمی نزیکەی یەک پلە بەرزبووەتەوە، ئەگەر کاری پێویست نەکرێت ئەوە 100 ساڵی داهاتوو 4 پلەی دیکەش بەرزدەبێتەوە و ئەوکاتەش مەترسیی زۆر جددی لەسەر ژیان و تەندروستیی مرۆڤ دروست دەبێت".

پسـپۆڕەکە دەڵێـت ڕەنگە خەڵکـی وابزانن بەرزبوونـەوەی یـەک پلـەی گەرمـی شـتێکی سادەیە، بەڵام لە ڕاستیدا مەترسییەکی گەورەیە. هۆکارەکەشـی ڕووندەکاتـەوە و دەڵێت "دەبینی لێـرە شـەپۆلی گەرمایە، لە ئەوروپـا زریان، لە ئەمریـکا لافـاو. هەمـوو ئەمانەش بەهـۆی ئەو ناهاوسـەنگییە ژینگەییەوە پەیدابوون کە مرۆڤ خۆی هۆکاریانە".

وەک د.سـاڵح باسـی دەکات، بەهـۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، زۆربوونی ژمارەی ڕەشـەوڵاخ، زۆربوونی ئۆتۆمبێل و کارگەکانەوە، باڵانسـی کاربۆنیی خاک و ڕێژەی گازەکانی نێو هەوا و چینی ئۆزۆنی ئاسـمان تێکچوون "ئەگەر ئێستاش کۆنترۆڵی ئەو تێکچوونی باڵانسە بکەین و بیگێڕینەوە بۆ سـەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابـردوو، زەوی و ئۆقیانووسـەکان و هەوا هەزار ساڵی تەواویان دەوێت تاوەکو دەگەڕێنەوە دۆخی تەندروستانەی ئەوکاتە".

### گەرما زیانی تەندروستیی هەیە

پزیشـکان هۆشـداری دەدەن لـە کاریگەرییە خراپەکانی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەسەر سیستمە جیاوازەکانی جەستە.

د.ئـازاد مەنتـک پزیشـکی پسـپۆڕی نەخۆشـییەکانی هەناو و دڵ بە (ڕووداو)ی گوت "تووشبوون بە نەخۆشـی بەهۆی بەرزبوونەوەی پلـەی گەرمای دەوروبـەر زۆر باوە، بەتایبەت بۆ ئێسـتای کوردسـتان کە هەم هاوینێکی گەرمی هەیە، هـەم بەهۆی ئەوەی خەڵک بەزۆری لەبەر ئامێـرە فێنککـەرەوەکان دەمێننـەوە. بەمەش جەستەیان توانای ڕاهاتنی لەگەڵ پلەی گەرمای بەرز وەک پێویسـت نییە و ئاسـانتر لە خەڵکی جاران کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەرمایان لەسەر دەردەکەوێ".

د.ئازاد هۆشداری دەدات کە گەرمای زۆر هەم شلەمەنی و هەم خوێیە پێویستەکان لە جەستە دەردەکات، بۆیـە تەنیـا خواردنـەوەی ئاو بەس نییە بەڵکو دەبێت ئەو شەربەتانەش بخۆنەوە کە ئاستی پێویستی خوێیەکانیان تێدایە.

کاریگەرییەکانـی پلـەی گەرمـا بریتیـن لـە لەشـداهێزران، ئازاری ماسـولکەکان، دڵەکوتە و لەهۆشچوون. لە حاڵەتە هەرە مەترسیدارەکانیشدا دوور نییە مرۆڤ تووشی پەککەوتنی ئەندامەکانی هەناو و هەڵاوسـانی مێشـک بـکات، ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت.

دەزگای کۆنترۆڵکـردن و ڕێگریکـردن لـە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا (CDC) دەڵێت ڕاددەی کاریگەرییەکانی گەرما لەسەر تەندروستیی مرۆڤ لەسـەر دوو لایەنی سـەرەکی ڕاوەستاوە: یەکەم ڕاددەی شـێ، بەجۆرێـک تاوەکو ڕاددەی شـێ زیاتربێت ئارەقکردنەوە کەمتر دەبێتەوە و بەوەش گەرمایەکی زۆرتر لەنێو جەستەدا قەتیس دەبێت و مەترسیی زیاتر لەسەر جەستە دروست دەبێت، لایەنی دووەمیش خاسـیەتە تایبەتییەکانی ئەو کەسـەیە کە بەر گەرماکە کەوتـووە، بۆ نموونە ئـەم کەسـانە زۆرتر لە مەترسـیدان: کەسـانی سەروو تەمەنی 65 ساڵ، منداڵانی خوار تەمەنی 2 سـاڵ، کەمخواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکان، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن، هەندێک دەرمانی پزیشکی و خواردنەوە کحولییەکان.

### "خۆپارێزی عەیبەیە"

لە کۆمەڵگە پێشـکەوتووەکاندا بۆ خۆپارێزی لە تیشـک و گەرمـی هەتاو، خەڵکی لـە وەرزە گەرمەکاندا چەتر و شـەپقە و چاویلکە و کرێمی دژەخۆر بەکاردەهێنن، بەڵام ئەمە لە کوردسـتان نەریتێکی باو نییە.

توێژەرانـی کۆمەڵایەتـی دەڵێـن کۆمەڵگەی کوردی هێشـتا نەگەیشتووەتە قۆناغێک کە ئەو نەریتە تایبەتییانەی لا ئاسایی بێت.

هێمـن عەبدولقادر، توێـژەری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گـوت "کۆمەڵگـەی کـوردی تاوەکو ئێستاش ئەقڵیەتی خێڵ و سەردەمی کشتوکاڵیی تێنەپەڕانـدووە، لـەو قۆناغـەی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتیشدا پەسنی خۆخستنە بەر مەترسی و ئازایەتی دەکرێت و خۆپاراستن لە مەترسییەکان وەک ناسکۆڵەیی و ترسنۆکی تەماشا دەکرێ".

### وەزارەتی تەندروستی باسی چەتر ناکات

وەزارەتـی تەندروسـتی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان چەنـد ڕێنماییەکی بڵاوکـردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە خراپەکانی گەرما، بەڵام هانی خەڵکیان نەداوە ڕووبکەنە بەکارهێنانی چەتر و شەپقە و چاویلکە و کرێمی دژەخۆر.

### ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی:

1- ئەگـەر زۆر پێویسـت نەبـوو لەکاتـە گەرماکانـی ڕۆژدا لەماڵـەوە بمێنـەوە، سـوود لەئامێرەکانی فێنککەرەوە وەربگرە.

2- منـداڵ و بەسـاڵاچووان و ئەوانـەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە وەک سینگ و دڵ، پێویستە لەماڵەوە و لەشوێنێکی فێنک بمێننەوە.

3- ئـەو کرێکارانـەی کار دەکەن پێویسـت خۆیان لە تیشـکی خۆر بپارێزن و ماوە ماوە لە شوێنێکی سێبەردا پشوو بدەن و بڕێکی زیاتر ئاو و شلەمەنی بخۆنەوە.

4- لـەم ماوەیـە خواردنـەوەی ئـاو و شـلەمەنیەکان زیاتـر بکەن بۆ خۆپاراسـتن لە وشکبوونەوە و کاریگەریی تیشکی خۆر.

5- ئەگەر پێویستی کرد سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بکە.



# بەدخواردنەوەی کحول

**د.زانیار نووری**

کحول (مەشروب، ئارەق، شەراب...) بـە هەر خواردنەوەیـەک دەگوترێت کە یەکێک لە ماددە کحولییەکانی تێدابێت و ببێتـە هـۆی گۆڕانکاری لـە مەزاجی مرۆڤ، زیاد یان کەم.

خواردنـەوەی کحول لـە زۆر وڵاتاندا قەدەغەیـە بەهۆی ئاین یان عورف، لەو وڵاتانەشدا کە ڕێگەپێدراوە بەکارهێنانی دەکەوێتـە ژێـر کۆنترۆڵـەوە. ئەمەش تەنیا لەبەر مەترسییە تەندروستییەکانی نییـە، بەڵکـو هـۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووریشی هەیە.

لەڕووی تەندروستییەوە خواردنەوەی کحول مەترسـیدارە، ئەگـەر زێدەڕۆیی تێدا بکرێت. واتە ئەگەر پیاوان زیاد لە 21 یەکە کحول بخۆنەوە لە هەفتەیەکدا و ژنانیـش زیـاد لـە 14 یەکـە کحول بخۆنـەوە لە هەفتەیەکدا. یەک یەکەی کحـول دەکاتە نیو قوتووی 500 ملیمی بیرە، یەک پەرداخی بچووکی ئارەق یان جن و یەک پەرداخی بچووکی شـەرابی سوور.

ئامـاری WHOدەڵێـت کـە خـراپ خواردنـەوەی کحـول بووەتـە هـۆی مردنـی 2.5 ملیـۆن مـرۆڤ سـاڵانە! یەکـەم هۆکاریـش بـۆ زیانەکانـی کحول، فرۆشـتنی کحولە نـەک تەمەن و جـۆری کحـول. بـۆ نموونـە لـە سـکۆتلاندا کـە لەسـاڵی 1990ەوە بەدەست زیانەکانی خواردنەوەی کحول دەناڵێنـێ، هۆکارەکەی دابەزینی نرخی مەشـروبەکانە، سـوپەرمارکێتەکان زۆربەیان کحول دەفرۆشن و کاتی گازینۆ و یانـەکان درێژکراونەتەوە و ڕێژەیەکی زۆری کحولـی تێـدا دەفرۆشـرێت. هەروەهـا بۆیـان دەرکەوتـووە کـە کۆمەڵگاش گـۆڕاوە، بەشـێوەیەک کە زۆر خواردنەوەی کحول بووەتە شتێکی ئاسـایی. ئـەم گۆڕانکاریانـە بوونەتـە هـۆی سـێ ئەوەنـدە مردنـی پیـاوان و دوو ئەوەنـدە مردنـی ژنـان بەهـۆی کحـول. بە داخەوە زۆر لەم دیاردانە لە کوردستانیش هەن.

### زیانەکانی زۆر خواردنەوەی کحول:

1 - مەترسـیدارترین زیانـی ژەهراویبوونـە بە کحـول. ئەمەش ئەو حاڵەتەیـە کـە مرۆڤەکـە وڕ دەبێت و قسەکانی تێکەڵ دەکات و دەبووریتەوە.

2- مێشـک و دەمـار: خەرەفـان و لەناوچوونـی دەمارەکانـی لـەش. هەستکردن و کارکردن لەناودەبات.

3- جگـەر: چـەوری سـەر جگـەر و هەوکردنـی جگـەر، هەردووکیـان سەردەکێشن بۆ شێرپەنجەی جگەر.

4- سی: هەوکردن

5- دڵ: بەرزەپەستان و پەککەوتنی دڵ.

6- نەزۆکـی و مردنـی منداڵـی ناو سـکی دایک ئەگەر دایکەکە مەشـروب بخواتەوە.

7- خەمۆکـی: زۆربەی ئەوانەی زۆر دەخۆنەوە تووشی خەمۆکی دەبن.

8- وڕێنەکردن.

9- لـە دەسـتدانی زاکیـرە و گێـل بوون.

ئەمانە سەرەڕای ئەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان وەکو غائیببوون لە دەوام و دەستنەکەوتنی ئیش و کار و کێشەی بەردەوامی خێزانی و ئازاردانی منداڵ و کێشـەی ئابووری و کێشـەی بەردەوام لەگەڵ یاسـا بەهۆی تووشبوون بە شەڕ و برینداربـوون و لادان لـە یاسـاکانی هاتوچۆ.

بە هیـوای دوورکەوتنەوە لەم ژەهرە کۆمەڵایەتییە.

# 13 نیشانەی کەمیی ئاسن لە جەستەدا

**ڕووداو- فۆکس نیوز**

کەمخوێنی بەهۆی کەمیی ماددەی ئاسـن، بڵاوتریـن جـۆری کەمخوێنییـە. هەندێکجـار نیشـانەکانی ئەم نەخۆشییە ناڕوون و گشتین و تایبەتمەند نین.

ئاسـن لـەو ماددانەیـە کـە پێیاندەگوترێ بنچینەیی، واتە جەستە بەشی پێویستیان لێ دروسـتناکات و دەبێت بە خۆراکی تەندروست وەریبگرێ. دوای وەرگرتنیشی بەکاردەهێنرێ لە دروسـتکردنی خڕۆکەی سـووری خوێن کە بەهۆی پێکهاتەی هیمۆگلۆبینەوە ئۆکسجین لە سییەکانەوە وەردەگرێ و بۆ بەشەکانی دیکەی جەستەی دەگوازێتەوە.

### ئەمانە 13 نیشـانەی کەمخوێنین بەهۆی کەمیی ئاسنەوە:

#### 1 - هەستکردن بە ماندوێتی:

ئەمـە بڵاوتریـن نیشـانەی کەمخوێنییـە، کەسـەکە بەردەوام هەسـت دەکات جەستەی داهێزراوە. واتە ماندووبوونەکە بەردەوامە، نەک پەیوەندی بە گوشاری دەروونییەوە هەبێت.

#### 2 - بێ ڕەنگی:

بـە تەماشـاکردنی لینجەپـەردەی کەناری چاو، بۆت دەردەکەوێت لە کەسـی کەمخوێندا ڕەنگە سوورەکەی نامێنێ و کاڵ دەردەکەوێ. ڕەنگـە سـوورە ئاساییەکە لـە ئەنجامـی ڕۆیشـتنی خوێنی پێویسـتە بۆ ئەو شانەیە. کاڵبوونەوەشی نیشـانەی ئەوەیە خوێن وەک پێویسـت بۆ ئەو شـانەیە و شـانەکانی دیکە نـاڕوات، ئەویش لە ئەنجامـی کەمخوێنییەوە. هەروەک ڕووخسـار و نێولەپی دەسـتەکان و بەشـەکانی دیکەی پێسـتیش ڕەنگیان کاڵ و بزڕکاو دەبێ.

#### 3 - هەناسەتوندی:

ئەگـەر بـە وەرزشـکردنی سـادە یـان سـەرکەوتن بەسـەر قادرمە یاخود هەڵگرتنی شـتگەلێک کـە بۆ خەڵکـی ئاسـایی قورس نیـن، بەڵام تـۆ تەنگەنەفەس دەکـەن، ئەوە نیشـانەی ئەوەیە ئۆکسجینی پێویست ناگاتە شانەکانی جەستەت، کەمخوێنیش یەکێکە لە هۆکارە بڵاوەکان. جگە لەوە ڕەنگە هەست بە سەرسوڕان و بوورانەوە بکەی.

#### 4 - دڵەکوتێ:

لـە حاڵەتی ئاسـاییدا هەسـت بـە لێدانی دڵمان ناکەین، بەڵام لە کەمخوێنیدا هەست بە دڵەکوتێ و تەپەتەپی دڵت دەکەی.

#### 5 - تەزینی پەلەکان:

لـە کەمخوێنیدا، ئەو بڕە خوێنەی کە هەیە زۆرتـر ڕەوانەی ئەندامـە بنچینەییەکانی وەک دڵ و مێشـک و گورچیلـە و جگـەر دەکرێت، ئەوەش لەسـەر حیسابی ئەو بڕە خوێنەی کە لە پەلەکان دەگرێتـەوە. کەمبوونەوەی خوێن لە شـانەکانی پەلەکاندا، هەسـتی سڕبوون و مێروولەکردن دروست دەکات.

#### 6 - تێکچوونی سووڕی خوێن:

بوونی گرێـی منداڵـدان وادەکات ئافرەتی تووشـبوو بڕێکـی زۆری خوێن بەشـێوەیەکی نارێـک لـە سـووڕی مانگانە دابنـێ، ئەوەش بڵاوترین فاکتەرە بۆ کەمخوێنی لە خانماندا.

#### 7 - ئارەزووی خواردنی شتی سەیر:

ئەوانـەی کەمخوێنیـی زۆریـان هەیـە، پێدەچێت ئارەزووی خواردنی شتگەلێک بکەن کە ئاسـایی ناخورێن، وەکو حەز چوونە سەر خواردنی قوڕ، کاغەز.

#### 8 - کەمبوونەوەی زرنگی:

ئەگـەر گرفتـت هەیـە لـە تەرکیزکـردن، بیرکەوتنـەوەی شـتەکان یـان هەسـتت کرد چیدی وەکو جاران مێشکێکی چالاک و زرنگت نییە، مەرج نییە بەهۆی چوونەسـەری تەمەن بێـت، بەڵکو دوورنییە بەهۆی کەمیی ماددەی ئاسن بێت لە جەستەتدا.

#### 9 - ژانەسەر:

ئەگەر تووشـی ژانەسـەرێکی بـەردەوام و دووروودرێـژ بووی و بـە دەرمانی دژە ئازاریش ژانەسەرەکە نەبڕایەوە، سەردانی پزیشک بکە، تاوەکو هۆکارەکانی دیاری بکات کە دوور نییە یەکێکیان کەمیی ئاسن بێت.

#### 10 – ئازاری قاچ:

حاڵەتێـک هەیـە کـە پێیدەگوترێ قاچـی نائـارام، حاڵەتەکـە پەیوەسـتە بـە هەستەدەمارەکان و کەسەکە هەست بە ئازاری قـاچ و نائارامییان دەکات، دەخوازێت هەردەم لـە جووڵەدا بێـت. بەگوێـرەی زانیارییەکانی نێوەندی تەندروسـتیی جۆن هۆپکینز 15%ی تووشبووان ماددەی ئاسنیان کەمە.

#### 11 - ئاڵۆزبوونی دووگیانی:

کەمخوێنی بەهۆی کەمیی ئاسـن، بڵاوترین جـۆری کەمخوێنییە لە ژنانی دووگیاندا، ئەگەر چارەسـەریش نەکرێت ئەوا ڕێگا خۆشـدەکات بـۆ لە دایکبوونی منداڵ بـە ناکامی و کەمیی کێشی منداڵ.

#### 12 - قژڕووتانەوە:

ئەگـەر قژت زیاتر لە جاران دەڕووتێتەوە و موویەکی زۆرتر بە شانەکەتەوە بەجێدەمێنێت، دوورنییـە بەهۆی کەمیی ئاسـنەوە کەمخوێن بیت.

#### 13 - ڕەشبوونی پێسایی:

ڕەشـبوونی پیسـایی ڕەنگـە بەهـۆی خوێنبەربوونـی گـەدە و ڕیخۆڵـەوە بێـت کە دەبێتە هۆی کەمیی ئاسـن و ئەنجامەکەشـی کەمخوێنییە.



**دکتۆر ئیکرام حوسێن**

# هەڵمەتێک بۆ ئاوارە

بـۆ بەردەوامبـوون و باشـترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروسـتی بە ئاوارەکان، پێویسـتە وەزارەتی تەندروستی هەڵمەتێکـی نێودەوڵەتی ڕێکبخات، لە هەولێر بێـت یان پایتەختی وڵاتێکی دیکە، بۆ نموونە ئوردن یان ئیمارات.

ڕۆژی 28ی تەمموز، نەتەوە یەکگرتووەکان راگرتنـی 184 خزمەتی تەندروسـتی لە عێراق ڕاگەیاند، لەگەڵیدا هۆشداریشی دا لە مەترسی سەرهەڵدانەوەی سورێژە و ئیفلیجیی منداڵان.

خزمەتگوزارییە تەندروسـتییەکانی نەتەوە یەکگرتـووەکان لە عێـراق بریتین لە چاودێری و کوتانی ژنانی دووگیان و منداڵان، چاودێریی ئاوی خواردنەوە، تەندروستیی گشتی، هەروەها پرۆگرامـی چارەسـەری سـیل و کوتـان دژی سورێژە و ئیفلیجی.

گوتەبێـژی وەزارەتـی تەندروسـتی لـە کوردسـتان دەڵێت قورسـە بتوانن بەردەوامی بدەن بە خزمەتی تەندروستی بۆ ئاوارەکان بێ یارمەتی ڕێکخراوەکان.

نزیکـەی ملیۆن و نیوێک ئـاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام ئایا وەزارەتی تەندروستیی عێراق بەشـە دەرمانی ئاوارەکان دەنێرێت؟

نەخۆشـخانەی هیوا بـۆ چارەسـەرکردنی کەسـانی تووشـبوو بـە شـێرپەنجە، ڕۆژانـە پێشـوازی لـە دەیـان نەخۆشـی ناوچەکانی دیکـەی عێراق دەکات، کـە ڕێژەکەیان دەگاتە 40%ی سەرجەم نەخۆشەکان، بەڵام وەزارەتی تەندروسـتیی عێراق، ئەوکات کـە وەزیرەکەی کـورد بـوو، نەیتوانی هەر هیچ نەبێت بەشـی نەخۆشـە عەرەبەکان تایبەتمەندی ببەخشێتە نەخۆشخانەی هیواو کۆمەکیان بکات، بێگومان وەزیـری تەندروسـتی و دارایـی ئێسـتاش، تایبەتمەندییـان نەداوەتە هەرێم، بۆ ئەو ژمارە گەورەیەی ئاوارە.

نەخۆشـخانەکانی هەرێمـی کوردسـتان پڕ بوون لە ئاوارە، لە هەندێک نەخۆشـخانە هیچ هەسـتێکت نامێنێـت بـەوەی وا تێبگەیت لە کوردسـتانیت، ئەوان، عەرەبـەکان، خەڵکانی چاوکـراوەن و لـە کوردەکانیش کەمتر شـەرم دەکـەن، کـون و قوژبنـی نەخۆشـخانەکان شـارەزا بوون و لە سـەرجەم خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیش ئاگادارن، کاتێکیش دەبینن بەراورد بە نەخۆشخانەکانی شوێنەکانی خۆیان، لێرە خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە، ئەوانیش زیاتر ئارەزووی هاتن بۆ نەخۆشخانەکان دەکەن.

لەم بارودۆخە خراپەی هەرێمی کوردستاندا، پێویسـتە وەزارەتی تەندروستی کۆنگرەیەک، کۆنفرانسـێک، گەلەکۆمەیەک، یان شتێکی لەو بابەتـە ڕێکبخات بۆ ئەوەی هاوکاریی ماددی و تەندروسـتی کۆبکاتەوە، ئیتـر هەر لە دەرمان و ئامێری پزیشـکی و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس و جۆرەکانـی کوتانەوە، تا دەگاتە پێداویسـتیی نەخۆشخانەکان.

مردنـی 52 منداڵی ئـاوارە لە بەغدا بەهۆی گەرمـاوە، کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، لە لێدوانەکانیشدا، پەسنی هەرێمی کوردسـتان دەدرا بـەوەی ژمارەیەکی گەورەی ئاوارەیـان لەخـۆ گرتـووەو لە هەمـان دۆخی گەرماشـدا یـەک منـداڵ بـەو هـۆکارە گیانی لەدەستنەداوە.

هەرێمـی کوردسـتان ناوبانگێکـی گەورەی پەیداکردووە بە لەخۆگرتنی ئەو ژمارە گەورەیەی ئاوارە، ملیۆن و نیوێک ئاوارە بۆ هەرێمێک کە ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی پێنج ملیۆنە، بەڵام تورکیا کە ژمارەی دانیشـتووانی نزیکـەی 75 ملیۆنـە و بـەو پێـوەرەش نزیکـەی 15 هێنـدەی هەرێمی کوردسـتان دەبێت، کەچی دوای وەرگرتنی ملیۆنێک و 700 هەزار ئاوارەی سـووریا، هـاواری لێ بەرزبـووەوە و ڕایگەیاند کـە ئیتر ناتوانێـت ژمارەیەکی زیاتـری ئاوارە وەربگرێت.

خاسـیەتێکی گرنگـی ئـاوارەکان بریتییە لـە جیاوازییان لە ئاین و زمانیانـدا، وەزارەتی تەندروستی دەتوانێت وڵاتانی سوننە مەزهەب و مەسیحی و وڵاتانی مرۆڤدۆست بۆ کۆنفرانسەکە بانگهێشت بکات، لە ڕێی دۆکیومێنتەوە پێشانیان بـدات کە هەرێمـی کوردسـتان چ خزمەتێکی پێشکەشـکردوون و ئێسـتاش دوای ڕاگرتنـی پرۆژە تەندروستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئـەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان پێویسـتیان بە چ هاوکارییەکی تەندروستی هەیە، بە ژمارە بۆیان ڕوونبکاتـەوە کـە نەخۆشـخانەکانی هەرێمی کوردستان چ جۆرە فشارێکی گەورەیان لەسەرە و هەرێمی کوردستانیش چ قەیرانێکی گەورەی دارایی لەسەرە.

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (369) دووشەممە 2015/8/3

## شوان عەتوف دەبێتە دادوەر



**ڕێکەوت سەلام / رووداو- هەولێر**

دەرهێنەر و سینەماکاری کورد شوان عەتوف وەک دادوەرێک بۆ فێستیڤاڵێکی جیهانی لە ئیسپانیا داوەت دەکرێت و ساڵی رابردووش لەم فێستیڤاڵەدا دوو خەڵاتی پێدرابوو. سینەماکار و دەرهێنەر شوان عەتوف بە (رووداو)ی گوت "لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵی فیلم لە ئیسپانیا کە مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت، وەکو دادوەرێک بە فەرمی بانگهێشت کراوم". شوان عەتوف ساڵی رابردووش بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا کردبوو، بەڵام وەکو دەرهێنەرێک نەک دادوەر. فیلمی ماڵ و کلیلی شوان لەو فێستیڤاڵەدا نمایش کرا و لە کۆتاییدا دوو خەڵاتی پێدرا. سەبارەت بە پرۆژەی نوێی، شوان عەتوف گوتی "کارەکانی کورتە فیلمێکم کۆتایی هاتووە بەناوی باخەوانەکەی باوکم کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆمە".

# دیلان یادی ئەرمەنییەکان دەکاتەوە



**پەسار فایەق**
**رووداو- هەولێر**

گرووپی دیلان کە گرووپێکی میوزیکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و شەهریار جەمشیدی، گۆرانیبێژ و میوزیکژەن سەرپەرشتیی دەکات، بە کۆنسێرتێک بەشداری لە چالاکییەکانی 100ەمینساڵیادی جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەکات. جەمشیدی بە (رووداو)ی راگەیاند، گرووپەکەیان لە یەکەم رۆژی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، بەشداری لە چالاکییەکانی فێستیڤاڵی "High-Fest"ـ دا دەکات کە پرۆگرامی ئەمساڵی تایبەتە بە 100ەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئەرمەن.

گوتیشی "گرووپەکەمان بە ئەلبوومی گوڵی زەرد لەم فێستیڤاڵەدا بەشدار دەبێت کە لە ساڵی 2014ـدا بڵاوکرایەوە و لەسەر تەختی شانۆ گۆرانییەکانی نێو ئەم ئەلبوومە پێشکەش دەکەین".

بەپێی قسەکانی جەمشیدی، 400 هونەرمەند لە 30 وڵاتەوە بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا دەکەن. جەمیشدی گوتی "مایەی شانازییە وەک هونەرمەندانی سەربەخۆی فەرهەنگ و میوزیکی کورد بۆ ئەم بەرنامەیە بە فەرمی بانگهێشت کراوین".

# ڕۆژین شەریفی تووڕە بووە



**ڕێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

کچە ئەکتەری بواری نواندن ڕۆژین شەریفی دەڵێت بەهۆی خوێندنەوە لە کاری نواندن دوورکەوتووەتەوە و دەشڵێت تووڕەیان کردووم.

ڕۆژین شەریفی کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، دوایین کاری هونەری کە بەشداریی تێدا کردووە، فیلمی کلاسیکۆ بوو، بەڵام تاوەکو ئێستا فیلمەکە نمایش نەکراوە. ڕۆژین دوای ئەم فیلمە لە کاری نواندن دوورکەوتووەتەوە. ئەو لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "لەم ماوەیەدا چەندین داواکاریم بۆ هاتووە بۆ بەشداریکردن لە فیلم، بەڵام هەموویانم رەتکردووەتەوە، چونکە ئێستا سەرقاڵی خوێندنم".

# کوردێک شەیتان دەکاتە فیلم



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری گەنج عادل ئاکرەیی رایگەیاند کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی 12 کورتە فیلمە و هەندێک لە کورتە فیلمەکانیشی تەواو کردووە، یەکێک لە فیلمەکانیشی لەسەر شەیتان و داعشە.

عادل ئاکرەیی زانیاری زیاتری لەبارەی کارەکانی دایە (رووداو) و گوتی "ئێستا 12 کورتە فیلمم لەبەردەستە و کاریان لەسەر دەکەم. بەشێکی زۆریان لەسەر داعش و ئاشوورییەکانە، هەروەها بەشێوەی سیمبولیک باسی شەیتان و داعش وعیسا دەکەم.

فیلمەکان بە سپۆنسەری دەزگای حەیاتی میسری بەرهەم دێن.

عادل دەربارەی ئەکتەرەکان گوتی" هەموو ئەکتەرەکان ئاشووریی شارۆچکەی عەنکاوەن، لای من گرنگ نییە بۆ چ ئاینێک کار بکەم، ئیسلام یان ئاشووری یان ئێزدی، گرنگ ئەوەیە بتوانم کاری هونەریی جوان بکەم".



# زانا جەبەلی دەردەکەوێتەوە


**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

دوای شەش ساڵ دوورکەوتنەوە لە گۆرانیگوتن، گۆرانیبێژ زانا جەبەلی جارێکی دیکە بە گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە دەستی بە گۆرانیگوتن کردەوە.

زانا جەبەلی لەبارەی ئەم گۆرانییە نوێیەی بە (رووداو) ی راگەیاند "پێشمەرگەمە ناوی نوێترین گۆرانیی منە کە دوای شەش ساڵ بەم گۆرانییە نیشتیمانییە دێمەوە دیدەنی هەوادارانم". گوتیشی "گۆرانییەکە لە ئاواز و تێکستی خۆمە و بە شێوازێکی مۆدێرن تۆمارم کردووەو لەم رۆژانە کلیپەکەی تەواو دەبێ".

دەربارەی ئەوەی ئایا لە گۆرانیگوتن بەردەوام دەبێت؟ ئەو گوتی "بەڕاستی ئەوەی ناچاری کردووم دەست بە گۆرانی بکەمەوە گەورەیی و مەزنیی پێشمەرگەیە، چونکە پێموایە هونەرمەند دەبێت هەڵوێستی هەبێت، ئەگەر ناتوانێت گوللە بتەقێنێت ئەوە بە دەنگ و سەدای دەتوانێ دڵی پێشمەرگە خۆش بکات و هێز و توانا بداتە بنەماڵەی شەهیدان، هەرچەندە من دەمویست کاری جوانتر و ئەکادیمی پێشکەش بکەم، بەڵام ئێستا هەر هێندە لە توانای ئێمەدا بوو".

# باڵندەیەک لە بەسراوە دێتە سلێمانی



پەسار فایەق
رووداو- سلێمانی

خالید ئەلموبارەک، پەیکەرسازی عێراقی، پێشانگایەک بۆ پەیکەرەکانی لە شاری سلێمانی دەکاتەوە. لە کۆڕێکیشدا لەبارەی خۆی و بەرهەمەکانییەوە زانیاری دەدات و فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەبارەی کارەکانییەوە نمایش دەکرێت.

بەختیار سەعید، بەرپرسی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، بە (رووداو)ی راگەیاند، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دووەمین سیپمۆزیۆمی شێوەکاری سلێمانی کە لە پێنجی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، حەوت شێوەکاری کورد و بیانی بانگهێشت کراون، لەوانەش خالید ئەلموبارەک، پەیکەرسازی عێراقی کە پێشەنگایەک بۆ کارەکانی دەکەنەوە.

پێشانگاکە لەژێر ناوی "باڵندەیەک بە چاوی ماسی" لە شەشی ئاب لە گەلەری ئازاد شەوقی لە شاری سلێمانی دەکرێتەوە.

# "73#" خەڵاتی فێستیڤاڵی ئاشتی وەردەگرێ



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

فیلمی دۆکیومێنتاری"73#" کە لەسەر کارەساتەکەی شنگال بەرهەمهاتووە، لە فێستیڤاڵی ئاشتی لە ئیتاڵیا خەڵاتی ئاشتی پێدرا.

ڕێکێش شاهباز دەرهێنەری فیلمەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی بەناوبانگی ئەوروپا بەناوی ئاشتی خەڵاتی مەزنی بردەوە".

فیلمەکە باس لە پێشمەرگەیەک دەکات کە دایک و باوکی لە شنگال بەجێماون، ئەویش بەپێ چەندین کیلۆمەتر دەبڕێت و دەچێتە سەر چیای شنگال بۆ ئەوەی دایک و باوکی خۆی بدۆزێتەوە. شەهباز دەڵێت "چیرۆکەکە ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکەی سەرسام کرد".

شاهباز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە فیلمەکەی لە هەشت فێستیڤاڵ نمایش کراوە و بەردەوامیش لەلایەن فێستیڤاڵەکانی جیهانەوە داوەت دەکرێت "ئەمەش بۆ راستەقینەیی و گەورەیی ئەم کارەساتە دەگەڕێتەوە".

# بەختی رووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
هەواڵێکی خۆش دەربارەی کارێک دەبیستی کە پێشتر نائومێدی کردبووی. کارەکان بە هێواشی بەڕێوەدەچن و پەلەکردن سوودی نابێت. دڵتەنگ مەبە، بە قسەی خۆش و شیرین چواردەورەکەت دڵخۆش بکە.

**گا**
ئەستێرەکەت لە گەڕانەوەدایە و توانات کەم دەبێت. بەگەشبینییەوە لە کارە نوێیەکەت بڕوانە و هەوڵ بدە ئاسوودە بیت لەگەڵ چواردەورەکەت و خۆت لە ململانێ بەدوور بگرە. چارەسەر بۆ رزگاربوون لەو گرفتانەی ئێستا تەنیا خۆڕاگرییە.

**جمک**
بۆ ئەوەی بەئاواتێک بگەی، پەیوەندییەکانت زیاتر بکە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەتوانن هاوکاریت بکەن. پشوویەکی باش وەربگرە. لەگەڵ خۆشەویستەکەت لێبووردە بەو شتی بچووک گەورە مەکە.

**قرژاڵ**
هەست بە هێمنی و ئاسوودەییەکی زیاتر دەکەیت لە کارەکەت، هەوڵەکانت سەرکەوتوو دەبن و باری دارایی بەرەو باشتر دەبات. کاتێکی زیاتر بۆ بیرکردنەوە تەرخان بکە، پەیوەندیی ئەڤینداری بەناو تەنگوچەڵەمەدا تێپەڕدەبێت.

**شێر**
ئەو گۆڕانکاریانەی لێی دەترسایت بە قازانجت دەشکێنەوە و باری داراییت بەرەو باشی دەبات. چێژ لە ساتە خۆشەکان وەربگرە رەنگە دووبارەبوونەوەیان دەگمەن بێت، بەڵام کارەکانیش فەرامۆش مەکە.

**گوڵەگەنم**
سەرنجڕاکێش دەبیت و چواردەورەکەت بە خۆشەویستییەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن. هەوڵێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی بیرۆکەکانت دەدەیت، کاتێکیش فرسەتی گونجاو دێتە بەردەستت، ناتوانی بڕیاری لەسەر بدەی.

**تەرازوو**
وا باشترە کارەکانی ئەم ماوەیە بەردەوامییان هەبێت نەک ئەو کارانەی ماوەیان کورتە و دەستکەوتیان باشە، بۆ ئەوەی ئاسوودەییت بەردەوام بێت، پەیوەندییت زیاتر بکە، هەوڵ بدە رەخنەکانت کەم بکەیتەوە.

**دووپشک**
کارە ئاساییەکانی رۆژانە سەرقاڵیان کردوویت و ڕێگە نادەن بیر لە بابەتە گرنگەکان بکەیتەوە، زیاتر لە فرسەتێک دەڕەخسێت بۆ ئەوەی کارەکانت باشتر بکەیت یان هەنگاوێک بەرەوپێش بەریت.

**کەوان**
ئەو کارانەی ماوەی پێشوو ماندوویان کردیت ئێستا دەتوانی بە خێرایی جێبەجێیان بکەیت. هەندێک شتی بچووک خەمبارت دەکەن، بەڵام ئەو شتانەی ئاسوودەت دەکەن زیاترن، هێمنتر بە لەگەڵ چواردەورەکەت.

**کارژۆڵە**
هەرچەندە ماندوویت، بەڵام ئەم ماوەیە پێویستە کاتی زیاتر بەکارەکەت بدەیت هەتا لە گۆڕانکارییە نوێیەکان دڵنیا ببیتەوە. کاتێک ئاواتەکانت بچووک دەبنەوە ئەگەری بەدیهاتنیان زیاتر دەبێت.

**سەتڵ**
ئەگەر تا ئێستا لەبەختت رازی نیت ئەوا دڵنیا دەبیتەوە کە بەختێکی باشت هەیە. بەبێ دەنگی تەماشای دۆخەکە بکە، وردە وردە هەموو مەبەستەکان ئاشکرا دەبن، پاشان بڕیاری خۆت بدە لەسەر بابەتەکان.

**نەهەنگ**
هەرچەندی خۆت لە جێبەجێکردنی کارەکان دوابخەی ئەوەندە لە ئامانجەکەت دوور دەکەویتەوە، کاتێک ستایش دەکرێیت بۆ کارێکی باش، هەست بە درەوشانەوەی خۆت دەکەیت، هەوڵ بدە هەمیشە یارمەتیدەری چواردەورەکەت بیت.

ڕووداو
ژمارە (369) دووشەممە 2015/8/3

# مردن و خۆشەویستی لای ئەمیلی برۆنتی



بەفراو نوری

بەرزاییەکانی وێزێرینگ ناوی ڕۆمانێکە لە نووسینی ئەمیلی برۆنتی، خانمە نووسەری ئینگلیزی کە لە ساڵی 1847دا بڵاوبووەتەوە. ڕۆمانەکە یەکێکە لە سەرەتا گرنگەکانی ڕۆمانی ژنانەی ئینگلیزی و بە تێکستێکی گرنگی ڕۆمانسیەتی سەدەی نوزدەش لە قەڵەم دەدرێت. لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا هەندێ شتی نوێ دێنە ناو ئەدەبیاتی ئینگلیزی کە پێشتر کەمتر بینراون. ڕۆمانەکانی پێشووتر، زیاتر قسەیان لەسەر کاراکتەری پۆزێتیڤ بوو. کەم کەسایەتی خراپ و خراپەکار پێشتر لە ڕۆمانی ئەو سەردەمەدا پێشان دەدران. گەر شتێکی واش هەبووایە، زیاتر بە مەبەستی ئامۆژگاری بوو. ئەم ڕۆمانە وەک نموونەیەکە کە بۆ یەکەم جار پاڵەوانەکەی کەسێکی خراپەکار و نێگەتیڤە، ئەمەش زیاتر ڕۆمانەکە وەک جۆرە تێکستێکی تایبەت لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەرجەستە دەکات. چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە ژیانی کەسایەتییەک دەکات بەناوی هیسکلیف کە منداڵی ژن و مێردێکی قەرەج دەبێت و بە منداڵی بەجێیدەهێڵن و وەک منداڵێکی بێکەس لە شەقامەکانی لیڤەرپۆلدا دەمێنێتەوە. دواتر کەسێکی موڵکدار بە ناوی ئێرنشا دەیگرێتە خۆی و وەک منداڵەکانی خۆی بەخێوی دەکات. هیسکلیف هەر لە سەرەتاوە لای کوڕی بنەماڵەکە کە ناوی هیندلێ یە، خۆشەویست نییە و بە قسە و بەشێوەی جیاواز هیسکلیف ئازار دەدات. کاتێک ئێرنشای پیر کۆچ دەکات و ماڵ و موڵکەکانی لە (بەرزاییەکانی وێزێرینگ) دەبێتە موڵکی هێندلی، زیاتر ئازاری هیسکلیف دەدات و بچوکی دەکاتەوە و پلە و مەقامی لە کوڕی خانەوادەکەوە دادەبەزێنێ بۆ دۆخی سەپان و ئیشکەر. پێچەوانەی هێندلی، کچەکەیان کە ناوی کاترین دەبێت، زۆر بە میهرەبانی لەگەڵ هیسکلیفدا دەجوڵێتەوە، تا دەگات بەوەی کە جۆرێک لە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ هیسکلیف زۆر میهرەبان دەبێت، هیسکلیف لەگەڵ ئەوەدا کە کەسایەتییەکی زبر و توندئاژۆی هەیە، بەڵام میهرەبانی و ناسکیی کاترین گیرۆدەی دەکەن و عاشقی کاترین دەبێت. ڕۆژێک کە تەمەنی شازدە ساڵانە و خوازبێنیکەرێکی موڵکدار هاتووەتە داوای و پێشنیازی هاوسەرگیریی بۆ داوە، هیسکلیف بە ڕێکەوت گوێی لێدەبێت کاتێک کاترین لەگەڵ نیلی کە خزمەتکاریانە، باسی شووکردنی خۆی دەکات و دەڵێت شووکردنی من بە هیسکلیف دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنی کۆمەڵایەتیم دابەزێت و هیسکلیف کەسێکی قەرەجە و من دەمەوێت مێرد بە ئێدگار بکەم کە کوڕە دەوڵەمەندە. هیسکلیف کە ئەمەی گوێ لێدەبێت، بە برینداری و دڵشکاوی ماڵ بە جێدەهێڵێت و دەڕوات و دوای سێ ساڵ دەوڵەمەند دەبێت و بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ (بەرزاییەکانی وێزێرینگ). کاتێک دەگەڕێتەوە، دەبینێت کە هێندلی کەسێکی شەرابخۆر و بەدخووی لێدەرچووە، زۆر ئازاری ژنە گەنجەکەی خۆی دەدات کە دواجار بەسەر منداڵەکەیەوە دەمرێت. هیسکلیف کە بە نیازی تۆڵە هاتووەتەوە، ئەو هەموو سووکایەتی و بریندارکردنەی منداڵیی بیرنەچووەتەوە، بە جۆرێکی بەدخووانە دەکەوێتە وێرانکردنی ژیانی هەمووان. کوڕەکەی هیندلی دەخاتە ژێر دەستی خۆی و وەک منداڵێکی وەحشی باری دەهێنێت. بۆ ئەوەی تۆڵە لە کاترینیش بکاتەوە، خۆشکی مێردەکەی کاترین دەکات بە هاوسەری خۆی، هەرچەندە هیچ خۆشیشی ناوێت و زۆریشی ئازار دەدات. هیسکلیف وەک پێشتر عاشقی کاترینە. کاترین هەرچەندە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی دۆستانەی وەک جاران لەگەڵ هیسکلیفدا دابمەزرێنێتەوە، بەڵام هیسکلیف لەبەرئەوەی بە ڕۆحێکی شەڕانی و بە خواستی تۆڵەوە گەڕاوەتەوە، سوورە لەسەر وێرانکردن و تێکدانی ژیانی هەموو بنەماڵەکە. تەنانەت دوای مردنی هێندلیش بەهۆی شەرابخۆریی زۆرەوە، کوڕەکەی هیندلی دەکاتە ڕەنجبەر و سەپانی خۆی و دەیخاتەوە هەمان دۆخ کە خۆی تووشی هاتبوو. پاش ماوەیەک کاترینیش بەسەر سکەوە دەمرێت و کچێکی لە دوا بەجێدەمێنێ کە هەر ناوی کاترینی لێدەنرێت. هیسکلیف کە مردنی کاترین تەواو شێت و دڕندەی دەکات، بۆ ئەوەی تۆڵە لە کاترینی دووەم بکاتەوە، ناچاری دەکات لەگەڵ کوڕە شێت و ناتەواوەکەی خۆی هاوسەرگیری بکات،

بەڵام دوای مردنی کوڕەکەی هیسکلیف، کاترین پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵ هیرتون، کوڕەکەی هیندلی دروست دەکات و هەوڵ دەدات ڕزگاری بکات لەو دۆخەی کە هیسکلیف سەپاندوویەتی بەسەریدا. لە کۆتاییشدا هیسکلیف دوای ئەوەی ژیانی هەمووان نابووت دەکات، بە شێوەیەکی هێدی هێدی خۆیشی دەکوژێت و بەهۆی نەخواردن و نەخەوتنەوە دەمرێت. لە کۆتاییشدا کاترین و هیرتون هاوسەرگیری دەکەن و ژیانێکی خۆش و پڕ خوشەویستی دەستپێدەکەن.

چەقی قورسایی ڕۆمانەکە لای من لەسەر دوو تەوەرە، یەکەم کەسایەتی هیسکلیف وەک کەسێک کە لە منداڵیدا، تووشی جۆرێک لە گرێی خۆبەکەمبینین هاتووە. دووەمیش مەسەلەی عەشق لە ڕۆمانەکەدا کە هەم ڕۆڵێکی دروستکەری هەیە و هەمیش رووخێنەر. هەم دروستکەری پەیوەندی و هەم خولقێنەری تراژیدیایە.


کارەکتەری هیسکلیف دەکرێت بابەتی گەلێک لێکۆڵینەوە بێت، لێرەدا هەوڵ دەدەم هیسکلیف وەک بەرجەستەبوونی کاراکتەرێکی خۆبەکەمزان وەربگرم. گرێی خۆبەکەمزانین بابەتێکی گرنگی ئەدەبیات و دەروونناسییە. کەسێکی وەک ئالفرێد ئادلەر برێکی زۆری کارەکانی خۆی لە بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا بۆ خوێندنەوەی ئەم جۆرە کاراکتەرانە تەرخان کردووە.

لای ئادلەر هەستی خۆبەکەمبینین و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمییەکان و گەیشتن بە خواستی خۆبەرزبینی یەکەم هەنگاو و خاڵی دەستپێکردنی ژیان دەبێت. مرۆڤ بە حوکمی لاوازیی لە ساتی لەدایکبووندا، تا مردن هەستێکی نادیاری لاوازی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. لای ئادلەر مرۆڤ لە منداڵییەوە بەو هەستی بە خۆکەمزانینەوە دێتە دنیا و بۆ هەمیشەش ئەم هەستە لەگەڵی دەمێنێتەوە. لای ئادلەر مەرج نییە ئەم هەستە هەمیشە ئەنجامی خراپی هەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم هەستە مرۆڤ بۆ چالاکی و پێشکەوتن لە ژیاندا هان دەدات. واتە هەستی خۆبەکەمزانین بە دوو شێوە ئیش دەکات، لە ڕوویەکەوە وا دەکات مرۆڤ گەشە بکات و لە ڕوویەکی تریشەوە گەر ئەم هەستە سنووری خۆی تێپەڕێنێ، دەبێتە گرێی خۆبەکەمزانین و لە باتی ئەوەی ببێتە مایەی گەشەی مرۆڤ، دەبێتە هۆی ئازار و پەشۆکانی دەروونی

بۆی و هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی تێکدەدات و دەبێتە هۆی زۆربوونی ویستی دەسەڵاتخوازی تێیدا. توندوتیژی یەکێکە لە دەرکەوتە سروشتییەکانی هاوشان بەخۆبەکەمبینی. هیسکلیف نموونەیەکی باشی ئەو جۆرە مرۆڤانەیە، ئەو لە فەزایەکدا دێتە دونیاوە، کە تێیدا بەردەوام فڕێدراو بووە، دایک و باوکی خۆی فڕێی دەدەن، لە بەرزاییەکانی وێزێرینگیش ئەو باوەشە گەرمە نادۆزێتەوە، هەمووان وەک منداڵە قەرەجێکی دۆزراوە سەیری دەکەن. لە منداڵییەوە ئەوەی تێدا چێنراوە کە ئەو هیچ نییە. ژیانی لە منداڵی و گەنجیدا بچووککردنەوەیەکی بەردەوام بووە. بەڵام سروشتی خۆی وایە کە لە بری ملکەچی، بە توندی و شەڕانگێزی وەڵام بداتەوە. تەنیا شتێک کە هیسکلیفی لە (بەرزاییەکانی وێزێرینگ) ڕاگرتووە، خۆشەویستیی کاترینە. ئەوە تەنیا شتێکە وای لێ کردووە بە کەمێک ڕێزەوە لە خۆی بڕوانێ، ڕۆژێک کە گوێی لە قسەکانی کاتی دەبێت لەسەر خۆی، کە دەزانێت لای کاتییش جێگا و پلەیەکی وەهای نییە، هەموو ژیانی وێران دەبێت. ئەو قسانەی

کاتی هەموو شەڕانگێزیی ناخی دەهێنێتە دەرێ. بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە، دەبێت ژیانی بگۆڕێت، دەچێت و بە کەرەستە ڕاستەقینەکەی دەسەڵات (پارە) وە دەگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی خۆی لەو کەمبینی و بچووکییەی منداڵی ڕزگار بکات، دەسەڵاتێکی دڕندە و تێکشکێن بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنێ، بۆ ئەوەی چیتر خۆی لاواز نەبینێ و وێنەی بچووکی خۆی نەیەتەوە یاد، دەبێت بە جۆرێک دەستبخاتە ناو ژیان و چارەنووسی ئەوانی دیکەوە، بەرەو نابوودی بیانبات. هیسکلیف بەدوای وێنەی خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ (بەرزاییەکانی وێزێرینگ). ئەوەی لە کاراکتەری خۆی لە دەستی داوە، دەیەوێت بە شەڕانگێزی و تۆڵەی بێ ڕەحمانە بەدەستی بهێنێتەوە. تینوێتی خۆی بۆ گەورەیی تێر دەکات، بەڵام لە بەرامبەریدا هەموو کەسانی نزیکی خۆی لە دەست دەدات و خۆشی بەرەو نابوودیی تەواوەتی دەڕوات.

جیا لەم خاڵە، ڕۆمانەکە وێنەیەکی عەشقمان پێشان دەدا کە زۆر لە ئەدەبیاتی ڕۆمانسییەکاندا دووبارە بووەتەوە، پەیوەندیی عەشق بە مەرگەوە. عەشق بە گشتی لەم ڕۆمانەدا وێرانکارە. سەرەتا ئاسوودەییەک بە هیسکلیف دەبەخشێت و دوایی کە تێدەگات عەشقی کاترین هەر هەوا و هەوەسێکی تێپەڕ بووە، کە دەزانێت کاتی دەیەوێت شوو بە ئێدگار بکات و ئەو وەک کەسێک نابینێت شایەنی هاوسەرگیری بێت، کە تێدەگات کاترین پێیوایە وێنە کۆمەڵایەتییەکەی بریندار دەبێت گەر خۆی بخاتە ئاستی کەسێکی وەک هیسکلیفەوە، بەوە هەموو ناشیرینیی ناو عەشق و درۆ ناوەکییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت. دوای ئەوە هیسکلیف عەشق لە دڵی خۆیدا دەمرێنێت و خۆی بۆ تۆڵەیەکی گەورە ئامادە دەکات، بەر لە هەر شتیش تۆڵە بۆ ئەو وێنە شکاو و بریندارەی خۆی کە هەمووان پێی پێدادەنێن. ئایا هیسکلیف دڕندە بووە؟ یان تەنیا دڵێکی شکاوە کە هەمووان بریندariyan کردووە، کەسێک بووە هەمووان ویستوویانە لە قەدر و ڕێزی ئینسانیی کەم بکەنەوە و بەجۆرێک گەمارۆیان داوە لە تۆڵە زیاتر ڕێگایەکی نەبێت پێیدا بڕوات؟ ئەوە پرسیارێکە شایەنی بیرکردنەوە و تێڕامانە. بەڵام جگە لەم وێنەیەی عەشق کە زۆر گرێدراوە بە مەرگەوە، کە نەریتی دێرینی ڕۆمانسییەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەیە، پێشتریش گۆتە و ستاندال لە ڕۆمانەکانی ئازارەکانی ڤارتەر و سوور و ڕەشدا ئەو پەیوەندییە پتەوەی عەشق و مەرگیان کردووە بە بابەت، ڕۆمانەکە هێزی دروستکەری عەشقیش پیشان دەداتەوە، بە تایبەت لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا کە نەوەی نوێ لە خانەوادەکە بە گیانێکی ترەوە، دوور لە هەستی تۆڵە و شەڕانگێزی، لەناو ئەو وێرانەیەدا کە بەهۆی عەشقەوە دروست بووە، دەچنەوە ناو خۆشەویستی و ژیانێکی تازە لە ڕێگای عەشقەوە دروست دەبێت. برۆنتێ لەم ڕۆمانەدا جگە لەو دیوە ئازاربەخشەی عەشق، هێزی بێ بنی خۆشەویستیش نیشان دەداتەوە. هەندێک لە دیمەنەکانی ئەم ڕۆمانە، لە دیمەنە نەمرەکانی عەشقن لە ئەدەبیاتدا، چونکە ئەم ڕۆمانە عەشقمان لەمسەر تا ئەوسەر بە هەموو ئازارەکان و ئومێدەکانییەوە نیشان دەداتەوە. ئازارەکانی عەشق لای هیسکلیف هێند بەهێزن کە بەرەو دێوانەیی و وێڵگەری دەیبەن، بەڵام عەشق دیسان ئومێد و سۆز و خواستێکی ناوەکییە کە هەموو پاڵەوانەکان بە شێوەی جیا بەرەو یەکتری ڕادەکێشێت، لەو شوێنەدا کە عەشق ون دەبێت، پەیوەندییەکان دڵڕەقانەتر دەبن و لەو شوێنەشدا کە سەرهەڵدەدات وزەی ژیان زۆرتر دەبێت و بەختەوەرییەکان زیندوو دەبنەوە.



# پەروەردەکردنی رۆح لە گەورەییدا*

ئەوەی لە منداڵیدا لەدەستمان دا، چۆن لە گەورەییدا هەستەکانمان بەدەست بهێنینەوە؟

ئەگەر لە تەمەنی منداڵیدا نەزاکەت بەدەست نەهێنرا و بەهۆی خراپیی پەروەردەوە کەسایەتییەکی توندڕەفتار دەرکەوت، چۆن لە گەورەییدا چارەسەر دەکرێت؟

بەدەستهێنانی نەزاکەت، قوڵبوونەوەیە لە وردەکارییە ناسکەکاندا. بۆنموونە، مرۆڤ کاتێک گوێ لە میوزیک دەگرێت، بە تەواوی لە لایەنە ناسکەکانی میوزیکەکە ورد دەبێتەوە. ئەگەر بتوانێت لە تۆنی نێوان دەنگە ناسکەکان ورد ببێتەوە، ئەوا تازەکردنەوەی هەست و سەرلەنوێ نزیککردنەوەی رۆح لە لەش بەدەست دەهێنێت. ئەو مرۆڤانەی کە وا بیردەکرێتەوە توندڕەفتارن، بە گشتی گوێ لە تۆنی خێرا دەگرن و، میوزیکی ڕەق و دەنگبەرز هەڵدەبژێرن، چونکە خاڵی سەرەتای نەزاکەت، وردبوونەوەیە لە خاڵە ناسکەکان.

بیستن، گرنگترین بەشی نەزاکەتە. تازەکردنەوەی رۆح، لە گوێگرتنێکی ناسکانە و قوڵبوونەوە لە ناسکییەکاندا بەدەست دەهێنرێت. بۆ نموونە، مرۆڤ کاتێک بەتەنیا لە ماڵەوە دەبێت، ئەگەر گوێ بۆ دەنگی باڵندەکان بگرێت، ئەوا خۆی پەروەردە دەکات، لە لەشی نزیک دەبێتەوە و لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە. ئارامی و قوڵبوونەوە لە بێدەنگیدا، هەنگاو بە هەنگاو مرۆڤ بەرەو زەرافەت دەبات.

تەنیا بیستن بەس نییە، بەڵکو بۆنیش یەکێک لەو شتانەیە کە زەرافەت بە مرۆڤ دەبەخشن. گرفتی مرۆڤە توندڕەفتارەکان ئەوەیە هەست بە بۆنە خۆشەکان ناکەن و بە هەناسەی قووڵ بۆنەکە نامژنە ناخیانەوە. ئەم مرۆڤانە وا بیر دەکەنەوە کە بۆن هەر بۆنە و پێویست ناکات زۆر گەورە بکرێت.

بەدەر لە بۆن و بیستن، ئەو مرۆڤەی کە دەیەوێت سەرلەنوێ رۆحی لەناو لەشیدا ڕەنگ بداتەوە، پێویستی بە هەستی بەرکەوتنیش هەیە. تایبەتمەنییەکی دیکەی بێهەستی و توندڕەفتاری، لەدەستدانی هەستی بەرکەوتنە. ئەم جۆرە مرۆڤانە، خۆیان لە بەرکەوتنی جوانییەکان بەدوور دەگرن و چێژ لە بەرکەوتن و دەستلێدان لە جوانییەکان وەرناگرن. تەنانەت، کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆن، کە دڵۆپەکانی باران بەریان دەکەوێت نیگەران دەبن. ئەگەر هاوسەرگیرییان کردبێت، کاتێک دەستی هاوسەرەکانیان دەگرن، هەست بە گەرمیی دەستیان ناکەن. هەست بەو گەرمییانە ناکەن کە بەر پێستەکەیان دەکەوێت. لەکاتێکدا کە مرۆڤ، ئەو بوونەوەرەی ناو گەردوونە کە لە ڕێگەی پێستییەوە زۆرترین پەیوەندی بە دەوروبەرییەوە دەکات. ئەوکاتەی رۆح خۆی لە پێست دەکێشێتەوە، پێست هاوشێوەی کشتوکاڵێکی لێدێت کە ئاو نەدرابێت، جوانییەکانی لەدەست دەدات. جەستەیەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە سروشتی خۆیی لەدەستداوە و وەک بلۆک ڕەق بووە.

ئەو مرۆڤانەی کە هەستی بەرکەوتنیان لەدەستداوە، دەتوانن بە مەشقی بەرکەوتنی پێست، سەرلەنوێ پێستیان ببووژێننەوە. بۆ نموونە ئەو کەسە، چوار پەرداخ پڕ بکات لە ئاوی گەرم، چاوی بنوقێنێ و یەک یەک پەنجەی بکات بەناو پەرداخەکاندا، بۆ ئەوەی بزانێت کامیان گەرمتر یان ساردترە. دەکرێت لە ڕێگەی هاریکارێکەوە شوێنی پەرداخەکان بگۆڕێت و جارێکی دیکە تاقی بکاتەوە. یاخود، دەتوانێت بەقەدەر ناولەپ، لە پێنج جۆر قوماش، کە نەرمییەکانیان جیاواز بێت، ببڕێت و بە چاو نوقاوی هەوڵی ناسینەوەی قوماشەکان بدات. بە چاو نوقاوی، بە سەری پەنجەکانی، هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی پارچە قوماشی لۆکە و کەتان و قوماشەکانی دیکە.

خاڵێکی تر، کە ئەمەیان لە سەردەمی منداڵیدا زۆر زیانی بەردەکەوێت، چێژ وەرگرتنە... زۆرێک لە دایکان و باوکان، کاتێک هەوڵ دەدەن بەزۆر خواردن دەرخواردی منداڵەکانیان بدەن، نازانن کە بەم کارەیان خەندە لە منداڵەکانیان دەتۆرێنن. خواردن بە خێرایی، خواردن بۆ تێرکردن و خواردن بەبێ وەرگرتنی چێش، زەرافەتی نانخواردنی مرۆڤەکان لەناودەدەن. ئەو منداڵانەی کە بە هەڵەشە نان دەخۆن، لەڕاستیدا نەزاکەتیان لەدەستداوە.

خۆی لەخۆیدا، خواردن ناخورێت، تام دەکرێت. لەبری زۆر خواردن، مرۆڤ دەبێت سەرقاڵی وەرگرتنی چێژی جیاواز بێت. مرۆڤ کاتێک ئەو خواردنە تام دەکات کە لە لێوەکانی نزیک کردووەتەوە، ئەگەر چاوی دابخات و ئەم چێژە بگەیەنێت بە تەواوی لەشی، ئەوا خەندە دەخەنە سەر لێوەکانیشیان. ئەم خەندەیە وا لە رۆح دەکات خۆی لە لێوەکاندا نمایش بکات. بۆیە دەبێت ئەو خواردنەی کە دەخرێتە ناو دەمەوە، لەبری ئەوەی بە خێرایی بخورێت، هەوڵ بدرێت چێژی لێوەربگیرێت و، جارجارەش بە چاونوقانەوە بخورێت. ئەمە وا دەکات، بە ئاسانی هەست بە تامە جیاوازەکان بکرێت و زەرافەتی نانخواردن دەگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤ.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ)ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**



# دەستەکانیشت ئاسمانیان ڕانەگرت!

**حوسێن ئەحمەد**

چیرۆک

سەرەتاکانی مانگ دەڕۆن، بەد دەڕۆن، خراپ خراپ دەڕۆن. دەکەومە ناو خۆم و دەمەوێت چارەسەرێک بۆ ئەوە بدۆزمەوە کە نیت. تۆ نیت.. چونکە تۆ نیت دەمەوێت ئەڵقەکەم کەسێکی تر بیبات.. دەڵێم ماڵەکەم پێویستی بە دەنگێکی تازە هەیە.. دەڵێم تۆ نیت.. چونکە تۆ نیت بە خەندەیەک کە دەمێکی بێزاری داچڵەکاندووە لەم نائومێدییە وازدەهێنم.. دەڵێم تۆ نیت، چونکە تۆ نیت سەرچەفەکانم دەگۆڕم و ژن دەهێنم، ئینجانەکانم دەگۆڕم و ژن دەهێنم، بێوەفا نیم، بەڵام دڵم دەگۆڕم و ژن دەهێنم.

ناوەڕاستەکانی هەفتە فەرمانەکانم پێدەگۆڕیت.. بەخۆم دەڵێم: من نامەوێت ژن بهێنم، هاوسەرگیری ئاسەواری تۆ لەسەر جلەکانم تازە دەکاتەوە. زامەکانم دێنێتەوە سەرێ.. تۆ کە نیت، هاوسەرگیری دەمخاتەوە بیری پەنجەیەکت، دەمخاتەوە بیری نیگرۆکانی قژت کە بەعەشقەوە زەرد دەبوون و من دەمگوت چ کێمێکە، ئەو هەموو جەراعەتەی لە قژتایە، ئەو هەمووە.. ئەو هەموو کێمەی لە قژتایە دەمکوژێت. تۆش قاقا بە من پێدەکەنیت!.

کۆتایی مانگ ئاسان تێناپەڕێ و لەوەیشی کە چیتر بیر لە تۆ بکەمەوە ماندووم. هەموو ئەو بەڵێنانەی بەخۆممدان وەک گۆزەی سەرەولێژ قڵپ دەبێتەوە. بۆ ئەوەی بڕیاری تازە دروستبکەم پێویستم بە هۆشیاری دەبێت، دەرزەمان بینینی قوتابییەکانی زانکۆ و دانیشگاکان دەمخەنە عەشقی فێربوونەوە. نازانم چی فێر بم؟ بەڵام لە هەناوەوە پێویستم بەوەیە شتێک فێر بم.. هەموومان دەبێت شتێک فێربین، بەڵام کە دەکەوینە ئەم دۆخەی منەوە نازانین چی فێربین. بەخۆم دەڵێم خۆ لە مەنگۆلیا نیت؟ تۆ دەبێت عیلمێکی تازە بخوێنی، لەسەرتە بە زانستێکەوە بنووسێی کە دونیا تەحامولی بکات. نا... دیسانەوە دەڵێم نا.. بە خۆم دەڵێم نا، نا.. دەگریم.. دەڵێم نا... نا... تاهەنووکە دونیا تەحامولی چیی کردووە؟ دەڵێم من لە مەنگۆلیا نیم، بەڵام ئەم ڕۆژانەم کە بەبەدی دەڕۆن لە مەنگۆلیا و زێرابەکانیشی خراپترە. بە تەواوی قارمەوە تف دەکەم.. تف دەکەم لەوەی کە نیت.. تف دەکەم لەوەی کە بخوێنم.. تف دەکەم لەوەی ژن بهێنم و ژوور و ڕاڕەوەکەم بۆ هاتنی پچڕ پچڕی دەسگیرانەکەم پاکژ بکەمەوە..

سەعات دەبێت بە هەشتی بەیانی، لە کۆتایی مانگداین. هێشتا بەرچاییم نەخواردووە. هەتاوی ئەم بەیانییە بە لاری هاتووە. چەند باڵندەیەکی نیگەران بە سۆزەوە بەناو ئەو تیشکەدا دەفڕن، گوێم لە مەکینەی ئۆتۆمبیلەکانە کە لە جادە بە جورمێکی ئاوساوەوە تووڕەن.. پەنجەرەکەم دەکەمەوە. بە خۆم دەڵێم نەتخوێند.. بە خۆم دەڵێم هیچ فێر نەبوویت، بە خۆم دەڵێم مەنگۆلیا لە تۆ باشترە.. تفێکی خەست لە باڵەخانەکەمەوە دەتکێنمە سەر جادە ڕووناکەکە.. دەڵێم تەواو.. هیچ ژنێک بە دەردی تۆی نەخوارد.. تۆ بە دەردی ئەم دونیایە ناخۆیت.. تۆ ئەسڵەن خۆت دەردیت. تەواوی تەواو لە بینایی خۆمدا خۆم سووکی سووک دەکەم، بە جۆرێک سووک کە تەنها بۆ ئەوە باش دەبم خۆم بکوژم.. بە خۆم دەڵێم بەدتر لە مەنگۆلا.. بەدتر لە مەنگۆلا.. بێ غیرەتتر لەوەی چەقۆیەک هەڵبگریت، بیهێنیت، بەرزی بکەیتەوە، بەسەر سەرتەوە وەک ئەو تیشکە بێ ڕەحمەی ئاسمان ڕاییبگریت، دایبێنیتەوە و بیدەی لە دڵی خۆت و وەک مشکێکی بێ داد و بێ فریاد بتۆپیت.. ئەمە دەڵێم و دەنگێک لە هەناومەوە هاوار دەکات:

- تۆ چەقۆکە دەهێنیت یان نایهێنیت؟
- دەیهێنم..
- کەوابوو مەوەستە و بێ ڕەحمانە لە جەرگی خۆتی بوەشێنە..
- باش وا دەکەم .. وادەکەم..
- ئێ.. بۆ ئاوا وەستاوی، دەترسیت؟
- نا.. بەڵام..!!
- بەڵامی ناوێ بیوەشێنە، بە قارێکەوە بیوەشێنە تا جگەرت بڕوات.

لە دەماغەوە دەڵێم باش و چەقۆکە بەرز دەکەمەوە.. بە هەموو هێزی خۆم بەرزی دەکەمەوە.. وا هەڵیدەبڕم ئەو تیشکە نەگریسەی ئاسمان بیدرەوشێنێتەوە.. زیاتر هەڵیدەبڕم.. بەرزی دەکەمەوە و بەهەموو قاری خۆم دایدەهێنمەوە و دوور دوور.. چەقۆکە بە هەوادا دەڕوات.. ڕەت دەبێ... ڕەت دەبێ و وەک ڕمی هەڵدراو ئەوبەری باڵەخانەکەم دەپێکێت... چەقۆکەم لەسەر ڕووی لەبغی کۆشکەکەی ئەوبەرم تۆز دەکات. تەماشای کەشوهەوا دەکەم، دەڵێم خۆتت جوان کوشت، دەڵێم خەڵکی لە هەموو شتێکدا شکست دێنن لە خۆکوشتندا دەیبەنەوە، تۆ لە هەموو شتێکدا دەیدۆڕێنی، لە خۆکوشتنیشدا نایبەیتەوە. بەڵام بەڵێنتان دەدەمێ ئەم قسانە چێژم بێدەبەخشن، ئێوە هیچ نیگەران مەبن. لە بەرزی ئاپارتمانەکەمەوە تەماشای کۆڵانەکە دەکەم، کچی جوان وەستاون، منداڵی ڕووخۆش وەکو بەهێ، ژن و پیاوی عاشق و پۆشاک پاک، هەموو بۆنی ئەو دەمەو ئێوارەیەی منیان لێدێت کە لە دەفتەرێکدا دواهەمین دێڕی خۆمت بۆ دەنووسم:

خۆشەویستم، ئاسایشێکی پاکم نییە، بەڵام بەو نورەی خودا دەیخاتە سەرزەوی سوێند دەخۆم، بێ تۆ هێندە تەنیام، خۆکوشتنیش قەرەبووی ئەم دۆزەخەی ناو ناخی من ناکاتەوە!.



# کارەکتەری نەمر



بێ ئەوەی تۆزقاڵێک شەرم بکەم، ڕووتی دەکەمەوە، هەموو جەستەی ژیانم.

هەنری میللەر

**حەمەسەعید حەسەن**

(ئەم دونیایە شانۆیەکی گەورەیە، ئەو خەڵکەیش هەموویان ئەکتەرن، ئیدی هەر یەکە و ڕۆڵێک یان زیاتر دەبینێت.) ئەو گوتەیە لە شانۆنامەی (وەک دەخوازیت)ی شەکسپیردا (1564 — 1616) هاتووە، کە یەکێک نییە لە ئیشە مەزنەکانی و دەڵێن بە پەلە، لەسەر خواستی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی و بە بۆنەیەکەوە نووسیویەتی. تۆلستۆی (1828 — 1910) پێی وابووە، وەک دەخوازیت، لە ئاستی بەرهەمی ئەو شاعیرە مەزنەدا نییە کە هاملێت، ئۆتێللۆ، ڕۆمیۆ و جولیا و بازرگانی ڤینیسیای نووسیوە. چونکە لە (وەک دەخوازیت)دا، لە (ئاهەنگێکی خۆ لەوانی دی گۆڕین)*دا، ژنان ماسک و بەرگی پیاوانە دەپۆشن، سالانێکە ئەو ئیشەی شەکسپیر بووەتە جێی بایەخی ئەوانەی توێژینەوە لە بارەی (جێندەر)ەوە دەکەن. ئەو دەمامککردن و بەرگگۆڕینە لە مەم و زینی (ئەحمەد خانی) یشدا (1650 — 1707) هەیە، دوو مێ: زین و ستی، خۆیان وەک دوو نێر نمایش دەکەن و بە پۆشاکی پیاوانەوە بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا دەکەن.

ئەوەیان بڕینی ڕێگەیەکی دژوار و درێژ و تژی لە هەوراز و نشێوی دەوێت، ببین بە کەسێکی سەرکەوتوو، بەڵام ئیمیل سیوران (1911 — 1995) گوتەنی: کورتترین و ئاسانترین ڕێگە، بۆ ئەوەی کەسێکی سەرنەکەوتوومان لێ دەربچێت ئەوەیە، بێ ئەوەی بەهرە شک ببەین، دەست بکەین بە نووسینی شیعر! ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن: کورد شاعیری زۆرە، ڕاستییەکەی کورد بە دەگمەن شاعیری تێدا هەڵکەوتووە، ئەوانی دیکە کە خۆیان پێ شاعیر بووە، حەزیان لێ بووە، لەسەر شانۆی ژیان، ڕۆڵی شاعیر وازی بکەن، بەڵام شکستیان خواردووە. شیعر گاڵتە نییە، ئاخر (تاقە دەقی زەوینییە، شان لە شانی دەقە ئاسمانی و پیرۆزەکان دەسوێت و وەک هونەر، بەرزتریش دەنوێنێت.) ** شیعر جیاواز لە دەقی ئایینی، بۆ سەلماندنی خۆی، نە پێویستی بە لەشکرە، نە بە ئایدیۆلۆجیا. ئەوەیش جێی سەرنجە، دەقی پیرۆز باس لە جەبەرووتی خوا دەکات، بەڵام کەساسی و لاوازیی ئینسان، جێی بایەخی شیعرە. لە ڕوانگەی (سیوران)ەوە، شیعری جوان هەمیشە لەگەڵ قەدەردا ناکۆکە و لە (پەتا) یش دەچێت، ئاخر بە ئاسانی خەمی شاعیر بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە.

برام ستۆکەر (1847 — 1912) لە ساڵی 1897 دا ڕۆمانی (دراکۆلا) دەنووسێت، ئیدی دراکۆلا کە وا ڕاهاتبوو (کەڵبە) لە ملی قوربانییەکانی گیر بکات، دەبێتە ڕەمز بۆ کەسانی سادیستی ترسناکی خوێنمژ. هونەری ئەو ڕۆمانە لەوەدایە، نووسەر کۆتاییەکان و کردنەوەی گرێیەکانی دوا دەخات، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە سستیی ڕیتمی گێڕانەوە بکات. ئۆسکار وایەڵد گوتوویەتی: (بە درێژایی دیرۆک، ڕۆمانی دراکۆلا، باشترین کاری ئەدەبییە، دەربارەی ترس و تۆقاندن و ورووژاندن نووسرابێت.) دراکۆلایش کارەکتەرێکە لەو چەشنەی لەبیر ناچنەوە، وەک (فرانکشتاین)ی ماری شیللی (1797 — 1851) یان (دۆکتۆر جیکڵ و میستەر هاید)ی ڕۆبێرت لویس ستیڤنسن (1850 — 1894) کە لە دونیای هاوچەرخی سیاسەتی کوردیدا، ئەگەر بۆ کەسانی وا بگەڕێین، بە ئاسانی دەیانبینینەوە.

ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیڤسکی (1821 — 1881) کە 1861 بڵاوبووەتەوە، قارەمانەکەی کە ڕاسکۆلینکۆڤی ناوە، ئینسانێکە هەم ساردوسڕ و دژەکۆمەڵ، هەمیش بەدەر نییە لە هەستی گەرموگوڕی خۆشەویستی و لە نیازی پاک، چونکە لە بواری وەگەڕخستنی ئاوەزدا، کەسێکی دەستوپێ سپییە و هەژارییش لێی ناگەڕێت درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە لە هەواری تاواندا دەگیرسێتەوە. هەرچەندە سەرەتا، مل بۆ ئەوە نادات لە تاوانەکانی پاشگەز ببێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا دان بە ڕاستییەکاندا دەنێت و خۆی بە شیاوی سزادان دەزانێت. ڕاسکۆلینکۆڤ کەسێکی ئاڵۆزە، یان دروستتر هاوزەمان چەند کەسایەتییەکە، دۆستۆیڤسکی لەڕێی ئەو کارەکتەرەوە پێمان دەڵێت: ناسینی ئینسان وەک خۆی کە هەیە، نەک وەک ئەو ڕۆڵەی بە ئاشکرا دەیبینێت، شتێکە وەک مەحاڵ.

لای تۆلستۆی (1828 — 1910) هونەری ڕاستەقینە ئەوەیە، بتوانین ئەوەی هەستی پێ دەکەین و کاری تێ کردووین، بە جۆرێک بۆ ئەوانی دیکەی بگوێزینەوە، هەمان هەستیان لە کن دروست بکەین و وەها کاریان تێ بکەین، بە ڕاستگۆیییەوە ڕۆڵی هاوبەشی خەم و خۆشییەکانمان ببینن. ئەمەیش لە ڕێی ئاخاوتنەوە ناکرێت، تەنیا بە هونەر مەیسەر دەبێت. جیاوازیی هونەری ڕاستەقینە و هیی ساختەیش ئەوەیە، یەکەمیان زادەی هەستێکی پاکژە کە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت و دووەمیان مەبەستێکی خاوێنی لە دواوە نییە. ئەوە هونەر نییە کە جەستە بە ڕووتی نیشان دەدات، پۆرنۆگرافییە، بە ڕووتی نیشاندانی ڕۆح، هونەرە.

شیعری نوێ ئەوەیە، وەهای بنووسین، جیاواز لەوەی سەرەوەرە، ئەکتەری نوێکەرەوەیش کەسێکە جیاواز لەوەی زاڵە، نمایش بکات. جیاوازییەکی نێوان شیعر و ئایین ئەوەیە، شیعر ڕۆڵی ئایدۆلۆجیا وازی ناکات، شاعیر و کادیری حیزبیش بەوەدا لێک جودا دەکرێنەوە، ئایینی شاعیر، شیعرە، بەڵام کادیر بانگەشە بۆ ئایینیک یان فیکرێک دەکات. جیاوازییەکی دیکەی نێوان شاعیر و کادیر ئەوەیە، لە کن ئەمیان ئینسانی ئاسایی پیرۆزە و لای ئەویان فیکرێک کە بە باڵای دەزانێت. دەشێت شاعیر هەڵگری ئایینێک بێت، بەڵام وەکوو حەللاج (858 — 922) ئایین بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوین دەخاتە گەڕ، نەک بۆ خۆشکردنی ئاگری ڕق و تۆڵەسەندنەوە.

بۆ ئەوەی ڕۆڵی شاعیرێکی ڕاستەقینە وازی بکەین، تەنیا ئەوەندە بەس نییە، خاوەنی بەهرەیەکی خۆڕسک بین، بەڵکوو دەبێت بەردەوام سەرقاڵی پەرەپێدانی بین، ئەگەرنا وشک دەکات. ڕۆمان یاکۆبسۆن (1896 — 1982) دەڵێت: (بۆ ئەوەی بزانین شیعر کامەیە، دەبێت پێشەکی ناشیعر دیاری بکەین، ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە.) پێم وایە زۆربەی ئەوەی بە ناوی شیعرەوە بڵاو دەکرێتەوە، دەکەوێتە خانەی ناشیعرەوە، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە دەشێت شیعر لە هەموو کارێکی هونەریدا هەبێت. کاری هونەری هەر دەقی نووسراو نییە، ڕەنگە نمایشێکی شانۆیی، تابلۆیەکی شێوەکاری، پارچەیەک موزیک، پەیکەرێک، فیلمێک یان تەلارێک بێت.

29ی تەممووزی 2015
ستۆکهۆڵم

(*) حفلة تنكرية.
(**) خەزعەل ئەلماجیدی.

رووداو
ژمارە (369) دووشەممە 2015/8/3



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# منداڵبازاڕ


نەدیتکە، تازەپیاکەوتوو یان نەدی و بدی، هەموویان نزیکەی یاک واتایان هەس، کەسێک کە لە ناکاودا سەت و هەشتا پلە باری وەرگەڕابێت، جا ئیتر باری ئابووریی بێت، کۆمەڵایەتی یان سیاسی.

لە کوردستاندا هەموو بارەکان نموونەیان فرەن، دیارترینیان نەدیتکەی پارەوپوولن، ئاخر ئەوەی بە قەولی کورد هەبوون بووە و چاوی تێر بووە، ئێستاکێش کە دەیبینی چی وای پێوە دیار نییە لە خەڵکی ئاسایی جیابکاتەوە. دەی تۆ تەماشای تازەپیاکەوتوو بکە، هەر مانگەی ترومبێلێکی لە بنە، چارجی مۆبایلیک تەواو ناکا دەیگۆڕێ، لە شوێنی گشتیدا دەنگی بەرزە و بۆ سەرنجراکێشانی دەوروبەر، کارێک دەکا قەرەقۆز ئاسا.

قوربان تازەپیاکەوتووی ئاینییشمان هەس، تەماشای ئەم کۆلکە مەلا و هەرزەگۆ و فەرخە داعشانە بکەن کە رۆژانە لە تیڤی و مینبەرەکانەوە پەلاماری ئەم و ئەو دەدەن، جنێو دەدەن، هەڕەشە و سووکایەتی دەکەن، لە کن وان، خودا تەنیا و تەنیا دەرگاوانی دۆزەخە و ئەمانیش شەوانە رۆژ خەریکن پۆل پۆل خەڵکی بۆ رەوانە دەکەن. دەی ئێوە هەرگیز بیستووتانە بۆ نموونە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بە رێکەوتیش دڵی کەسێکی رەنجاندبێ؟ بۆ حەزرەتی نالی مەلا نەبوو کە زاری گوڵاوی دەباراند؟ کەی رەوایە هاوزەمان بە مەحوی و جنێوفرۆشێک بگوترێ مامۆستای ئاینی؟ نالی زیندوو بووایە، نازناوی مەلای لە خۆی دەکردەوە، ئاخر رەوا نییە ئەو و مەلا مەزهەر و مەلا عەلی کەڵەک لە هەمان عەیار بن.

نوێترین مۆدێلی نەدیتکەیی لە سیاسەتدایە، هەرزە و مەرزەی دەمهەڕاش، هیچنەزان و زبڵگۆ لە هێڵی پێشەوەی سیاسەتەوەن. ئەوە خوێنی نوێ نییە، جنێوفرۆشێکی بێ شەرم بهێنیتە پێشەوە تا بەرگریی لە عەقڵی کۆن بکات، ئەوە نوێبوونەوەیە عەقڵی نوێخواز و خاوەن پرۆژەی جیاواز کارا بکەیت و گۆڕانکاریی ریشەیی بخولقێنێ. ئێوە هەرگیز دیوتانە کەسێکی وەک قادری حاجی عەلی بۆ نموونە، لێدوانێکی هەرزەکارانە بدات؟ لە هەمان کاتدا مندارۆتاری گۆڕان پەلاماری ئەم و ئەو دەدەن. ئێوە پێشبینی دەکەن کەسێکی وەک رۆژ نووری شاوەیس بۆ نموونە، سووکایەتی بەم و بەو بکات، لە کاتێکدا دەیان هەرزەی پارتی، لێرە و لەوێ سەرقاڵی بەخشینەوەی تۆمەت و سووکایەتین. کێ لە ئێوە پێشبینی دەکات کەسێکی وەک عەدنان موفتی لێدوانێکی ئاگرین بدات کە هاوزەمان هەرزەی حزبەکەی سەرقاڵی شەڕە جنێون؟

شەڕی تورک و پەکەکە، بۆری نەوتی کوردستان، پۆستی سەرۆکی هەرێم و حوکمڕانیی کوردستان، بوونەتە بنێشتەخۆشەی دەمی چەند هەرزەکارێک کە بۆ خۆدەرخستن و لایک کۆکردنەوە لە فەیسبووک بەکاری دەهێنن، لێدوانی سەیر و سەمەرە و بریندارکەر دەدەن، دڵەڕاوکێ پەخش دەکەن، ئارامیی وڵات دەشێوێنن، ئەگەر ئەمە نوێگەرییە، هەزار سڵاو لە دێرینخوازان.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# نەوشیروان چی لەکیس چوو؟

## 1

بێ هیچ پێشەکییەک، ئەگەر رابەری بزووتنەوەی گۆڕان (کە دوای کۆتایی مام جەلال بووە بە کەسی یەکەمی دەڤەری سەوز) ویستبای مێژوو بۆخۆی تۆمار بکات، ئاسان بوو. سنووردارکردنی دەسەڵاتی بارزانی و رێگەگرتن لە بەردەوامبوونی ئەو وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نەک کوردستان بە سیستەمی دیموکراسی و کولتووری دەستاودەستکردنی دەسەڵات شاد ناکات، بگرە هێندەی دیکەش دەیباتەوە دواوە. مانەوە یان نەمانەوەی بارزانی قەت مەتڵەبێکی جەماوەریی ئەوتۆ نەبووە کە زۆرینە و کەمینەی بۆ تەیار بکرێت. ئەمڕۆش کە ئەو موناقەشەیە لە ئارادایە و هەموو حیزبەکانی کوردستان (بە پارتیشەوە) شەو و رۆژ هەرچی کێشەی ئەو وڵاتەیە بەلایەکیانەوە ناوە و خەریکی مل لەبەر ملنانی بارزانین، ئەوەیان لەبیر چووەتەوە کە بارزانی دەتوانێ لە کونفەیەکونێکدا، هەرچی ریسی ئەوانە بیکاتە خوری. بارزانی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ لەو موناقەشەیەی ئەوان ئەمڕۆ دەیکەن، بێتە دەرێ و ببێتە رابەری هەتاهەتایی، مەگەر ئەوان بتوانن عەکسەکەی ئیسپات بکەن کە لە 1964ەوە تا ئێستا هەوڵەکان سەریان نەگرتووە.

بەڵام پێش ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لۆژیکی زۆرینەی پەرلەمانی لە گۆڕان، یەکێتی و کۆمەڵ تێکبدات، دەکرا نەوشیروان مستەفا، بێ ئەوەی بەو شێوەیە مل لەبەر ملی بارزانی بنێ، بە رەزامەندیی و پشتیوانیی بارزانی جێگەی بارزانی بگرێتەوە.

بارزانی زۆر مەبەستی بوو کە نەوشیروان مستەفا لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا پشتی بەرنەدات و لەو پێناوەشدا ئامادە بوو کورسییەکەی خۆی بۆ چۆڵ بکات و تەنانەت، هەموو بڕیارەکانی پەیوەست بە ئیدارەی ناوخۆیی وڵات و پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدای (کە تا ئەو دواییەش هەر بەپێی بۆچوونەکانی نەوشیروان مستەفا چوونەتە پێش) بداتە دەست، بەڵام نەوشیروان مستەفا لەبری ئەوە ئیدارەی سلێمانیی هەڵبژارد. لەباتی ئەوەی بەدوای مونافیسدا بۆ بارزانی بگەڕێ و بەڵێن بە ئەم و ئەو بدات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەیتوانی خۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت. بەڵام ئایا ئەوکاتیش ئەوەی قەبووڵ دەکرد خۆی سەرۆکێکی تەشریفاتی بێت؟

داخستنی دەرگای سازان و رێککەوتن و، پشتبەستن بە لۆژیکی زۆرینە و کەمینە، پتر لەوەی مەبەست لێی ئەوە بێت کە دامەزراوەی پەرلەمان بەهێز بکات، لێسەندنەوەی شەرعییەتە. چونکە هێزی پارتی و ئەوەی پێیدەکرێ ئەگەر بە پێوەری کورسییەکانی پەرلەمان بێت، دەبووایە لە دوو دەیەی رابردوودا نەیارانی پارتی حوکمیان کردبایە. ئەوانەیش کە ئەمڕۆ دەهۆڵی حکومەتی زۆرینە لێدەدەن، سوور ئەوە دەزانن ئەو حکومەتەی ئەوان لە دیگەڵەوە ئاودیو نابێ. چونکە هەندێک لەو حیزبانە بە تەعبیرێک "بەقەدەر سەرنشینانی پاسێک لایەنگریان لە بادینان نییە"!

## یەکێتی و پەکەکە

## 2

ساڵێکە و، بەتایبەتیش دوای هاتنی داعش (کە سەرەتا پەکەکە ئیدیعای ئەوەی دەکرد، بارزانی و تورکیا مووسڵیان تەسلیمی داعش کردووە) ریزبەندیی ئیقلیمی گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هاتووە. یەکێتی نیشتمانی کە لەو هاوبەندیانەدا تاکە هێز و وزەی ناوخۆیی هاوپەیمانیی (تاکتیکی) لەگەڵ پارتی و هاوپەیمانیی (ستراتیژی) لەگەڵ ئێراندا بوو، کەوتەخۆ. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دابەزینی کێرڤی جەماوەری و کێشە ناوخۆییەکانی وایکرد هاوپەیمانیی تاکتیکیی خۆی لەگەڵ پارتیدا بگوازێتەوە بۆ لای گۆڕان و بەردەوامی و پەرەی پتری بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێراندا دا. هەربۆیەش لەسۆنگەی شەڕی داعشەوە، حیسابی ئەوە کرا کە ئەگەر بەرکەوتنێکی فیزیکی روو بدات، ئەوە دەبێ لە نێوان پارتی و پەکەکەدا بێت و، یەکێتی تەنها لە رووی راگەیاندن و جووڵاندنی جەماوەرەوە (هەندێکجاریش پێدانی چەک و تەقەمەنی) یارمەتیی پەکەکە بدەن.

بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە، ئەو پلانە هەڵوەشایەوە. چونکە تا چەند رۆژێک بەر لەو بۆردومانانە، پەکەکە و پارتی لە زۆر شوێن میلیان لێک هێنابووەوە و دوور نەبوو پێکدادان لە نێوانیاندا رووبدات.

لێدوانە یەک لەدوای یەکەکانی سەرانی پارتی سەبارەت بە بەجێهێشتنی خاکی کوردستانی باشوور لەلایەن پەکەکەوە، دەرهاوێشتەی هەستکردن بوو بەو مەترسییەی کە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا و باش ئاگایان لەوە بوو کە خەریکە چ روو دەدات.

یەکێتی، گۆڕان و پەکەکە لەقەلیش و لە کۆتریش دەکات. چونکە سەرباری ئەو بەزمەی ئێستا، ژێربەژێر لەگەڵ پارتیشدا لە دانوستاندایە و دەزانێ هاوکێشەکان وابەئاسانی ناگۆڕێن و شتی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەن. بۆیە دەبێ رێگەی گەڕانەوەیان هەبێ. بەڵام لەو بەینەدا ئەوەی زیانمەندە نەوشیروان مستەفایە کە پێناچێ تا ئەو لەسەر کورسیی دەسەڵاتی گۆڕان بێت، بارزانی وەکو سەرکردە مامەڵەی لەگەڵ بکات، جا بارزانی سەرۆکی هەرێم بێت یان نەبێت.

## تیرۆری پەکەکە

## 3

خەباتی میللەتی کورد، لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، خەباتێکی ئینسانی و دیموکراسیانە بووە. دوور بووە لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی کە رێکخراوە تیرۆریستییەکان بەکاریان هێناون، لەوانەش هێرشی خۆکوژی. چونکە خەباتی کورد پشتئەستوور بە ئیرادەی میللەت و میللەتانی ناو خاکی کوردستان بەڕێوەچووە. مەخابن پەکەکە و باڵە سەربازییە جۆراوجۆرەکانی خەریکە دەبنە پەڵەیەکی رەش بەسەر ئەو خەباتەی کە دوای ئەنفالکردنی دەیان هەزار کەسیش، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان لە دژی بەعس پەنای بۆ نەبرد.



عومەر عەلی غەفوور

# دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتی دینی

زۆرجار هەندێ سەرکردە و نووسەری ئیسلامی بۆ جیاکردنەوەی وێنەی ئەو (دەوڵەتی ئیسلامی)یەی لە ئەدەبیاتی خۆیاندا هەیە، لەو وێنە دزێوەی دەوڵەتی دینی کە لە زەینی گشتیدا هەیە و قابیلی قبوڵ نییە، دەڵێن: "دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی دینی (سیۆکراتی) نییە، چونکە لە دەوڵەتی دینیدا حاکم لەلایەن خواوە دیاری دەکرێ، یان نوێنەرایەتی ئیرادەی خوا دەکا، بەڵام لە ئیسلامدا حاکم لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ".

بەبڕوای بەندە ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە مانای دینیبوونی ئەو دەوڵەتە حەسر دەکا لەوەی لەو سیستەمەدا حاکم لەلایەن خواوە دیاری بکرێ، یان پاشا بە نەوە و نوێنەری خوا دابنرێ و پیرۆز بکرێ، لەکاتێکدا ئەوە تەنیا یەکێکە لە فۆرمەکانی دەوڵەتی دینی نەک تاکە فۆرم. هەرکات دەوڵەتێک وابەستە بێ بە بنەما و یاسا و نەریتەکانی ئاینێکەوە، ئەو دەوڵەتە دینییە، با هەندێ سیمای مەدەنیی شەتەکدراو بە مەرجەعیەتە ئاینییەکەیشی تێدابێ.

لە ئیسلامدا دەوڵەت تەواو دینییە، چۆن؟ جارێ لای شیعە بەڕاشکاوی ئیمامەکان لەلایەن خواوە دیاری کراون کە مەعسومن و پلەیان نزیکە لە پلەی پێغەمبەران و گوێڕایەڵیکردنیان واجبە و خەڵک نە دەوریان لە هەڵبژاردنیاندا هەیە و نە بەهیچ شێوەیەکیش دەسەڵاتی رەخنەلێگرتن و گۆڕینیان هەیە. ئەگەرچی ئەمە لەڕووی مێژووییەوە نەهاتووەتە دی و هیچکام لە یازدە ئیمامەکە نەبوونەتە حاکم، بەڵام وەک تیۆر و فیکری سیاسی بەشێکی جەوهەری و بنچینەییە لە فیکری شیعی.

هەرچی سوننەیە، باوەڕی بە تیۆری دوازدە ئیمامی نییە و پێیوایە دەسەڵات لە ئیسلامدا مەدەنییە، بەڵام ئەم مەدەنیبوونە ناواخنێکی دینی هەیە. سەرەتا بەدرێژایی 13 سەدە لە خیلافەتی ئیسلامی کار بە بنەمایەکی دینی کراوە کە بریتی بووە لە حەدیسی (الائمة من قریش)، واتە: ئیمامەکان (خەلیفەکان) لە قورەیشن کە ئەمە لە هەمان تیۆری پیرۆزیی رەچەڵەکی پاشاکان دەچێ لەنێو هەندێ گەلانی تری رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییدا. هەربۆیە تەنانەت لەو قۆناغانەیشدا کە خەلیفە نەبووە یان دەسەڵاتێکی کارتۆنیی هەبووە، دەسەڵاتداران نەیانتوانیوە ئەو بنەمایە بشکێنن و کاری پێ نەکەن، لەم روانگەوەیە کە داعشیش رەچەڵەکی خەلیفەکەی (واتە ئەبوبەکر بەغدادی) بەستووەتەوە بە قورەیشەوە، چونکە بەبێ ئەو رەچەڵەکە شەرعیەتی بوونە خەلیفەی نابێ.

هەربۆیە لە مێژوودا ئەو کەسانەی بوونەتە دەسەڵاتدار و لە قورەیش نەبوون، خۆیانیان ناو نەناوە خەلیفە، بەڵکو خۆیان ناوناوە ئەمیر یان سوڵتان (خەلیفەکانی عوسمانی بە سوڵتان ناسراون نەک خەلیفە)، زۆرجار خەلیفە هیچ رۆڵێکی جەوهەری لە ئیدارەی وڵاتدا نەبووە، کاری تەنها شەرعیەتبەخشین بووە بە دەسەڵاتی ئەمیر و سوڵتانەکان کە فەرمانڕەوای راستەقینە بوون. بەڵام هەر ئەو پابەندبوونەی دەسەڵاتداران بەو بنەمای قورەیشیبوونەی خەلیفەوە، با بە رووکەشیش بێ، بەڵگەی کارابوونی ئەو بنەمایەیە کە بنەمایەکی دینیی رووتە.

پاش ئەوەیش لە دەوڵەتی ئیسلامیدا کەسی حاکم پێویستە چەند مەرجێکی تێدابێ، لەسەروویانەوە ئەوەیە موسڵمان بێ و دان بە سەروەریی شەریعەتی ئیسلامیدا بنێ، واتە دەبێ یاسای بنەڕەتی (دەستوور)ی وڵات یاسایەک بێ لە شەریعەتی ئیسلامییەوە سەرچاوە بگرێ کە ئەوەش کارێکە پیاوانی ئاینی (زانایانی شەرع) پێی هەڵدەستن، واتە هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی پێویستی بەوەیە دەستەیەک لە زانایانی ئاینی یاسای بۆ دابنێن، یان لانیکەم پەسەندیان بکەن بەشێوەیەک لە چوارچێوەی شەرع دەرنەچن. لە بارێکی واشدا کە زانایانی ئاینی یاسای وڵات لەژێر رۆشنایی بنەما و رێسا شەرعیەکاندا دابڕێژن و نەکرێ یاسایەک دابنرێ کە لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا لێکبدات، ئیدی چۆن دەکرێ بگوترێ ئەو دەوڵەتە دینی نییە؟!

راستە دەکرێ هەڵبژاردن بۆ دەسەڵاتە تەنفیزی و یاسایی و قەزاییەکان بکرێ، بەڵام هیچ دەسەڵاتێک و هیچ کەسێک بۆی نییە بڕیارێک بدات یان یاسایەک دەربکات کە پێچەوانەی بنەما و یاسا جێگیرەکانی ئاینەکە بێ، بۆ نموونە یەکێک لە فەرزەکان (نوێژ، رۆژوو، حەج..)، یان ئەرکێکی شەرعی وەک باڵاپۆشیی ئافرەت، بگرە تەنانەت هەندێ شتی رێپێدراو و فەرزنەکراوی وەک فرەژنیش قەدەغە بکا، بینیمان لە خولی پێشتری پەرلەمانی کوردستاندا چ هەڵایەک لەسەر هەوڵی سنووردارکردنی فرەژنی بەرپا کرا لەکاتێکدا فرەژنی تەنیا موباحە، نە واجبە و نە سوننەت. هەروەک رێگە بەوە نادرێ مامەڵەکردن بە سوو یان مەی بکرێ، یاخود یانەی شەوانە بکرێتەوە. کەس بۆی نییە سیستمی دابەشکردنی میرات بگۆڕێ. ئەمانە لە نەگۆڕەکانی هەر دەوڵەتێکی ئیسلامین بەو شێوەیەی لە کتێبە ئیسلامییەکاندا باس کراوە و بزووتنەوە ئیسلامییەکان کاری بۆ دەکەن. ئەی ئەمە دینی نەبێ چییە؟

ئەم خۆدزینەوەیە لە وەسفی (دینیبوون)ی دەوڵەتی ئیسلامی، زادەی حەسرکردنێکی نازانستیانەی مانای (دینیبوون)ە لەوەی کە بریتییە لەوەی حاکم راستەوخۆ لەلایەن خواوە دیاری بکرێ، یان ئەوەیە خەڵک هیچ رۆڵێکی لە هەڵبژاردنی دەسەڵات و دروستکردنی بڕیار و گۆڕینی حاکمدا نەبێ، جا کاتێ دەبینن لە ئیسلامدا بەو شێوەیە نییە، خێرا و بەبێ وردبوونەوە تەبەڕا لە وەسفی دینیبوون دەکەن، وەک ئەوەی بەوە بتوانن لە نموونە ئیسلامییەکە لە چوارچێوەی دینیبوونی بکەنە دەرەوە. زیاتر رەوتە مەدەنی و ئیخوان مەشرەبەکانیش ئەم جیاکارییە دەکەن کە زۆر حساب بۆ رای خەڵک و دنیا دەکەن، هەرچی رەوتە جیهادیەکانن، بەشانازییەوە وەسفی دینیبوونی دەوڵەتی ئیسلامی قبوڵ دەکەن.

بەبڕوای بەندە ئەم بۆچوونە پێچەوانەی لۆژیکی قورئانیشە کە ئیسلامی بە دین وەسف کردووە کاتێ دەڵێ (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ{آل عمران/19}. (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ{آل عمران/85}. بگرە هەندێ جار بەناڕاستەوخۆ تەنیا ئیسلام بە دین دادەنێ وەک لەو ئایەتەی دەڵێ: (لا اکراه فی الدین)، (واتە: زۆرلێکردن لە ئایندا نییە)، کە مەبەست ئەوەیە زۆرلێکردن لە (ئاینی ئیسلام)دا نییە نەک دین بەرەهایی، ئەگینا ماناکەی ورد دەرناچێ، چونکە دەشێ لە هەندێ ئایندا زۆرلێکردن هەبێ. هەروەها ئەو حەدیسە بەناوبانگەیش کە کراوەتە بناغە بۆ حوکمی کوشتنی مورتەد (من بدل دینه فاقتلوه)، (واتە: هەرکەس ئاینەکەی گۆڕی بیکوژن) ئەویش وشەی (دین)ی بەمانای ئیسلام بەکارهێناوە، بەو مانایەی (هەرکەس ئاینی خۆی لە ئیسلامەوە گۆڕی بیکوژن)، ئەگینا ماناکەی ورد دەرناچێ، چونکە ئەگەر وشەی (دینە) بە رەهاییەکەی وەربگیرێ، ماناکەی دەکاتە ئەوەی هەرکەس ئاینی خۆی گۆڕی (جا هەر ئاینێک بێ) دەبێ بکوژرێ، بەو پێیەش ئەگەر جولەکەیەک ئاینی خۆی گۆڕی و بووە موسڵمان هەمان حوکم دەیگرێتەوە، کە ئەوەش نامەنتیقییە.

لەبەرئەوە ئەگەر ئیسلام دین (ئاین) بێ، دەوڵەتی ئیسلامیش دەوڵەتێکی ئاینییە و ئەو دەوڵەتەیە کە بنەما و رێسا و یاساکانی ئاینەکە دەبنە سەرچاوە نەگۆڕەکانی مەرجەعیەتی فیکری و سیاسیی دەوڵەتەکە. ئیدی هەڵبژاردنی حاکم لەلایەن خەڵکەوە (لە چوارچێوەی دانانان بە نەگۆڕەکانی ئاینەکەدا) هیچ لە ئاینیبوونەکەی کەم ناکاتەوە، بگرە دووپاتی دەکاتەوە.



عەبدوڵڵا رێشاوی

# ئاین و دەستوور

لەگەڵ ئەو قسەیە نیم کە دەڵێت دەستوور بۆ ئێستا نانووسرێتەوە، دەستوور لە ئێستادا و بۆ ئێستاش دەنووسرێتەوە، واتە ئەوە "ئێستا"یە کە دەستوور دەنووسێتەوە، مەبەستیش لە ئێستا هەردوو چەمکی شوێن و کاتە و بکەری شوێن و کاتیش هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە.

هیچ دەستوورێک نییە لەسەرووی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو هەموو دەستوورێک بەرجەستەکەری ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە و لەدایکبووی ململانێی نێوان هێزەکان و رێککەوتنیانە، چونکە دواجار هیچ دەستوورێک نابێتە دەستوورهەتاوەکو "بەڵێ"ی کۆمەڵگاکەی وەرنەگرێت.

دەستوور بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت رێگر بێت لەبەردەم پێشکەوتن و گۆڕانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بەڵکو هەموو پێشکەوتن و گۆڕانێک لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا ئەگەرێک دەخاتە بەردەم دەستوور بۆ گۆڕان.

هەر بۆیە هەڵواسینی ئەو هەموو هیوایە بە دەستوورەوە یاخود کۆکردنەوەی ئەو هەموو فۆبیایە لەدەوری دەستوور، خۆخەڵەتاندن و کارێکی ناواقیعیانەیە.

لەدایکبوونی مادە ئاینی و دیموکراتیەکانی دەستووری عێراقی کە هەندێ خەڵک بە پرنسیپگەلێکی دژبەیەکی دەزانن، هەموویان سەلمێنەری ئەم تێزەن کە دەستوور لە ئێستادا دەنووسرێتەوە و بەرێککەوتنی هێزە کاریگەرەکانی ئێستا لەدایک دەبێت.

بۆیە هەر دەستوورێک مەودای فراوانیەکەی زیاتر بێت و سپەیسی زیاتری بەدەمەوە بێت، بۆ زیاتر شرۆڤەکردنی لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکانی زەمەندا باشتر دەستبدات، ئەو دەستوورە تەمەنی مانەوە و ئێکسپایەرنەبوونی درێژترە.

فراوانی لەدەستووردا بەوە دەبێت کە زیاتر جەخت لەسەر پرەنسیپە باڵاکانی "ماف و ئازادی و بەهاکانی دادپەروەری و رێزگرتنی ئینسان و مافەکانی مرۆڤ" بکاتەوە، پێموایە ئەو دەستوورەی زیاتر جەخت لەسەر جێگیرکردنی ئەم بەهایانە بکاتەوە، ئەو دەستوورە چانسی مانەوەی زیاترە.

رێگەدان بە دەستکاریکردنی مادەکانی دەستوور بەپێی پێویستیی کۆمەڵگاکان سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە دەستوور بەپێی ئەحکام و پێویستییەکانی ئێستا دەنووسرێتەوە.

جێکردنەوەی شوێنێکی شیاو بە ئاین لەدەستووری هەرێمدا رووداوێکی حەتمیە کە لەناو دەستووری هەرێمی کوردستاندا روودەدات و هیچ هێز و لایەنێک ناتوانن رێی لێبگرن، چونکە ئەوە یەکێکە لە پرسیارەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە، لەهەمان کاتدا جەختکردنەوەش لە دیموکراتیەت و ئازادی و ماف، ئەویش هەر رووداوێکی حەتمیە، چونکە دیسان ئەویش بەشێک لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئێمە پێکدەهێنێت.

بۆیە ئەم دوو ئاراستەیە لەناو دەستووردا هەردووکیان جێگیر دەبن، ئەمە هیچ گومانێک هەڵناگرێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت دەستوورەکە لەدایک نابێت، هەر بۆیە بانگەشەکان و واژۆکۆکردنەوەکان بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی عەلمانی و موزایەدە ئیعلامیەکانیش بۆ دەستوورێکی ئاینی یان ئیسلامی، دوو هەوڵی زیادە و ناپێویستن و جگە لە "هەرا" شتێکی دیکە نین. پێشموایە ئەوی دووەمیان کاردانەوەی ئەوەی یەکەمە.

دەستوورێکی عەلمانی شتێک نییە بە ئیمزا کۆکردنەوە بێتەدی، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگاوە. وەک لە نووسینی پێشتریشدا باسمکردووە، دەستووری عەلمانیش ئەو دەستوورە نییە کە خۆی ناوبنێت عەلمانی، بەڵکو ئەو دەستوورەیە کە ماف و ئازادی و باڵانس لەناو کۆمەڵگادا دروستدەکات و رێگە لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا لەلایەن تاقە هێزێکەوە دەگرێت.

## مادەی 6ی رەشنووسی دەستوور

ئێستا فۆبیایەکی گەورە لەسەر مادەی 6ی رەشنووسی دەستووری ساڵی 2009 لەلای هەندێک لە هێزە سیکولاریست و بەشێک لە رۆشنبیران دروستبووە و پێیانوایە کە بەو مادەیە دەستووری کوردستان دەبێتە دەستوورێکی ئاینی یان ئیسلامی. چونکە لەم مادەیەدا باس لە سەوابتەکانی ئیسلام و جێکردنەوەی ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی تەشریعی دەکات.

پێموایە ئەو فۆبیایە بەتەواوی لە ئەنجامی تێنەگەیشتن لە سروشتی ئەو مادەیە هاتووەتە ئاراوە کە زۆربەی رۆشنبیرەکانی ئێمە و تەواوی چالاکوانە مەدەنیەکانمان لە تێگەیشتن لە سروشتی "یاسایی" زۆربەی بابەتەکان، بەتایبەت مادە دەستوورییەکان، کێشەیان هەیە.

بۆچوونی من لەسەر ئەو مادەیە، بەتایبەت ئەو بەشەی کە باس لە رەچاوکردنی سەوابتەکانی ئیسلام دەکات، ئەوەیە کە ئەو مادەیە مادەیەکی "دەفعی" یە "نەک "جلب"ی بەپێی سیستمی (ئوسوڵ). واتە مادەیەکە یاسای پێ دروستناکرێت، بەڵکو رێگری لەدەرچوونی یاسا دەکات.

واتە ئەم مادەیە رێگری لە دەرچوواندنی یاسایەک دەکات کە دژ بێت بە سەوابتی ئیسلام نەک ئەوەی یاسایەک دەربچوێنێ کە سەوابتی ئیسلام بچەسپێنێ. مادەیەکی خۆپارێزە نەک بەرهەمهێنەر.

هەر بە نموونەیەکی سادە، ئەم مادەیە نوێژ و حەج بەکەس ناکات، بەڵکو رێگر دەبێت لە دەرچوواندنی هەر یاسایەک کە رێگر بێت لە حەج و نوێژ، شایەتومان بەکەس ناهێنێت، بەڵکو رێگر دەبێت لە رێگرتن لە شایەتومانهێنانی کەس، لەم حاڵەتەشدا ئەم یاسایە بە جۆرێک لە جۆرەکان پارێزەری ئازادیە، نەک هەڕەشە لەسەر ئازادی. لانیکەمی گەرەنتی بەخشینە بە پاراستنی ئازادییە ئاینییەکان.

پێموایە ئەوەی لە مادەکانی دەستووردا سەبارەت بە رۆڵی ئیسلام هاتووە، مافێکە کە دەبێت بە هێزە ئیسلامییەکان بدرێت، لەوەش زۆر کەمترە کە خۆیان چەندین ساڵە بانگەشەی بۆ دەکەن، رازیبوونیان بەو رێژەیە لە ماف جۆرێکە لە سازان و تێگەیشتنی ئەوان لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی سیاسی کە لە جیهان و لە کۆمەڵگای کوردیشدا هەیە ، ئەگەرنا ئەدەبیاتی سیاسی هێزە ئیسلامییەکان زۆر لەمە زیاتری تێدایە کە ئێستا ئەمان پێی رازی بوون. بەڵام رازیبوونیان بەمە نیشانەی تێگەیشتنیانە بۆ واقیع و گۆڕانکارییەکان ، چما ئەوەشیان پێ رەوا نەبینین؟!

بە تێگەیشتنی من ئەو جۆرە مادانەی وەک مادەی شەش لەڕووی وەرگێڕانیانەوە بۆ یاسا، هەڵگری دەیان و سەدان شرۆڤەی جیاوازن کە بەپێی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ئاینیی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت و لەخودی خۆیاندا مەترسییەکی ئەوتۆ دروست ناکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



هێمن ئەسکەندەر

# با یەکگرتوو بایکۆتی پرۆسەی سیاسی بکات

کات لە 19ی ئاب نزیک دەبێتەوە و گەرمیی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان وەکو گەرمای ئاب زیاد دەکات و تای سیاسی لایەنەکان گەرمتردەبێت. لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت دابەشی دوو بوون و یەکگرتووی ئیسلامییش کە خۆی بە حزبێکی ئیسلامیی میانەڕەو پێناسە کردووە، ئێستا بە کردار نێوانگیریی هەردوو بەرە دەکات (یەکێتی – گۆڕان- کۆمەڵ) کە داوای هەڵبژاردنی سەرۆک لەناو پەرلەمانەوە دەکەن و پارتیش دەیەوێت دووی ساڵی دیکەی سەرۆکایەتی وەکو تەواوکاری بۆ مەسعود بارزانی تازە بکرێتەوە. لە هەردوو بەرەوە باسی سازان دەکرێت و یەکگرتووی ئیسلامییش کە لە پەڕەو و پرۆگرامی کۆنگرەی شەشەمیدا داوای سیستمی پەرلەمانیی کردووە بۆ هەرێم و پرۆژەی پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، دواجار کەوتە نێوانگیریی هەردوو بەرەکە بۆ گەیشتن بە سازان و دەرچوون لەم قەیرانە (سیاسییە – یاساییە)، بێگومان ئەگەر بگەینە 19ی ئاب و چارەسەری ئەم پرسە نەکرێت، دەکەوینە بۆشایی یاسایی نیسبەت بە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم. یەکگرتووی ئیسلامی باش تێگەیشتبوو کە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم پێش ئەوەی پرسێکی یاسایی بێت، بڕیارێکی سیاسی پێویستە و ئەمەش بە سازان دەکرێت بۆیە لە 2015/6/22 بە بەیانێک لە مەکتەبی سیاسییەوە داوای سازانی لایەنەکانی کرد پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئێستا کە ژووری عەمەلیات بە سەرپەرشتی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێکهات بۆ دەرچوون لەم کێشمەکێشە، خۆشبەختانە کۆبوونەوەی یەکەمی کرد و لایەنەکان لەسەر داواکاریی یەکتری وەستان، بەڵام گەشبینییەکان ئەگەر هەشبن زۆر نین، بۆیە ئێستا بەئەمری واقیع کە یەکگرتوو کەوتە نێوانگیریی ئەم دوو بەرەیە، بێگومان دەبێت پرۆژەیەک پێشکەش بکات کە دوو بەرەکە بگەیەنێتەوە یەکتری، چونکە سوڵحکردن و نێوانگیری بێ پرۆژە ناکرێت و بەئەمری واقیع یەکگرتوو بووە ئەو هێزەی کە بەلاداچوونی بۆ هەر لایەنێک باڵانسی هێز لە کوردستان یەکلایی دەکاتەوە. ئەگەر ژوورەکە سەرکەوتوو نەبوو لە گەیشتن بە سازان و لایەنەکان سازانیان نەکرد، ئەوا بەرەی (یەکێتی – گۆڕان- کۆمەڵ) دەگەڕێنەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان و هەوڵی هەمووارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەدەن و دەیانەوێت نیسابی یاسایی دروست بکەن، لەبەرامبەردا پارتی ئەمەی پێ قەبوڵ ناکرێت و ڕەنگە ڕێککەوتنە سیاسییەکانی لەگەڵ لایەنەکان هەڵبوەشێنێتەوە و وڵات بکەوێتە قەیرانێکی سیاسی نەخوازراوەوە و هەر لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و چوون بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە و یان ڕاگەیاندنی باری نائاسایی یان چوون بۆ دادگای تەمییز بۆ دەرچەیەکی یاسایی کە بێگومان لایەنەکەی تریش ئەمەی قەبوڵ نییە، بەکوردی ئەگەرەکانی تێکچوونی دۆخی سیاسیی هەرێم دەبێتە ئەگەرێکی کراوە بۆ هەردوو بەرەکە کە خوانەکردە تاوەکو دوو ئیدارەیی دەڕوات، بۆیە کاری یەکگرتوو لەم نێوەندە واباشە ئەوە بێت کە ئەگەر دۆخی سیاسی کوردستان بەرەو ئەم ڕێڕەوە نەخوازراوە بڕوات، ئەوا یەکگرتوو بایکۆتی حکومەت و پەرلەمان بکات و کاری پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکانی لە حکومەت و پەرلەمان هەڵپەسێرێت و باکۆتی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بکات لەپێناوی تێکنەچوونی پرۆسەی سیاسی، بێ بەریبوونی خۆی ڕابگەیەنێت لە هەر هەوڵێک بۆ تێکدانی کوردستان و گەڕانەوە بۆ دواوە و ساڵانی نەوەتەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ. بەمەش نە نیسابی پەرلەمان تەواو دەبێت و نەپارتیش لەسەر داواکانی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵکو هەردوو لا ناچار دەبن بە دابەزین لە داواکارییەکانیان بۆ گەیشتن بە سازان کە ئەمەش ڕۆحی سازانە.



شیروان شەمێرانی

# یەکگرتوو لەبەردەم هێرشێکی ناڕەوادا

پاش کۆتاییهاتنی یەکەمین دانیشتنی دەسپێکی نێوان نوێنەرانی 5 حیزبەکەی ژووری ئۆپەراسیۆن لە بارەگای (م.س) ی یەکگرتوو، لەسەر شاشەی کەناڵی ڕووداو، ئەبو کاروان و شوان قەڵادزەیی، یەکگرتوویان کردە ئامانج و هێرشی توندی ڕاستەوخۆی ناڕەوایان کردە سەری، بەتایبەت نوێنەری حیزبی شیوعی، قەرەوڵی لە یەکگرتوو گرتبوو، بە بەشێک لە قەیرانەکانی کوردستانی زانی لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا، تا ئاستی دڵخۆشی بە گرفتی ناو یەکگرتوو وەک حیزبێکی کوردستانی، بۆچی؟ چونکە یەکگرتوو ئەوانی بانگهێشت نەکردبوو، بڕیاریان دا، مادام ئەوان بەشداری ناکەن لەو دانیشتنانەدا، ئەوە شکست دێنێت، وەک بڵێی چارەسەر لای ئەوانە، بەهەر حاڵ، من لێرەدا لە مەبەستی وەڵامدانەوەدا نیم، بەڵام دەمەوێت بەرچاوڕوونییەک بدەم بە بەڕێزان (ئەبو- قەڵادزەیی) و ئەوانەش بەچاوی تاریک هەر هەوڵێک دەبینن.

یەکگرتووی ئیسلامی نێوانگیر نییە لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا، دەبێت ئەوە ڕوون بێت لای هەمووان، پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، تەنها پەیوەندی بە (پ د ک) و (ی ن ک)ەوە نییە، بەڵکو یەکگرتووش خۆی بەشێکە لەو پرسە و هەروەک ئەوان خاوەن پشکە، فازڵ میرانی و ڕزگار عەلی هیچیان لە دکتۆر محەممەد زیاتر نییە، یەکگرتوو لە (شعور)ی نیشتمانپەروەرییەوە بڕیاری دا کە هەوڵێک بدات زیاد لە ئاسایی، بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لە قەیرانێک کە هەموو هەست دەکەن بەرەوڕووی دەڕوات، بنەمای ئاشتەوایی یەکێکە لەبنەما پەروەردەییەکانی تاکەکانی یەکگرتوو، قەناعەتیان وایە کە ئاشتی و دۆستایەتی هەمیشە لە ڕق و کینەو دوورەپەرێزی باشترە، خۆشی دەزانێ کە کەسانی عەقڵ بچووکی هەلپەرست، بەخراپ ئەو کۆششەی لێکدەدەنەوە، بەڵام بڕیاری داوە کۆی ئەنجامەکانی بگرێتە ئەستۆ، بەمەرجی پاراستنی دۆخی هەرێمی کوردستان لەو بۆمبەی لە تەقینەوەدایە. بۆیە هەمیشە هەوڵی داوە بەشێک بێت لەچارەسەر، ئەگەرچی لەسەر حسابی حیزبیانەی خۆشی بێت، بەشێک نەبێت لە کێشە وەک (ئەبو) گوتی. زۆرجار لەو جۆرە هەڵوێستانەدا، موغرەیاتی خراوەتە بەردەم، بەڵام ئەو هەرگیز هەڵوێستی خۆی نەفرۆشتووە، چونکە ناخی ئازادە، هەرگیز وەک کەسانێک ویژدانی خۆی وەک کاڵایەک لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ویژدانەکاندا نمایش ناکات، چونکە ئەوە ئەنجامەکەی کۆیلایەتییە.

نەشیاوە و دوورە لە گشت سەلیقەیەکی سیاسی و مرۆییەوە حیزبێک بکەیتە ئامانج و (شەماتە) بە هەندێ جیاوازیی ناوخۆی بکەیت، (ئەبو کاروان)م مەبەستە، کە دەبووایە بیزانیایە یەکگرتوو لەلایەن پارتیەوە بۆ ماوەی 20 ساڵە بەخێوناکرێت وەک کۆلکە حیزبەکان. سەنگەرگرتن لە یەکگرتوو لە شتێکدا کە هیچ بەرژەوەندییەکی حیزبی ڕاستەوخۆی تیادا نییە بێ ئینسافییە.

پێوەرێکی لار هەیە لە کوردستاندا، ئەویش ئەوەیە کە بەهۆی ململانێی حیزبییەوە پێوەرە نەتەوەییەکان شێواون، لەڕوانگەی بەرژەوەندیی حیزبی و پەیوەندیی سیاسی ناوخۆی کوردستانەوە، دەیانەوێت قورسایی نەتەوەیی لایەنێکی تر بپێون، دەمەوێت بڵێم کە: دژایەتیکردنی (پ د ک) یان دۆستایەتیکردنی پێوەری نیشتمانپەروەری نییە، ئاستی پەیوەندی لەگەڵ (ی ن ک) دا، پێوەری نیشتمانپەروەری یان ناپاکی بەرامبەر نیشتمان نییە، کوردستان لە هەموویان گەورەترە، هەریەک لەوان بەشێکن لە کوردستان و لەڕێگای هەڵبژاردنی دوور لە ساختەوە قەبارەی ئاسایی خۆیان دەزانن، یەکگرتووش بە هەمان شێوە، پێوەری نیشتمانپەروەری لە هەڵوێستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک ئایا تۆ دۆستی پارتیت یان دۆستی یەکێتی؟ ئەوە عەقڵێکی سەلەفی توندڕەوە کە خزاوەتە ناو هەندێ حیزبی کوردی و خۆی دەکاتە پێوەر و لە ڕوانگەی خۆیەوە کارتی پاکی و ناپاکی دابەش دەکات بەسەر ئەوانی تردا. ئەوە دەخوازێت کە ڕۆشنبیران بەدوور لەهەر باکگراوندێکی سیاسی- حیزبی، ئەو پێوەر و پێوانانە ڕاست بکەنەوە، تەنها نیشتمان هەڵوێستی پێ دەپێورێت، نەک هەر حیزبێک ئەگەر مێژووی دامەزراندنیشی بگەڕێتەوە بۆ باوکە ئادەم و بە درێژایی تەمەنی نوح پێغەمبەر خەباتی هەبێت. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، یەکگرتوو وەک حیزبەکانی تر گیرۆدەی هاوپەیمانیی نێوان یەکێتی و پارتی بوو، ئەوان بەهەردووکیانەوە لەیەک بەرەدا بوون، یەکگرتوو لەو بەرەیەدا نەبوو، ئەی بۆ ئێستا یەکگرتوو هەڵوێستەیەک بکات، یان ڕای یەکێک لەو دوو حیزبەی بەدڵ بێت لە هێڵی نیشتمانپەروەری لادەدات؟ خۆ ئەوان شەڕیشیان بۆ یەک دەکرد؟ باجیشیان لە پێناو یەکتردا دەدا. عەقڵی کوردی هێشتا پێگەی سیاسیی خۆی لە تاوانبارکردنی ئەوانی تردا دەبینێتەوە، بۆ دۆزینەوەی شوێنپێیەک بتوانێ لەسەری ڕابوەستێ، پەنا بۆ ناشرینکردن دەبات، لەجیهانی فکری ئاینییدا یەکەم هەنگاو سەلەفیەتی هەر ئاینێک بە خۆگەورەکردن و فیز بەسەر ئەوانی ترەوە دەستپێدەکات وەک بڵێی خوا سیفەتی خۆبەزلزانی و چواردەوردانی ئەوانی تر بە لادانی تایبەت بۆ حەڵاڵ کردبن. سیاسییە دۆگماکانیش هەروا دەکەن، قەیرانەکە لە عەقڵەکاندایە زیاتر لەوەی لە واقیعدا بێت.

بۆیە لێرەدا، سێ خاڵ بەهەموو لایەنەکان دەڵێم:

1- تەنها بۆ نیشتمان کاربکەن، ئەوەی ئەمڕۆ بە بەرژەوەندیی حیزبی نابینن، دەکرێت لەخولەکانی داهاتوودا بەرژەوەندییە حیزبییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی میللەتدا یەک بگرنەوە.

2- لە مێژوو وەرنە دەرەوە، مێژووی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، پڕە لە لاپەڕەی ڕەش، دانایی وا دەخوازێت کە ئەو خاڵە ڕەشانە عەقڵ و ئیرادەکان لێی ڕزگار بن و لە لاشعوردا خۆی حەشار نەدات، چونکە دەبێتە مایەی کاولکردنی ئێستا و داهاتووش، بۆیە لە مێژوو بێنە دەرەوەو لە ئێستادا بژین و هەوڵی ئاسۆی ڕوون نەخشاندن بۆ کوردستان بدەن.

3 - میحوەرچێتی مەکەن، پەیوەندی هەرێمایەتی وا نەکات کوردستان بەلایەکدا رابکێشێت، با تەنها چاوەکان لەناو کوردستاندا ببینن و عەقڵەکان لە سنوورە شاخاوییە جوانەکەی کوردستاندا بیربکەنەوە، میحوەرچێتی دەستی دەرەکی دەهێنێتە ناو کوردستان و بڕیارەکانی لەباردەبات.



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# قەندیل ئەنقەرەی پێ ناهەژێت

ئەو هێرشەی چەند ڕۆژی ڕابردوو فڕۆکە تورکییەکان بەبیانووی لێدانی پەکەکە کردیانە سەر خەڵکی باشووری کوردستان، پرسیارێکی گرنگی وروژاند: قەندیل ئەنقەرەی پێ دەهەژێت؟ بێگومان نا. کەواتە بۆچی نابەجێیە ئەگەر خەڵکی باشووری کوردستان داوا لە پەکەکە بکەن قەندیل بەجێبهێڵێت؟

ڕێککەوتنی ئەمدواییەی نێوان ئەنقەرە و واشنتن، بە بەشداریی هەولێریش، گرنگ و پێویست بوو بۆ خێراترکردنی شکستپێهێنانی داعش. هۆیەکەشی ڕوون بوو: ئەمریکا لە دوو ڕووەوە پێویستی بە تورکیا بوو. یەکەم، بۆئەوەی هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر پێگەکانی داعش، بە بەکارهێنانی بنکەی ئینجەرلیک خێراتر بکات. دووەم، تاوەکو چیدیکە داعش لەڕێگەی سنوورەکانی تورکیاوە هەناسە نەدات. تورکیاش لە دوو ڕووەوە پێویستی بە ئەمریکا بوو. یەکەم، بۆئەوەی سنوورێک بۆ هاریکاریی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەسەندووی نێوان ئەمریکییەکان و پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان دابنێت. دووەم، بۆئەوەی ئەگەر بەفەرمیش نەبێت گڵۆپی سەوز بە ئەمریکا هەڵبکات بۆ دروستکردنی هەرێمێکی پارێزراوی دیفاکتۆ لە نێو سووریا، تاوەکو ئۆپۆزیسیۆنی خەوتوو و لە ئیستەنبوڵ و عەنتاب دابەستەی سووریی تێدا کۆبکاتەوە. ئەو ڕێککەوتنە پاش هاتنی وەزیری بەرگریی ئەمریکا بۆ هەولێر و بەدوایدا بۆ ئەنقەرە دوایین خاڵەکانی بۆ خرایە سەر پیتەکان، بۆیەش داعش کردەوەکەی پەرسووسی ئەنجامدا.

لەو نێوانەدا پەکەکە کەوتە هەڵەی ستراتیژییەوە، چونکە لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی تۆڵەی دەوڵەتی تورکیا لە دۆستی جارانی (واتە داعش) بێت، بە کوشتنی پۆلیسی تورکی لە خەودا و هەندێک کردەوەی دیکە، بیانووی دایە دەست ئەو دەوڵەتە تاوەکو هاوتەریب لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکان لەدژی داعش هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی پەکەکە و هاووڵاتیانی سڤیل لە باشووری کوردستان. هەرچەندە لە لێدوانی فەرمیی ئەمریکییەکاندا دەردەکەوێت کە ئەوان ڕۆڵیان نییە لەو هێرشانەی دەکرێنە سەر پەکەکە، بەڵام لە تەرازووی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکادا پەلکێشکردنی تورکیا بۆ بەرەی دژی داعش زۆر گرنگترە لە وەدەنگهاتن لەسەر پەکەکە. بەتایبەتیش پەکەکەیەک کە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەیە، بەڵام سەرکردایەتییەکەی چەندین فرسەخ لەدووری سنووری تورکیا و لە ناوچەیەکی هاوسنوور لەگەڵ ئێرانە.

پەکەکە لە ساڵی 1984ەوە خەباتی چەکداری دەکات. لە کۆتایی نەوەتەکانەوە ڕێبەرەکەی زیندانیکراوە و لە تورکیایە. لەدوای گیرانی ئۆجەلان قۆناخی ئاگربەستی درێژخایەن و متبوونی ئەو حیزبە لە قەندیل دەستپێکرد. بەدرێژایی ساڵانی خەباتی چەکداری، پەکەکە نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی لە باکووری کوردستان بۆ خەڵکی ئەوێ هەبێت. بەپێچەوانەوە کوردی ئەوێی کردە پاروویەکی چەور بۆ ژینۆسایید و کۆمەڵکوژکردن. قۆناخی زێڕینی دەستکەوتداریی خەباتی پەکەکە ئەوکاتە دەستپێدەکات کە سوود لە کرانەوە لە تورکیا وەردەگرێت و بە بەشداری لە ژیانی سیاسیدا، لەڕێگەی پارتە سیاسییەکانییەوە دەنگی دەگاتە نێو تورکیا و دەرەوەی تورکیا. لەو پرۆسەیەشدا بێگومان بەڕێز ئۆجەلان، نەک سەرکردایەتیی سەربازیی قەندیل، ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە.

ئەوەی ئێستا بەزمانی ئاگر و ئاسن لەنێوان قەندیل و ئەنقەرە ڕوودەدات، لەباربردنی ئەو هەوڵانەیە کە ئۆجەلان و لەیلا زانا و بایدەمیر و ئەحمەد تورک و دەمیرتاش و ئەوانی دیکە لە نێوەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە تورکیا دایان. ئەمەش بەمانای گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی ژینۆساید. بۆیە نابێ خەڵکی باکووری کوردستان قبوڵ بکەن بەهۆی هەڵەکانی قەندیلەوە پرۆسەی ئاشتی بەرەو دواوە بگەڕێتەوە. نابێ خەڵکی باشووری کوردستانیش بە هاوسۆزیی کوێرانە لەگەڵ بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی کلاسیکی، پشتیوانی لە سفرکردنەوەی هەوڵەکانی ئۆجەلان و هاوەڵەکانی بکەن.

ئەگەر کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەیانەوێ ئەنقەرە بۆ مافی نەتەوەکەیان بهەژێنن، دەبێ بزانن ئەنقەرە لە قەندیلەوە ناهەژێت، بەڵکو بە هاندانی پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر خەباتی سیاسیی مەدەنی دەهەژێت. ئەوەی سەرکردایەتیی کوردستانیش لە قەندیل داوای دەکات، داوایەکی ڕەوایە: مادام دەزانن ناتوانن لە قەندیلەوە ئەنقەرە بهەژێنن، لێگەڕێن ئەوانە بیکەن کە دەتوانن.



بێستون عوسمان

bestoon.othman@rudaw.net

# تورکیا لە نێوان تاوان و سزادا

ڕۆژی 2015/8/1 سوپای تورکیا 10 هاووڵاتی مەدەنیی کوردی شەهید کرد. ئەمە بەپێی هەموو پێوەرەکان تاوانە و هەموو تاوانێکیش دەبێت بەپێی یاسا سزایەکی هەبێت.

کوشتنی خەڵکی مەدەنی بە هەرچی پاساوێک بێت، تاوانە دژی مرۆڤایەتی. هەوڵدان بۆ شاردنەوە یان ڕەواییدان بەو تاوانەش بەشداریکردنە لە تاوانەکەدا.

ئەوەی تورکیا کردی، برینی سەت ساڵەی کولاندەوە، برینێک کە خەریک بوو قەتماغەی دەبەست. بەڵام ئەو بۆمبانە بە خوێنی 10 شەهید برینەکەیان خەڵتانی خوێن کردەوە. پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا لەسەر ئاستی گەل گەڕایەوە بۆ 15 ساڵ پێش ئێستا.

کەس چاو لەو تاوانە نەنوقێنێ و هەوڵ نەدات بیکاتە ملی کەسێکی دیکە. کەسیش ئەو تووڕەییەی خەڵکی کوردستان بەکەم نەزانێت و پشتگوێی نەخات.

من لەسەرەتاوە پێمابووە کە تورکیا وڵاتێکی گرنگە بۆ کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵی هەنگاوێکی ژیرانەیە، بەڵام ئەمە نابێت لەسەر حسابی خوێنی مرۆڤی کورد بێت. ئەو پەیوەندییە دەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەرامبەر بێت.

لە دیپلۆماسییەتدا ڕووگرژکردنیش هێندەی زەردەخەنە کاریگەر و پێویستە.

با نموونەی خودی تورکیاتان بۆ بهێنمەوە، کاتێک ئیسرائیل هێرشی کردە سەر کەشتییەکی تورکی و چەند هاووڵاتییەکی تورکی کوشت، تورکیا هەستایە سەر پێ و سەرجەم کەناڵە دیپلۆماتییەکانی بەگەڕخست دژی ئیسرائیل هەتا سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەی ناچارکرد بەفەرمی داوای لێبووردن بکات. خۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل ڕوون و ئاشکرایە، هیچ دوو وڵاتێکی دیکە نییە لە ناوچەکە هێندە پەیوەندی و بەرژەوەندیی هاوبەشی هەبێت. تەنانەت کە تورکیا هەڕەشەی ڕاگرتنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەکرد، سوپای هەردوو وڵات بەردەوام بوون لەسەر هەماهەنگی. بەڵام حکومەتی تورکیا ئەرکی سیاسیی خۆی دەزانی و زۆر بەباشی بەو ئەرکەی خۆی هەڵدەستا.

پێویستە کوردستانیش هەمان بوێری پێشان بدات و لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا هەتا دوا هەناسە بەدوای مافی هاووڵاتیانیدا بڕوات.

کەسیش ناتوانێ لۆمەت بکات کاتێک خەڵکی مەدەنیت کوژرابێت و لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا بەدوای مافیاندا بڕۆیت.

پێویستە فێرببین بۆ مافی خۆمان خەباتی مەدەنیانە بەڕێوەبەرین. دروستکردنی فشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر تورکیا، پێگەو هێزمان دەداتێ بۆ پاراستنی خاک و شەرەفمان. دابەشبوون و تاوانبارکردنی یەکتریش، بێشکۆمان دەکات بەرامبەر بە مێژوو.

پێش هەموو کەسێک ئەمە ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردە کە هەڵوێستێکی توند پێشان بدات و سەرجەم کەناڵە دیپلۆماتیکەکان بخاتەگەڕ بۆ سەندنی مافی ئەو قوربانیانە و ناچارکردنی تورکیا بۆ پۆزشهێنانەوە. دواتریش ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارێزەرانی بوێرە کە دەستپێشخەرییەک بکەن بۆ خستنەگەڕی ناوەندە جیهانییەکان لەپێناوی گەڕاندنەوەی ماف بۆ غەدرلێکراوان.

ئاسۆ

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## رووداو هەناسەی
## لە دلبخوین دارا بڕیوە

« 12

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین**: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





